# ڕێبەری کێڵگە نەوتییەکان

## لە هەرێمی کوردستان

دامەزراوەی میدیایی درەو



# ڕێبەری کێڵگە نەوتییەکان

## لە هەرێمی کوردستان

دامەزراوەی میدیایی درەو

چاپی یەکەم

2025

ڕێبەری کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان

ئامادەکردنی: دامەزراوەی میدیایی درەو

تیراژ: (500) دانە

چاپ: چاپی یەکەم – 2025

شوێنی چاپ: چاپخانەی پاندا – سلێمانی

ژمارەی سپاردنی (                    )ی ساڵی 2024ی پێدراوە

ئەم کتێبە (ڕێبەری کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان) لەلایەن (دامەزراوەی میدیایی درەو)ەوە ئامادەکراوە، بە پشتیوانی سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)چاپ و بڵاودەکرێتەوە.

© مافی ئەم بەرهەمە بۆ دامەزراوەی میدیایی درەو پارێزراوە

# دامەزراوەی میدیایی درەو

دامەزراوەیەکی میدیایی ئەهلی ئازادە، پێکدێت لە سایتی درەو، بەشی سازدانی دیبەیت،بەشی ئامارو راپرسی، هاوکات رێکلام و راوێژکاری بواری هەڵبژاردن، ئەم دامەزراوەیە هەوڵێکە بۆ مۆدێلێکی نوێی کاری میدیایی و راگەیاندنی ئەهلیی و ئازاد.

ئامانجەکانی دامەزراوەکە؛

1. بەرجەستەکردنی مۆدیلێکی نوێی کاری میدیایی ئەهلیی و سەربەخۆو ئازاد.
2. بەرەوپێشبردنی بنەماکانی دیموکراسییەت بە مەبەستی پێشکەشکردنی کاری رۆژنامەوانی بابەتیانە و سەربەخۆ و پیشەیی، لە پێناو دروستکردنی گوتاری عەقڵانی و دۆزینەوەی رایەڵەی هاوبەشیکردنی کار بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتەوایی و بەیەکەوەژیانی ئاینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی .
3. چاودێریکردنی پرۆسەی سیاسیی و حوکمڕانیی وەك ئەرکێکی بنەمایی دەسەڵاتی میدیا.

National Endowment for Democracy

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لە هەموو جیهاندا، کە لە لایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆ دیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دوو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی (1983) دا، پێشەنگە لە تێکۆشانی دیموکراتییدا لە شوێنە جیاوازەکانداو گەشەیکردووە بۆ دامەزراوەیەکی فرە رەهەندو ئاراستەو بووەتە چەق بۆ چالاکی و ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوان و توێژەرانی بواری دیموکراتی لە جیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، دەبێت لە ڕێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتە دی، بەها دیموکراتییەکان لە ڕێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بە دیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات بە دووبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بە گوێرەی پێویستییەکان و داب‌ونەریت و کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشە دەکات.

# پێڕست


پێشەکی ........................................................................ 11
ڕێبەری کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان ....................... 13
خورمەڵە.. شادەماری نەوتی کوردستان...................................... 49
تاوکێ.. دووەم گەورەترین کێڵگەی نەوتی هەرێمی کوردستان ....... 65
کۆرمۆر.. سەرچاوەی غازی کوردستان ....................................... 77
تەقتەق.. "شامپانیای رەش" ................................................ 103
سەرسەنگ.. چیرۆکی غازێکی بەفیڕۆچوو................................. 117
نەوتی "ئەتروش" و وەزارەتی "ئەتروشیی" ............................ 125
شێخان.. نەوتە قورسەکەی دهۆك ........................................ 135
هەولێر.. هەڵکشان و داکشانی نەوت...................................... 143
ئێسفنێ.. نەوتی جێناکۆك................................................... 151
سارتە.. هەمان چارەنوسی تەقتەق......................................... 161
چیاسورخ.. یەکەم بیری نەوت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا........... 173
کوردەمیر.. خەونی غازو ناردنی کارەبا بۆ عێراق ...................... 183
گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان ............................. 193
پاشکۆکان.......................................................................... 211

## پێشەکی

هەرێمی کوردستان وەك ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی (نەوت و غاز) لەسەر ئاستی جیهان دەناسرێت، بەپێی داتای فەرمی وەزارەتی سامانەسروشتییەکان هەرێمی کوردستان خاوەنی (45 ملیار) بەرمیل نەوت و (200 ترلیۆن) پێ سێجا غازە.

بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان دابەشبوون بەسەر (57) کێڵگەو لەسەرەتاوە  زیاتر لە (40) کۆمپانیا کاریان تێدا دەکرد، بەڵام لە ئێستادا بەشێکی زۆر لە کۆمپانیا بە ناوبانگەکانی دنیا، کە گرێبەستیان هەبوو لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کێڵگەکانیان جێهێشت و پشکەکانیان فرۆشتووەوەتەوە، دوای هەوڵێکی زۆر لە گەڕان و پشکنین تەنها توانرا لە (14) کێڵگەدا نەوت بەرهەم بهێنرێت، بەڵام لەدوای ڕاگرتنی هەناردەی نەوتەوە لە ساڵی (2023)، چەند کێڵگەیەکی وەک (تەق تەق، سارتە، باشیک و چیاسورخ) ڕاوەستان لە بەرهەمهێنان.

لە چوارچێوەی گرنگیدانی (دامەزراوەی میدیایی درەو) بە پرسی نەوتی هەرێمی کوردستان، کتێبی (ڕێبەری کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان) چوارەم بەرهەمی چاپکراوی (دامەزراوەی میدیایی درەو)ە لە پاڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و راپۆرتی شیکاری و گفتوگۆ و سمیناری تایبەتی درەو بە بواری نەوت.

بۆ بە پایان گەیاندنی ئەم بەرهەمە گەڕان و بەدواداچوونی زۆرکراوە، بۆ ئەوەی زانیاری وورد و درووست بخرێتەڕوو، سەرباری ئەوەی چ حکومەتی هەرێم و چ کۆمپانیاکانی بواری نەوت کەمترین زانیاری لەوبوارەوە دەخەنەروو، تەنانەت کێڵگەی نەوتی گرنگ هەیە کە هیچ زانیارییەک لە بارەیەوە بەردەست نیە.

## ڕێبەری کێڵگە نەوتییەکان لە هەرێمی کوردستان

- هەرێمی کوردستان دابەشکراوە بۆ (57) بلۆکی گەڕان و پشکنین بۆ وەبەرهێنانی نەوت و گاز، کە دابەشبوون بەسەر پارێزگاکانی (پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی (21%)، پارێزگای سلێمانی بەڕێژەی (21%)، پارێزگای دهۆک بە سنوری پارێزگای موسڵ یشەوە (32%) و سنوری ناوچەی گەرمیان بە بلۆکەکانی سنوری ناوچە جێناکۆکەکانیشەوە (26%)) بلۆکانی بەردەکەوێت.

- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە (56) بلۆکیاندا گرێبەستی لەگەڵ نزیکەی (40) کۆمپانیای بیانی کرد، لە سەرجەم بلۆکەکاندا پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە (20% - 25%) تێپەڕ ناکات.

- لە هەرێمی کوردستاندا تەنها (14) بلۆکی نەوتی گەیشتنە قۆناغی بەرهەمهێنان. کە (11) بلۆکیان دەکەونە پارێزگای هەلێرو موسڵەوە و ڕێژەی (92.7%) هەموو بەرهەمی نەوتی هەرێم پێک دەهێنن.

### یەکەم: دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

هەرێمی کوردستان دابەشکراوە بۆ (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و گاز) کە (17) بلۆکیان کەوتووەتە سنوری ناوچە جێناکۆکەکانەوە (بەڵام لە سنوری دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدان)، بە شێوەیەکی گشتی ئەو بلۆکانە بەسەر ناوچەو پارێزگاکانی هەرێمدا دابەشبوون بەجۆرێک

(پارێزگای هەولێر (12) بلۆک، پارێزگای سلێمانی (12) بلۆک، پارێزگای دهۆک بە سنوری پارێزگای موسڵ یشەوە (18) بلۆک و سنوری ناوچەی گەرمیان (15) بلۆک)ن. (بڕوانە چارتی ژمارە (1) و نەخشەی ژمارە (1))

چارتی ژمارە (1)
دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتییەکانی
هەرێمی کوردستان



# نەخشەی ژمارە (1)



## یەکەم: وردەکاری دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە نەوتییەکان

1. بلۆکی تاوکێ: لە پارێزگای دهۆک، دەکەویتە قەزای زاخۆوەو بەگشتی ڕۆژهەڵاتی قەزاکە دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (594) کیلۆمەتر دووجایەو بەپێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

2. بلۆکی سەنتەری دهۆك: باکوری شاری دهۆك و ناوەڕاستی پارێزگاکە دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (600) کیلۆمەتر دووجایە.

3. بلۆکی سلێڤانی: لە پارێزگای دهۆک، خواروی قەزای زاخۆ تا سەر دەریاچەی موسڵ دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (700) کیلۆمەتر دووجایە.

4. بلۆکی سندی- ئامێدی: لە پارێزگای دهۆک، ئەم بلۆکە قەزای ئامێدی و دەشتی سندی و باکەری قەزای زاخۆ دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (2358) کیلۆمەتر دووجایە.

5. بلۆکی سەرسەنگ: لە پارێزگای دهۆک، ناحیەی سەرسەنگ و سوارەتوکەو باکوری خۆرهەڵاتی دهۆك دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (1085) کیلۆمەتر دووجایەو پێشبینی بڕی (2) ملیار یەدەگی نەوتی دەکرێت لەم بلۆکەدا.

6. بلۆکی بیر بەهر: لە پارێزگای دهۆک، باکوری شاری دهۆك دەگرێتەوە ڕووبەری (350) کیلۆمەتر دووجایە و بە پێی ڕاپۆرتی و گوڵف کیستۆن بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

7. بلۆکی شێخ ئادی: لە پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری دهۆك و باکوری شێخان و ڕووبەری (180) کیلۆمەتر دووجا دەگرێتەوە بڕی (1.9) ملیار بەرمیل نەوتی یە دەگی تێدایە.

8. بلۆکی دهۆك: قەزای مەرکەزی دهۆك و باشوری شاری دهۆك و قەزای سمێل دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (162) کیلۆمەتر دووجایە. بڕی (2.2) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

9. بلۆکی ئەلقوش: لە پارێزگای دهۆک، دەکەوێتە خوارووی شاری دهۆك و ڕووبەرەکەی (331) کیلۆمەتر دووجایە.

10. بلۆکی ئەتروش: لە پارێزگای دهۆک، ناحیەی ئەتروش لە پارێزگای دهۆك دەگرێتەوە و ڕووبەری (269) کیلۆمەتر دووجایە و بڕی (3) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە.

11. بلۆکی شێخان: لە پارێزگای دهۆک، قەزای شێخان دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (283) کیلۆمەتر دووجایەو یەدەگی نەوتی شێخان بە نزیکەی (10.5) ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت.

12. بلۆکی عەین سەفنی: ناوچەی عەین سەفنی لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەگرێتەوە و ڕووبەری (840) کیلۆمەتر دووجایە بڕی یەك ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

13. بلۆکی دینارتە: لە پارێزگای دهۆک، ناوچەی میرگەسورو بارزان و سەرووی ئاکرێ و شیلادزێ دەگرێتەوە و (1139) کیلۆمەتر دووجایە.

14. بلۆکی ئاکرێ بجیل: لە پارێزگای دهۆک، قەزای ئاکرێ و ناحیەی بجیل تا دەربەندی بێخمە دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (889) کیلۆمەتر دووجایەو بڕی زیاتر لە یەک ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

15. بلۆکی ڕۆڤیا: لە پارێزگای دهۆک، سەروی قەزای بەردەڕەش و خواروی ئاکرێ دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (517) کیلۆمەتر دووجایە و بەپێی زانیارییەکان بڕی (1) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

16. بلۆکی سارتا: لە پارێزگای هەولێر، دەکەوێتە ڕۆژاوای ناحیەی مەسیف و خواروی ئاکرێ و ڕووبەرەکەی (607) کیلۆمەتر دووجایە و بڕی (1) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

17. بلۆکی بەردەڕەش: لە پارێزگای دهۆک، قەزای بەردەڕەش دەگرێتەوە و ڕووبەری (265) کیلۆمەتر دووجایەو بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیت گروپ بڕی (1.5) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

18. بلۆکی باشیك: شارۆچکەی باشیك لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ دەگرێتەوە ڕووبەری (350) کیلۆمەتر دووجایە.

19. بلۆکی ئەربیل: دەکەوێتە باکوری خۆراوای هەولێرو ناوچەی بەستۆرەوە و ڕووبەری (313) کیلۆ مەتر دووجایە پێشبینی یەدەگی (1) ملیار بەرمیل دەکرێت.

20. بلۆکی هەولێر دەمیر داغ: شاری هەولێرو دەشتی هەولێر و ڕێگای مەخموور و ناحیەی کەڵەك دەگرێتەوە و ڕووبەری (1531) کیلۆمەتر دووجایە.

21. بلۆکی هەریر: لە پارێزگای هەولێر، ناحیەی هەریر و باکوری شەقڵاوە تا سۆران دەگرێتەوەو ڕووبەری (700) کیلۆمەترە، پێشبینی دەکرێت نزیك ملیارێك بەرمیل نەوتی تێدا بێت.

22. بلۆکی پیرمام: لە پارێزگای هەولێر، سەنتەری ناحیەی پیرمام و سەری ڕەش و سەربەن دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (180) کیلۆمەترە.

23. بلۆکی بێتواتە: لەپارێزگای سلێمانی، لە شارۆچکەی حاجیاواوە دەست پێدەکات و تا دەگاتە شارۆچکەی بێتواتە و بالیسان و ناوچەی خۆشناوەتی و ڕووبەرەکەی (650) کیلۆمەتر دوجایە.

24. چۆمان: لە پارێزگای هەولێرەوە، سەرەتا درا بە کۆمپانیای تورکش ئینێرجی، بەڵام دواتر کۆمپانیاکە لەو بلۆکە کشایەوە.

25. هندرێن: لە پارێزگای هەولێر، بە هەمان شێوەی بلۆکی چۆمان درا بە کۆمپانیای تورکش ئینێرجی، بەڵام دواتر کۆمپانیاکە لەم بلۆکەش کشایەوە.

26. بلۆکی شەکرۆك: لەپارێزگای سلێمانی، لە ناحیەی خدرانی دوکانەوە دەست پێدەکات نا نزیك شەقڵاوە ڕووبەرەکەی (418) کیلۆمەتر دووجایە.

27. بلۆکی سەفین: لە پارێزگای هەولێر، لە سەر چیای سەفینەوە تا هیزۆپ دەگرێتەوە ڕووبەری نزیکەی (500) کیلۆمەتر دووجایە.

28. بلۆکی بنە باوێ: لە پارێزگای هەولێر، لە دەربەندی گۆمەسپانەوە تا ناوچەی هیران و نازەنین دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (240) کیلۆمەتر دووجایە و زیاتر لە ملیارێك بەرمیل نەوتی تێدایە.

29. بلۆکی شۆڕش: لە پارێزگای هەولێر، باکوری خۆرهەڵاتی هەولێرو ناحیەی دێگەڵە تا دەربەندی گۆمەسپان دەگرێتەوە و ڕووبەری (526) کیلۆمەتر دووجایە.

30. بلۆکی مەلا ئۆمەر: لە پارێزگای هەولێر، دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی هەولێرەوە و ڕووبەرەکەی (285) کیلۆمەتر دووجایە پێشبینی یەدەگی (500) ملیۆن بەرمیل نەوت دەکرێت لەم بلۆکەدا.

31. بلۆکی قوشتەپە: لە پارێزگای هەولێر، لە قوشتەپەی خوارووی هەولێرەوە دەست پێدەکات تا دوبزو پردێ و ڕووبەرەکەی نزیکەی (1180) کیلۆمەتر دووجایە.

32. بلۆکی قەڵادزێ: لەپارێزگای سلێمانی، سەرجەم قەزای قەڵادزێ و بەری مەرگەو دەریاچەی دوکان و ڕانیە دەگرێتەوە نزیکەی (2000) کیلۆمەتر دووجایە.

33. بلۆکی خەلەکان: لەپارێزگای سلێمانی، شارۆچکەی خەلەکان و چیای هەیبەت سوڵتان و بە شێك لە دەشتی کۆیە تا سەر زێ ی بچوك دەگرێتەوە و ڕووبەری (624) کیلۆ مەتر دووجایە بڕی (2.450) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

34. بلۆکی تەق تەق (کێوە چەرمەڵە ):دەکەوێتە قەزای کۆیەو ناحیەی تەق تەق و ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵەوە،

بڕی زیاتر له یەك ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە، ڕووبەرەکەی (951) کیلۆمەتر دووجایە وبەپێی زانیارییەکان بڕی (1.5) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

35. بلۆکی پیرەمەگرون: لەپارێزگای سلێمانی، ڕۆژهەڵاتی ڕێگای دووکان –سلێمانی و بناری چیای پیرە مەگرون تادەگاتە شارۆچکەی دوکان دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی زیاتر له (730) کیلۆمەتر دووجایە .

36. بلۆکی میران: لەپارێزگای سلێمانی، لەتاسلوجەوە دەست پێدەکات ڕۆژئاوای ڕێگای دووکان –سلێمانی و بە شێك له ناحیەی ئاغجەلەرو شارۆچکەی بازیان و سەیرانگای چەمی ڕەزان دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (1015) کیلۆمەتر دووجایە و دوو کێڵگەی گەورەی تێدایە میران ڕۆژهەڵات بڕی (1.637) ملیار بەرمیل نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە و میران ڕۆژئاوا بڕی (4.808) ملیار نەوتی تێدایە.

37. بلۆکی بازیان: لەپارێزگای سلێمانی، چیای سەگرمەو خۆراوای حەوزی بازیان و شارۆچکەی تەکێ و بە شێك له ناحیەی ئاغجەلەری قەزای چەمچەماڵ دەگرێتەوە ڕووبەری (473) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی نەوتی یەدەگی (1.178) ملیار بەرمیلە.

38. بلۆکی باکوری سەنگاو: له ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە باکوری ناحیەی سەنگاو له قەزای چەمچەماڵ، ڕووبەری (492) کیلۆ مەتر دووجا دەگرێتەوە و بەپێ ی زانیارییەکان بڕی (6.163) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

39. بلۆکی تۆپخانە: لە ناوچەی گەرمیان، ڕۆژهەڵاتی ناحیەی قادرکەرەم و ناوچەی جەباری دەگرێتەوە و ڕووبەری (945) کیلۆ مەتر دووجایە، بەپێی زانیارییەکان بڕی (4) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە سەرەڕای بڕێکی زۆری گاز.

40. بلۆکی تازە: لە ناوچەی گەرمیان، بەشێك لە سنووری ناحیەی نەوجول و خۆرئاوای ناحیەی قادرکەرەم دەگرێتەوە، ڕووبەرەکەی (700) کیلۆمەتر دووجایە، پێشبینی بڕی (3) ملیار یەدەگی نەوت و بڕێکی زۆر گاز دەکرێت.

41. بلۆکی پەڵکانە: لە ناوچەی گەرمیان، قەزای دووزخورماتو ناحیەی جەبارە و ڕۆژهەڵاتی ئەو قەزایە دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (529) کیلۆ مەتر دووجایە، بڕی (1.58) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

42. پێنجوێن: لەپارێزگای سلێمانی، ناوەندی لە ناوەندی شاری پێنجوێنەوە درێژدەبێتەوە تا سنوری وڵاتی ئێران و جێگەی ئاماژەیە تا ئێستا هیچ وەبەرهێنانێک لەم بلۆکەدا نەکراوە.

43. بلۆکی ڕۆژهەڵاتی عەربەت: لەپارێزگای سلێمانی، ناوچەی سیوەیل و بەرزنجەو بە شێك لە شارەزوورو تا ناحیەی ناڵپارێز لە قە زای پێنجوێن دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (700) کیلۆمەتر دووجایە.

44. بلۆکی عەربەت: شاری سلێمانی و شاخی گۆیژەو ئەزمڕو ناحیەی عەربەت تا هەڵەبجەی تازە دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (974) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی (1.177) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

45. بلۆکی بەرانان: لەپارێزگای سلێمانی، باشوری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانی و چیای بەرانان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەریاچەی دەربەندیخان و ڕووبەرەکەی (722) کیلۆمەتر دووجایە.

46. بلۆکی قەرەداغ: لەپارێزگای سلێمانی، ناوچەی قەرەداغ و خۆرهەڵاتی چیای سەگرمە و ڕۆژ ئاوای ڕووباری سیروان دەگرێتەوە تا دەگاتە دەربەندیخان و ڕووبەری ئەم بلۆکە (846) کیلۆمەتر دووجایە، بە پێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (4.896) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە.

47. بلۆکی باشوری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، سەنتەری ناحیەی سەنگاو و دەوروبەری دەگرێتەوە و ڕووبەری (846) کیلۆ مەتر دووجایە پێشبینی یەدەگی (2) ملیار بەرمیل نەوت دەکرێت و بڕی یەك تریلیۆن مەتر سێجا گازی سروشتی تێدایە.

48. بلۆکی کوردەمیر: لە ناوچەی گەرمیان، خوارووی ناحیەی سەنگاو و باکوری قەزای کەلار دەگرێتەوە و تا سەر ڕووباری سیروان و ڕووبەرەکەی (620) کیلۆمەتر دووجایە وبڕی (5.129) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە.

49. بلۆکی گەرمیان: باکوری قەزای کەلارو ناحیەکانی باوەنورو سەرقەڵاو شێخ تەویل دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی (2120) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی زیاتر لە (4) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

50. بلۆکی شاکەل: لە ناوچەی گەرمیان، خوارووی قەزای کەلار و ناحیەی ڕزگاری و قەزای کفری دەگرێتەوە ڕووبەرەکەی (832)

کیلۆمەتر دووجایە، نزیکەی (2) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی تێدایە.

51. بلۆکی چیا سورخ: لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروان و ناحیەکانی قۆرەتوو مەیدان لە قەزای خانەقین دەگرێتەوە تا سنوری ئێران و ڕووبەری (938) کیلۆمەتر دووجایە و بە پێی ڕاپۆرتی سکۆتیا کاپیتاڵ بڕی (5.656) ملیار بەرمیل نەوتی تێدایە.

52. بلۆکی کۆرمۆر:

- لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە ناحیەی قادرکەرەمی سەر بە قەزای چەمچەماڵەوە و ڕووبەرەکەی (510) کیلۆمەتر دووجایە، بڕی زیاتر لە (2) تریلیۆن مەتر سێجا گازی تێدایە.
- بلۆکی کۆرمۆر 2: لە ناوچەی گەرمیان، بلۆکێکی جیا کراوەیە لە بلۆکی کۆرمۆری ناحیەی قادرکەرەم و نزیکەی (300) کیلۆ مەتر دووجایە بڕێکی زۆر یەدەگی گازوو نەوتی هەیە.

53. بلۆکی چەمچەماڵ: لە ناوچەی گەرمیان، لەزێ ی بچوکەوە تا سەر ڕووباری باسەڕە درێژ دەبێتەوە و تا شاری چەمچەماڵ ڕووبەرەکەی (1169) کیلۆمەتر دووجایە.

54. بلۆکی قەرەهەنجیر: لە ناوچەی گەرمیان، دەکەوێتە نێوان چەمچەماڵ و کەرکوکەوە، ناوچەی شوان و ناحیەی قەرەهەنجیرو ناحیەی تەکیی جەباری دەگرێتەوە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (1200) کیلۆمەتردووجایە، پێشبینی بڕی (5 بۆ 10) ملیار بەرمیل نەوت دەکرێت.

55. بلۆکی خورمەڵە: لە پارێزگای هەولێر، دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای هەولێرەوەو درێژکراوەی کێڵگەی کەرکوکە کە هەردوو ناوچەی خورمەڵەو ئاڤانەی خورمەڵە دەگرێتەوە.

56. بلۆکی هەڵەبجە: لەپارێزگای سلێمانی، دەکەوێتە سنوری قەزای هەڵەبجەی شەهیدەوە و ڕووبەرەکەی نزیکەی (1000) کیلۆمەتر دووجایەو ناحیەکانی خورماڵ و سیروان و بیارەو گڵێجاڵ وسەنتەری قەزای هەڵەبجەو بەشێکی سیدسادق دەگرێتەوە بڕی (650) ملیۆن بەرمیل نەوتی خەملێندراوی تێدایە.

57. بلۆکی جەبەل کەند: باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ دەگرێتەوە و ڕووبەری (400) کیلۆمەتر دووجایە.

## دووەم: کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (2002)ەوە دەستی بە گرێبەستی نەوتی کردووە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان تا ساڵی (2013) ژمارەی کۆمپانیاکان لە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی نەوتی هەرێم گەیشتووو بە نزیکەی (40) کۆمپانیا، لەم خشتەیەی خوارەوە دیارترین ئەو کۆماپانیایانەو بارەگای سەرەکییان دەخەینەڕوو (بڕوانە خشتەی ژمارە (1))

## خشتەی ژمارە (1)

## کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان

| کۆمپانیاکان | بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکان | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|
| **Addax Petroleum** | چین – پەکین | 1994 |
| **Afren** | لەندەن – بەرتانیا | 2004 |
| **Chevron** | کالیفۆرنیا – ویلایەتە یەکگرتووەکان | 1879 |
| **Crescent Petroleum** | شاریقە – ئیمارات | 1971 |
| **Dana Gas** | شاریقە - ئیمارات | 2005 |
| **DNO** | ئۆسلۆ – نەرویج | 1971 |
| **ExxonMobil** | تەکساس – ویلایەتە یەکگرتووەکان | 1999 |
| **Gas Plus Khalakan** | ئیتالیا | 1960 |
| **Gazprom Neft** | سان پترس بۆرگ - ڕوسیا | 1995 |
| **Genel Energy** | لەندەن - بەرتانیا | 2011 |
| **Gulf Keystone** | هامڵتۆن - بەریتانیا | 2001 |
| **Hess** | نیویۆرك – ویلایەتە یەکگرتووەکان | 1933 |
| **Hunt Oil** | دالاس – ویلایەتە یەکگرتووەکان | 1934 |
| **Kar Group** | هەولێر – هەرێمی کوردستان | 1999 |
| **KNOC** | ئولسان – کۆریای باشور | 1979 |
| **Marathon Oil** | تەکساس – ویلایەتە یەکگرتووەکان | 1887 |
| **MOL** | بۆدابست – هەنگاریا | 1991 |
| **Murphy Oil** | ئەکنسا – ویلایەتە یەکگرتووەکان | 1944 |
| **NewAge** | کۆلۆرادۆ – ویلایەتە یەکگرتووەکان | 2010 |
| **Oil Search** | بابوا - غینیا | 1929 |
| **OMV** | ڤییەننا نەمسا | 1956 |
| **Oryx Petroleum** | کالجاری - کەنەدا | 2010 |
| **Perenco** | لەندەن - بەرتانیا | 1975 |
| **Pertroceltic** | ئیرلەندا | 2003 |
| **Petoil** | ئەنکەرا - تورکیا | 1990 |
| **Petroceltic** | ئیرلەندا | 2003 |
| **Petroquest Energy** | ویزیانا - ویلایەتە یەکگرتووەکان | 1983 |
| **Repsol** | مەدرید - ئیسپانیا | 1987 |

| | | |
|---|---|---|
| **Shamaran** | فانکوفەر، کەندا | 1991 |
| **Talisman** | کالجاری ـ کەنەدا | 1992 |
| **TAQA** | ئەبو زەبی ـ ئیمارات | 2005 |
| **Texas Keystone** | پەنسلڤانیا ـ ویلایەتە یەکگرتووەکان | 1988 |
| **Total** | کوربفوا ـ فەرەنسا | 1924 |
| **WesternZagros** | کالجاری ـ کەنەدا | 2003 |

## سێیەم: پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتی و گازییەکانی هەرێمی کوردستان

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە هەرێمی کوردستان دابەشکراوە بۆ (57) بلۆکی گەڕان و پشکنین بۆ وەبەرهێنانی نەوت و گاز، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لە (56) بلۆکیاندا گرێبەستی لەگەڵ نزیکەی (40) کۆمپانیای بیانی کردووە، لە سەرجەم بلۆکەکاندا پشکی هەرێمی کوردستان لە (20% - 25%) تێپەڕ ناکات. بەم جۆرە؛ (بڕوانە خشتەی ژمارە (2) و نەخشەی ژمارە (2))

1. بلۆکی تاوکێ: لە پارێزگای دهۆک، (55%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (25%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئینێرجی) تورکی و (20%) پشکی (کیپکۆ)یە کە خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم کوردستان.

2. بلۆکی سەنتەری دهۆك: پشکەکانی (50%) دراوەتە (مۆرفی ئۆیڵ)ی ئەمریکی و (30%) پشکی (پیترۆکویست ئینێرجی)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

3. بلۆکی سلێڤانی: لە پارێزگای دهۆک، پشکەکانی (80%) دراوەتە (پیترۆکویست ئێنێرجی)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

4. بلۆکی سندی- ئامێدی: لە پارێزگای دهۆک؛
   a) ڕۆژهەڵات: پشکەکانی (30.94%) دراوەتە (پرینکۆ) و (25.31%)ی پشکی (ئۆریکس پیترۆلیۆم) و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (18.75%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.
   b) ڕۆژئاوا: بە کراوەیی ماوەتەوە.
5. بلۆکی سەرسەنگ: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (56.25%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئێچ کەی ئێن ئینەرجی) و پشکی (18.75%)ی دراوەتە (مارسۆن ئۆیڵ) و پشکی (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

6. بلۆکی بیر بەهر: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (40%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی و پشکی (40%)ی دراوەتە (گوڵف کیستۆن)ی بەریتانی و پشکی (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

7. بلۆکی شێخ ئادی: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (80%)ی دراوەتە کۆمپانیای (گوڵف کیستۆن)ی بەریتانی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

8. بلۆکی دهۆك: پشکەکانی (40%) دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) و(40%) و پشکی (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

9. بلۆکی ئەلقوش: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (%80)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبیل)[1] و (%20)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

10. بلۆکی ئەتروش: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (%39.9)ی دراوەتە (تاقە) و (%20.1)ی پشکی شاماران پیترۆلیۆم و (%15)ی دراوەتە (مارسۆن ئۆیڵ) و (%20)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

11. بلۆکی شێخان: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (%51) دراوەتە کۆمپانیای گوڵف کیستۆن و (%13.6)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئێم ئۆ ئێڵ)ی هەنگاری و پشکی (%3.4)ی دراوەتە (تەکساس کیستۆنی) ئەمریکی و (%20)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (%12) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.

12. بلۆکی عەین سەفنی: پشکی (%60)ی دراوەتە کۆمپانیای (هنت ئۆیڵ)ی ئەمریکی و پشکی (%20)ی دراوەتە (ئافرین) و (%20)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

13. بلۆکی دینارتە: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (%64)ی دراوەتە کۆمپانیای (هیسس کرۆپ) و (%16)ی دراوەتە کۆمپانیای

---

[1] . ئێکسۆن مۆبیل لەهەرێم لە شەش کێڵگە لە ساڵی 2011 گرێبەستی کرد لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و دەستی بە گەڕان و پشکنین کرد.

- لە کۆتایی ساڵی 2016 دا لە 3 کێڵگە کشایەوە کە بریتی بوو لە قەرەهەنجیر، ڕۆژهەڵاتی عەربەت وە بێتواتە.
- پاشان لەساڵی 2017 دا لە ئەلقوش کشایەوە.
- لەساڵی 2021 لە بەعشیقە پشکەکانی خۆی فرۆشت بە دی ئێن ئۆ DNO ی نەرویجی.
- هەر هەمان ساڵ 2021 لە کێڵگەی پیرمامیش کشایەوە.

(پیترۆسیلتیك) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

14. بلۆکی ئاکرێ بجیل: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (51.2%) دراوەتە کۆمپانیای (ئێم ئۆ ئێڵی هەنگاری) و (12.8%) دراوەتە (گوڵف کیستۆن) و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (16%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.

15. بلۆکی ڕۆڤیا: لە پارێزگای دهۆک، (شیفرۆن)ی ئەمریکی پشکی (60%)ی کڕیوە لە کۆمپانیای (ڕایەڵانس ئیندستریس)ی هندی و (15%)ی پشکی (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

16. بلۆکی سارتا: لە پارێزگای هەولێر، کۆمپانیای (شیڤرۆن)ی ئەمریکی (60%)ی پشکەکانی لە کۆمپانیای (ڕایە ڵانس ئیندستریس)ی هیندی کڕیوە و (ئۆ ئێم ڤی)ی نەمساوی پشکی (15%)ی هەیە و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

17. بلۆکی بەردەڕەش: لە پارێزگای دهۆک، پشکی (60%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئافرین) و پشکی (20%)ی دراوەتە (کۆمیت گروپ) و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

18. بلۆکی باشیك: لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، پشکی (80%)ی دراوەتە (ئیکسۆن مۆبیل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

19. بلۆکی ئەربیل: لە پارێزگای هەولێر، پشکی (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجی و (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (نیو ئەیج) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

20. بلۆکی هەولێر دەمیر داغ: لە پارێزگای هەولێر، (65%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئۆریکسی پیترۆلیۆم) و (15%)ی (کەی ئێن ئۆ سی)ی کۆری و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

21. بلۆکی هەریر: لە پارێزگای هەولێر، پشکەکانی (45%)ی دراوەتە (ماراسۆن ئۆیڵ) و (35%) ی دراوەتە کۆمپانیای (تۆتاڵ)ی فەڕەنسی و و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

22. بلۆکی پیرمام: لە پارێزگای هەولێر، (80%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبایل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

23. بلۆکی بێتواتە: (80%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبایل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

24. چۆمان: لە پارێزگای هەولێر، سەرەتا درا بە کۆمپانیای (تورکش ئینتیتی)ی بە پشکی (80%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ) بەڵام دواتر کۆمپانیاکە لەو بلۆکە کشایەوە.

25. هندرێن: لە پارێزگای هەولێر، بە هەمان شێوەی بلۆکی چۆمان درا بە کۆمپانیای (تورکش ئینتیتی)ی بە پشکی (80%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ) بەڵام دواتر کۆمپانیاکە لەو بلۆکە کشایەوە.

26. بلۆکی شەکرۆك: لەپارێزگای سلێمانی، پشکی (64%) دراوەتە کۆمپانیای (هیسس) و (16%) بۆ (پیترۆسیلْتیك) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

27. بلۆکی سەفین: لە پارێزگای هەولێر، پشکی (35%) دراوەتە کۆمپانیای (تۆتاڵ)ی فەڕەنسی و پشکی (45%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ماراسۆن ئۆیڵ) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

28. بلۆکی بنە باوێ: لە پارێزگای هەولێر، پشکی (44%)ی دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی و پشکی (36%)ی دراوەتە (ئۆئێم ڤی) نەمساوی و و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

29. بلۆکی شۆڕش: لە پارێزگای هەولێر، پشکی (75%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

30. بلۆکی مەلا ئۆمەر: لە پارێزگای هەولێر، پشکی (75%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

31. بلۆکی قوشتەپە: لە پارێزگای هەولێر، (80%)ی پشکەکانی دراوەتە (کەی ئێن ئۆ سی)ی کۆری و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

32. بلۆکی قەڵادزێ: لەپارێزگای سلێمانی، پشکی (80%)دراوەتە کۆمپانیای (ڕیپسۆڵ) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

33. بلۆکی خەلەکان: لەپارێزگای سلێمانی، پشکی کۆمپانیاکان (گاز پڵەس) (40%) تورکش ئینتیتی (40%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

34. بلۆکی تەق تەق (کێوە چەرمەڵە ): پشکەکان کۆمپانیای (ئەداکس پیترۆلیۆم) (36%) و (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی (44%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

35. بلۆکی پیرەمەگرون: لەپارێزگای سلێمانی، پشکی (80%) دراوەتە کۆمپانیای (ڕیپسۆڵ) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

36. بلۆکی میران: لەپارێزگای سلێمانی، پشکی کۆمپانیاکان بڕی (75%) دراوەتە (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی و (25%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

37. بلۆکی بازیان: لەپارێزگای سلێمانی، پشکی کۆمپانیاکان (کەی ئێن ئۆ سی) کۆری (80%) و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

38. بلۆکی باکوری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی ئەم بلۆکە سەتەر لینگ ئینەرجی ئەمریکی (40%) و ئەداکس هاوبەشی کەنەدی و سویسری (20%و20%) (کەی ئێن ئۆ سی) کۆری و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

39. بلۆکی تۆپخانە: لە ناوچەی گەرمیان، پشکەکانی (60%) دراوەتە (تالیسمان ئینەرجی) کەنەدی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.

40. بلۆکی تازە: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی (60%) دراوەتە کۆمپانیای (ئۆیڵ سێرچ)ی ئوسترالی و پشکی (20%) دراوەتە تۆتاڵی فەڕەنسی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

41. بلۆکی پەڵکانە: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی (60%) دراوەتە کۆمپانیای (شاماران پیترۆلیۆم) و (20%) پشکی (پیت ئۆیڵ)ی تورکیە و(20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

42. پێنجوێن: لەپارێزگای سلێمانی، بە کراوەیی ماوەتەوە.

43. بلۆکی ڕۆژهەڵاتی عەربەت: لەپارێزگای سلێمانی، (80%)ی پشکەکانی دراوەتە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبایل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

44. بلۆکی عەربەت: لەپارێزگای سلێمانی، پشکی کۆمپانیاکان (شاماران پیترۆلیۆم) (60%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.

45. بلۆکی بەرانان: لەپارێزگای سلێمانی، پشکی کۆمپانیاکان (تالیسمان)ی کەنەدی (60%) کۆمپانیای (مورفی) (20%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

46. بلۆکی قەرەداغ: لەپارێزگای سلێمانی، (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبایل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

47. بلۆکی باشوری سەنگاو: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی (60%)ی دراوەتە (کەی ئێن ئۆ سی)ی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە. (20%) ماوەتەوە بۆ لایەنێکی تر.

48. بلۆکی کوردەمیر: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی (40%)ی دراوەتە (ویسترۆن زاگرۆس)ی کەنەدی و (40%)ی پشکی (تالیسمان ئێنێرجی) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

49. بلۆکی گەرمیان: پشکی (40%)ی کۆمپانیای (گاز پرۆم) لە کۆمپانیای (تالیسمانی کڕیوە) و پشکی (40%)ی دراوەتە کۆمپانیای (ویسترۆن زاگرۆس) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

50. بلۆکی شاکەل: لە ناوچەی گەرمیان، پشکی (80%)ی کۆمپانیای (گاز پرۆم) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

51. بلۆکی چیا سورخ: لە ناوچەی گەرمیان، کۆمپانیای (گەنەڵ ئێنێرجی) تورکی (60%) پشکەکانی لە کۆمپانیای (لۆنگفۆرد ئێنێرجی) کڕیوە و (پیت ئۆیڵ) خاوەنی (20%)ی پشکەکانەو (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

52. بلۆکی کۆرمۆر: لە ناوچەی گەرمیان، (دانە غاز) و (کریسنت ئۆیڵ) بڕی یەك ملیارد دۆلار یان تێدا وەگەڕخست، لە ئێستا دا بە بۆڕیەکی (181) کیلۆمەتری تیرە (24) ئینج گاز دەگەیەنرێتە وێستگە کارەبایەکانی چەمچەماڵ و هەولێر و دهۆك. کومپانیای (دانە غاز) بە بڕی (750) ملیۆن دۆلار (10%)ی پشکەکانی فرۆشتە کۆمپانیای (ئێم ئۆ ئێڵ)ی هەنگاری و (دانە غاز ) خاوەنی (40% ) و (کریسنت ئۆیڵ )(40%)و (ئۆ ئێم ڤی) نەمساوی (10%) و (ئێم ئۆ ئێڵ)ی هەنگاری (10%).

53. بلۆکی چەمچەماڵ: لە ناوچەی گەرمیان، هەریەك لە (دانە غازو کریسنت ئۆیڵ) وەبەرهێنانی تێدا دەکەن.

54. بلۆکی قەرەهەنجیر: لە ناوچەی گەرمیان، (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (ئیکسۆن مۆبایل)ی ئەمریکی و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.

55. بلۆکی خورمەڵە: لە پارێزگای هەولێر ئەم کێڵگەیە لەلایەن (گروپی کار)ەوە سەرپەرشتی دەکرێت و پشکەکانی (100%) دراوەتە کیپکۆ.
56. بلۆکی هەڵەبجە: لەپارێزگای سلێمانی، (80%)ی پشکەکانی درا بە کۆمپانیای (گاز پرۆم) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستانە.
57. بلۆکی جەبەل کەند: لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ، سەرەتا درا بە کۆمپانیای (تورکش ئینتیتی)ی بە پشکی (40%) و (20%)ی پشکی (کیپکۆ) (40%) مایەوە بۆ لایەنی تر.بەڵام دواتر کۆمپانیا تورکییەکە لەو بلۆکە کشایەوە.

خشتەی ژمارە (2)
پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتی و گازییەکانی هەرێمی کوردستان

| بلۆکە کانزاییەکان | ناوی بلۆکەکان | کارکردن لە بلۆکەکان پشکی حکومەتی هەرێم و کۆمپانیاکان |
|---|---|---|
| BLOCK 1 | TAWKE | DNO (55%) & Genel Energy (25%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 2 | CENTRAL DOHUK | Murphy Oil (50%) & Petroquest Energy (30%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 3 | SULEVANI | Petroquest Energy (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 4(A) | SINDI-AMEDI EAST | Perenco (30.94%) & Oryx Petroleum (25.31%) & KRG Back-in interest (25%) & (18.75%) Net third-party interest |
| BLOCK 4(B) | SINDI-AMEDI WEST | Open licence |
| BLOCK 5 | SARSANG | HKN Energy (56.25%) & Marathon Oil (18.75%) & KRG Back-in interest (25%) |
| BLOCK 6 | BER BAHAR | Genel Energy (40%) & Gulf Keystone (40%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 7 | SHEIKH ADI | Gulf Keystone (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 8 | DOHUK | DNO (40%) & Genel Energy (40%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 9 | AL QUSH | ExxonMobil (80%) & KRG Back-in interest (20%) |

| | | |
|---|---|---|
| BLOCK 10 | ATRUSH | TAQA (39.9%) & Shamaran (20.1%) & Marathon (15%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 11 | SHAIKAN | Gulf Keystone (51%) & MOL (13.6%) & Texas Keystone (3.4%) & KRG Back-in interest (20%) & (12%) Net third-party interest |
| BLOCK 12 | AIN SIFNI | Hunt Oil (60%) & Afren (20%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 13 | DINARTA | Hess (64%) & pertoceltic (16%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 14 | AKRI-BILEEL | MOL (51.2%) & Golf Keystone (12.8%) & KRG Back-in interest (20%) & (16%) Net third-party interest |
| BLOCK 15 | ROVI | Chevron (60%) & OMV (15%) & KRG Back-in interest (25%) |
| BLOCK 16 | SARTA | Chevron (60%) & OMV (15%) & KRG Back-in interest (25%) |
| BLOCK 17 | BARDA RASH | Afren (60%) & Komet Group (20%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 18 | BAESHIQA | ExxonMobil (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 19 | ERBIL | DNO (40%) & NewAge (40%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 20 | HAWLER | Oryx Petroleum (65%) & KNOC (15%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 21 | HARIR | Marathon Oil (45%) & Total (35%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 22 | PIRMAM | ExxonMobil (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 23 | BETWATA | ExxonMobil (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 24 | CHOMAN | Turkish entity (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 25 | HINDREN | Turkish entity (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 26 | SHAKROK | Hess (64%) & Petroceltic (16%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 27 | SAFEEN | Marathon Oil (45%) & Total (35%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 28 | BINA BAWI | OMV (36%) & Genel Energy (44%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 29 | SHORISH | OMV (75%) & KRG Back-in interest (25%) |
| BLOCK 30 | MALA OMAR | OMV (75%) & KRG Back-in interest (25%) |
| BLOCK 31 | QUSH TAPPA | KNOC (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 32 | QALA DZE | Repsol (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 33 | KHALAKAN | Gas Plus Khalakan (40%) & Turkish entity (40%) & KRG Back-in interest (20%) |

| | | |
|---|---|---|
| BLOCK 34 | TAQTAQ-KEWA CHARMILA | Genel Energy (44%) & Addax Petroleum (36%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 35 | PIRMAGRUN | Repsol (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 36 | MIRAN | Genel Energy (75%) & KRG Back-in interest (25%) |
| BLOCK 37 | BAZIAN | KNOC Bazian (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 38 | SANGAW NORTH | Sterling Energy (40%) & Addax anad Knoc (20% & 20%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 39 | TOPKHANA | Talisman (60%) & KRG Back-in interest (20%) & (20%) Net third-party interest |
| BLOCK 40 | TAZA | Oil Search (60%) & Total (20%) & KRG Back-in interest (20%) & (20%) Net third-party interest |
| BLOCK 41 | PUKHANA | Shamaran (60%) & Petoil (20%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 42 | PENJWIN | Open licence |
| BLOCK 43 | ARABAT EAST | ExxonMobil (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 44 | ARABAT | Shamaran (60%) & KRG Back-in interest (20%) & (20%) Net third-party interest |
| BLOCK 45 | BARANAN | Talisman (60%) & Murphy (20%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 46 | QARA DAGH | Chevron (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 47 | SANGAW SOUTH | KNOC (60%) & KRG Back-in interest (20%) & (20%) Net third-party interest |
| BLOCK 48 | KURDAMIR | Talisman (40%) & WesternZagros (40%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 49 | GARMIAN | WesternZagros (40%) & Gazprom Neft (40%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 50 | SHAKAL | Gazprom Neft (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 51 | CHIA SURKH | Genel Energy (60%) & Petoil (20%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 52 | KHOR MOR | Crescent Petroleum & Dana Gas |
| BLOCK 53 | CHAMCHAMAL | Crescnt Petroleum & Dana Gas |
| BLOCK 54 | QARA HANJEER | ExxonMobil (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 55 | KHURMALA DOME | KRG & Kar Group |
| BLOCK 56 | HALABJA | Gazprom Neft (80%) & KRG Back-in interest (20%) |
| BLOCK 57 | JABAL KAND | Turkish entity (40%) & KRG Back-in interest (20%) & (40%) Net third-party interest |

نەخشەی ژمارە (2)



## چوارەم: دابەشبوونی جوگرافی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێم

1. لەکۆی (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و گاز)، (14) بلۆکی نەوتی، دەکەونە سنوری پارێزگای هەولێرەوە، کە (10) کۆمپانیای (8) دەوڵەتی بیانی و کۆمپانیایەکی خۆماڵی کاری پشکنین و گەڕان و هەڵکەندن بەرهەمێنانی نەوتیان دەکرد.
بەڵام لە پارێزگای هەولێر لە (4) بلۆک، کە گەیشتوون بە قۆناغی بەرهەمهێنان، بە هەر چوار بلۆکەکە زیاتر لە (43%) بەرهەمی نەوتی هەرێم پێکدەهێنن.

2. لەکۆی (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و گاز)، (23) بلۆکی نەوتی و (2) بلۆکی گازی، دەکەونە سنوری ناوچەی سەوزەوە لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان، کە (13) کۆمپانیای (7) دەوڵەتی بیانی کاری پشکنین و گەڕان و هەڵکەندن بەرهەمێنانی نەوتیان دەکرد (جگە لە غاز).
بەپێی زانیارییەکان یەدەگی نەوتی پارێزگای سلێمانی بە زیاتر لە (36) ملیار بەرمیل و بە (65%)ی زیاتری کۆی یەدەگی نەوتی هەرێم دەخەمڵێندرێت.
ئەمە لە کاتێکدایە لە کۆی (14) بلۆک کە گەیشتن بە قۆناغی بەرهەمهێنان، تەنها (1) بلۆکیان دەکەوێتە ناوچەی گەرمیانەوە، بلۆکی تەق تەقیش کە سەر بە پارێزگای سلێمانییە و لە سنوری ناوچەی سەوزدایە پێکەوە (7.3%) بەرهەمی نەوتی هەرێمیان پێکدەهێنا، بەڵام ئێستا بەرهەمهێنان لە بلۆکانەش ڕاوەستاوە.
تەنها بلۆکی کۆرمۆر، کە غازی سروشتی بەهەمدەهێنێت لەگەڵیدا بڕێکی بەرهەمی نەوتیشی هەیە.

3. لەکۆی (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و گاز)، (18) بلۆکی نەوتی، دەکەونە سنوری پارێزگای دهۆکەوە، کە (22) کۆمپانیای (9) دەوڵەتی بیانی کاری پشکنین و گەڕان و هەڵکەندن بەرهەمێنانی نەوتییان تێدا دەکرد.
4. لەگەڵ ئەوەی بەپێی زانیارییەکان (65%)ی یەدەگی نەوتی هەرێم لە سنوری پارێزگای سلێمانییە، بەڵام لە پارێزگای دهۆک لە (6) بلۆکدا کۆمپانیاکان گەیشتوون بە قۆناغی بەرهەمهێنان، بە هەر شەش بلۆکەکە زیاتر لە (50%)ی بەرهەمی نەوتی هەرێم پێکدەهێنن.

5. لەکۆی (57) بلۆکی کانزایی (نەوت و غاز)، (10) بلۆکی نەوتی و (2) بلۆکی غازی، دەکەونە سنوری ناوچەی گەرمیانەوە، کە (10) کۆمپانیای بیانی کاری پشکنین و گەڕان و هەڵکەندن بەرهەمێنانی نەوت و غاز دەکەن، ناسنامەی کۆمپانیاکان دەگەڕێتەو بۆ (6) دەوڵەتی جیاوازی بیانی.

## پێنجەم: قۆناغەکانی کارکردن و توانای بەرهەمهێنان لە بلۆکە نەوتییەکان

بەشێوەیەکی گشتی بلۆکە نەوتییەکان دابەش دەبن بەسەر سێ جۆردا، کە دوو جۆریان نەوتین و (ئەوانەی لە بەرهەمدان و ئەوانەی لەقۆناغی پێش بەرهەمدان)، سێهەمیان بلۆکە گازییەکانە.

### 1. ئەو بلۆکانەی لە قۆناغی بەرهەمهێناندان (نەوت)

بەپێی زانیارییەکان لە هەرێمی کوردستاندا تەنها (14) بلۆکی نەوتی گەیشتنە قۆناغی بەرهەمهێنان. کە (11) بلۆکیان دەکەونە پارێزگای هەلێرەوە و رێژەی (92.7%) هەموو بەرهەمی نەوتی هەرێم پێک دەهێنن.

تەنها (1) بلۆکی بەرهەمهێنانی نەوت لە ناوچەی سلێمانی و گەرمیان هەیە ئەویش (بلۆکی گەرمیان)ە کە بەرهەمی ڕۆژانەی بە پێی دوا ئامارەکان بریتی بوو لە (24) هەزار بەرمیل نەوت، بەڵام لە ئێستادا بەرهەمی ئەم کێگەیە ڕاوەستاوە و بەرهەمی نیە.

جگە لە بلۆکی گەرمیان (بلۆکی تەقتەق) کە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە، بەڵام لە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارانی پارێزگای سلێمانیە، ئەم بلۆکە لە کۆتایی 2020 دا ئاستی بەرهەمێنانی بریتی بووە لە (8 هەزار و 580) بەرمیل نەوت، لەکاتێکدا لە ساڵی 2015 بەرهەمی رۆژانەی (128 هەزار) بەرمیل زیاتر بووە، ئەم دوو بلۆکەی ناوچەی کۆیە و گەرمیان تێکڕا ڕێژەی (7.3%) ی بەرهەمی هەرێم پێک دەهێنن، بەڵام لە دوای ڕاگرتنی هەناردەی نەوتەوە بەرهەمی ئەم کێڵگەیەش ڕاگرا. (بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (3))

## خشتەی ژمارە (3)
## بەرهەمی ڕۆژانەی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لە (پێش و پاش) ڕاگرتنی نەوتی هەرێم

| بەرهەمهێنان پێش ڕاگرتن لە مانگی ئازاری 2023 | | | | | بەرهەمهێنان دوای ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم "2024" |
|---|---|---|---|---|---|
| ز | بلۆکە نەوتییەکان | کۆمپانیا پشکدارەکان | ڕێژەی پشکی کۆمپانیا | تێکرای بەرهەمی کێڵگە (بەرمیل/ڕۆژانە) | بەرهەم (بەرمیل/ڕۆژانە) |
| 1 | کێڵگەی نەوتی خورمەڵە | Kar Group | | 145,000 | 110,000 |
| 2 | کێڵگەی نەوتی تاوکێ | DNO | 75% | 107,102 | 80,102 |
| | | Genel Energy | 25% | | |
| 3 | کێڵگەی نەوتی شێخان | Gulf Keystone Petroleum | 80% | 55,000 | 39,252 |
| | | MOL | 20% | | |
| 4 | کێڵگەی نەوتی ئەتروش | Shamaran | 27.60% | 36,000 | 22,500 |
| | | TAQA | 47.40% | | |
| 5 | کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ | HKN | 62% | 43,000 | 33,600 |
| | | Shamaran | 18% | | |
| 6 | کێڵگەی نەوتی هەولێر | Forza Petroleum | 65% | 15,100 | 6,500 |
| 7 | کێڵگەی نەوتی کۆرمۆر | Pear Petroleum | 80% | 15,000 | نەزانراو |
| 8 | کێڵگەی نەوتی گەمیان | Gazprom | 40% | 14,000 | 9,650 |
| | | western zagroz | 40% | | |
| 9 | کێڵگەی نەوتی عەین سەفنی | Pitoil | 80% | 6,500 | نەزانراو |
| 10 | کێڵگەی نەوتی بەیجیل | Rosneft | 80% | 6,000 | نەزانراو |
| 11 | کێڵگەی نەوتی تەق تەق | Genel Energy | 44% | 3,970 | 0 |
| | | Addax Petroleum | 36% | | |
| 12 | کێڵگەی نەوتی سارتا | Genel Energy | 30% | 3,960 | 0 |
| | | Chevron | 50% | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 13 | کێڵگەی نەوتی چیا سورخ | Pitoil | 80% | 2,000 | نەزانراو |
| 14 | کێڵگەی نەوتی بەعشیقە | DNO | 64% | 600 | 0 |
| | | Turkish Engine Center | 16% | | |
| | **کۆی بەرهەم** | | | **453,232** | **301,604** |

## 2. سێکتەری (گاز) لە بلۆکە کانزاییەکاندا

لە هەرێمی کوردستان (4) کێلگەی گاز هەیە، ئەوانیش (کۆرمۆر – چەمچەماڵ) لە ساڵی (2009) وە لە بەرهەم هێندانایە، هەروەها (خورمەڵە) کە کێڵگەی نەوت و گازە و سوتەمەنی بۆ ویستگەی کارەبا دابین دەکات.

کێڵگەکانی دیکەش کە بریتین لە (بنەباوێ) لە پارێزگای هەولێر و (میران) لە پارێزگای سلێمانی کۆپانیای گەنێڵ ئەنێرجی کاریان تێدا دەکات و لە قۆناغی هەڵسەنگاندن و پەرەپێداندان. (بڕوانە خشتەی ژمارە (5))

خشتەی ژمارە (5)

کۆمپانیاو کێڵگەکانی غاز لە هەرێمی کوردستان

| ژ | کۆمپانیاکانی غاز | وڵات | قۆناغ | پشکی کۆمپانیاکان | ناوچەی کارکردن | کێڵگە | بەرهەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دانا غاز | ئیمارات | بەرهەم هێنان | %35 | سلێمانی | کۆرمۆر، چەمچەماڵ | 400 ملیۆن پێ سێجا بۆ هەرێم |
| | هیلال | ئیمارات | | %35 | | | |
| | ئێم ئۆ ڤی | نەمسا | | %10 | | | |
| | روێست | ئەڵمانیا | | %10 | | | |
| | ئێم ئۆ ئێڵ | هەنگاریا | | %10 | | | |
| 2 | گەنێڵ ئێنرجی | تورکیا | پەرەپێدان | %100 | هەولێر | بنە باوی | بەرهەمی نیە |
| 3 | گەنێڵ ئێنرجی | تورکیا | پەرەپێدان | %100 | سلێمانی | میران | بەرهەمی نیە |
| 4 | کار | هەرێم | بەرهەم هێنان | زانیاری نیە | هەولێر | خورمەڵە | زانیاری نیە |

تێبینی: بەرهەمی غازی کێڵگەی کۆرمۆر و چەمچەماڵ بۆ وێستگەکانی کارەبا بەکاردێت، بەڵام بەرهەمی غازی ماڵان LPG کۆندێنسێت کۆمپانیا بۆخۆی دەیفرۆشێت

## سەرچاوەکان

1. د. سەفین جەلال فتح الله، نەوتی هەرێمی کوردستان؛ شیکردنەوەیەکی جوگرافیایی سیاسی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم، هەولێر 2015، ل 81-107.
2. یادگار سدیق گەڵاڵی، سەربەخۆیی دارایی و دابەشبوونی جوگرافی کێڵگەکانی نەوت وگازی هەرێم، ماڵپەڕی زەمەن؛

https://www.zamenpress.com/Detail_wtar.aspx?jimare=3464

3. The Oil and Gas Year, The Oil and Gas Year: Kurdistan Region of Iraq 2011 (KURDISTAN REGION EXPLORATION LICENCED & DISCOVERIES AND ACTIVITIES) p. 58-61.
4. Rdhwan Shareef Salih, Reforms Feasibility in Kurdistan Region Petroleum Contracts, Triggered by the New Regional Blocks Divisions, International Journal of Business and Social Science Vol. 11 • No. 5 • May 2020.
5. LICENCES AND ENERGY INFRASTRUCTURE, MAP 2013.

http://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/images/pdfs/Licences_and_energy_infrastructure_TOGY_2013_1.pdf

**تێبینی**

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2022/2/14) بە هەندێک دەستکارییەوە بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9680

# خورمەڵە.. شادەماری نەوتی کوردستان




- بلۆکی خورمەڵە دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای هەولێرەوە، تەنیا 26 کیلۆمەتر لەناوەندی شارەوە دورە.

- تاوەکو ساڵی 2008و دوای روخانی رژێمی سەددام حسێن، هێشتا ئەم کێڵگەیە لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیای نەوتی باکوردا بوو .

- لە 18ی تەموزی 2009 نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەوکاتی حکومەتی هەرێم کێڵگەکەی کردەوەو حکومەتی هەرێم دەستی بە بەرهەمهێنان کرد، (زاڵمای خەلیل زاد) باڵیۆزی ئەمریکاو ئاشتی هەورامی یەکەم وەزیری سامانە سروشتییەکان بەشدارییان لە مەراسیمی کردنەوەی کێڵگەکەدا کرد.



وێنەی مەراسیمی کردنەوەی کێڵگەکە

ئەم کێڵگەیەدا کە 64 بیری نەوتی ئامادەی تێدایەو رووبەرەکەی بریتییە لە (355 کیلۆمەتر)، یەدەگی نەوت لەم کێڵگەیە بە بڕی (3.5 ملیار) بەرمیل خەملێندراوە.

خورمەڵە لەڕووی بڕی بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوتەوە گەورەترین کێڵگەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کاتێك هەرێمی کوردستان رۆژانە (420 هەزار) بەرمیل نەوتی بە (بۆری) هەناردە دەکرد، بە تەنیا (170 هەزار) بەرمیلی لەم کێڵگەیەوە دابین دەکرا، واتا ئەوکات خورمەڵە بەتەنیا خۆی رێژەی 42%ی تێکڕای نەوتی هەناردەکراوی کوردستانی پێکدەهێنا، ئێستا کە هەناردەی نەوت بۆ پاڵاوگەکانەو بەشێکیشی بە (تانکەر) رەوانەی دەرەوە دەکرێت، تێکڕای

بەرهەمهێنانی رۆژانەی نەوت لە هەرێم (310 هەزار) بەرمیلەو لەم بڕە (110 هەزار) بەرمیلی لە خورمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت، نزیکەی 36٪ی تێکڕای نەوتی بەرهەمهێنراوی هەرێم.

داهاتی مانگانەی نەوتی ئەم بیرە بۆ حکومەتی هەرێم بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوت بە بۆری بۆ تورکیا لە 25ی ئازاری 2023دا بریتی بوو لە (367 ملیۆن) دۆلاری مانگانە، بەڵام لەدوای راوەستانی هەناردەی نەوت و داهاتی ئەم کێڵگەیە بۆ نزیکەی (112 ملیۆن) دۆلاری مانگانە دابەزیوە، ئەمەش لەلایەك بەهۆی جیاوازی نرخی فرۆشتنی نەوتی کوردستان لەدوای راوەستانی هەناردەی نەوتەوە بە بۆری بۆ تورکیا، چونکە هەرێم کاتێك کە بە بۆری نەوتی هەناردە دەکرد، نەوتەکەی خۆی بە (10 دۆلار) کەمتر لە نرخی بازاڕی جیهانیی دەفرۆشت، بەڵام ئێستا کە بە تانکەر نەوت دەفرۆشێت، بە گشتی هەر بەرمیلێك نەوت بە بڕی (31.3) دۆلار دەفرۆشێت (ئەمە لەکاتێکدا ئێستا نرخ لە بازاڕی جیهانیدا لەسەروو 79 دۆلارەوەیە)، بەڵام خورمەڵە هەر بەرمیلێکی بۆ ناوخۆ یان هەناردەکردن بە تانکەر بە بڕی کە (34 دۆلار) دەفرۆشرێت، واتا هێشتا نرخەکەی لە نەوتی کێڵگەکانی تر بەرزترە.

بەرهەمی (رۆژانە)ی نەوت لە خورمەڵە لە 2016 بۆ 2021 بەمشێوەیە بووە:

- 2016: 105 هەزار بەرمیل
- 2017: 110 هەزار بەرمیل
- 2018: 130 هەزار بەرمیل
- 2019: 160 هەزار بەرمیل
- 2020: 160 هەزار بەرمیل
- 2021: 160 هەزار بەرمیل

- 2022: 175 هەزار بەرمیل
- 2023: 110 هەزار بەرمیل
- 2024: 110- 120 هەزار بەرمیل

بەرهەمی (رۆژانە)ی نەوت لە خورمەڵە لە
2016 بۆ 2021



## گرێبەستی (کار) لە خورمەڵە

بلۆکی خورمەڵە درێژکراوەی کێڵگەی کەرکوکەو هەردوو ناوچەی (خورمەڵە)و (ئاڤانەی خورمەڵە) دەگرێتەوە، لەلایەن کۆمپانیای (کار گروپ)ەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

(کار گروپ) کۆمپانیایەکی خۆماڵییە، جۆری گرێبەستی ئەم کۆمپانیایە تائێستا رانەگەیەنراوەو لەسەر سایتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام بەگوێرەی هەندێك سەرچاوەی تر گرێبەستەکەی لە جۆری (خزمەتگوزاریی)یە نەك گرێبەستی (هاوبەشیکردن لە بەرهەم) ئەمە لەکاتێکدایە زۆرینەی گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکانی بواری نەوتجا لە جۆری (هاوبەشیکردنە لە بەرهەمدا)، واتا کۆمپانیاکان لەبری حەقدەستی بەرهەمهێنانی نەوت پشکێکیان لە بەرهەمی نەوتی کێڵگەکان پێدراوە، ئەم جۆرە گرێبەستە ناڕەزایەتیی حکومەتی فیدراڵی عێراقی لەسەرە، دەیەوێت گرێبەستەکانی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان هەموار بکاتەوەو هاوتایان بکات لەگەڵ گرێبەستەکان لەناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق کە گرێبەستی (خزمەتگوزارین) یاخود لانی کەم جۆری گرێبەستەکانی هەرێم بگۆڕێت بۆ گرێبەستی (هاوبەشکردن لە قازانجدا).

بەهۆی ئەوەی گرێبەستەکەی بە جۆری خزمەتگوزارییە، پشکی کار گروپ لە نەوتی خورمەڵە 10%و رێژەی 90%ی داهاتی نەوتی کێڵگەکە بۆ حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە، بەم پشکەوە تەنیا لە ساڵی 2023دا کار گروپ بڕی (77.99 ملیۆن) دۆلار داهاتی دەستکەوتووە.

سەرباری ئەمەش، کۆمپانیای (کار) تائێستا هیچ ڕاپۆرتێکی لەبارەی ئاستی بەرهەم و شایستە داراییەکانی خۆی کێڵگەی خورمەڵە بڵاونەکردوەتەوە، تەنانەت کۆمپانیاکە تائێستا هیچ پێگەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بەخۆی نییە کە چالاکییە ئابورییەکانی خۆی تێدا بڵاوبکاتەوە، ئەوەی لەسەر دەستکەوتەکانی ئەم کۆمپانیایەوە دەزانرێت لەرێگەی راگەیەندراوەکانی حکومەتی هەرێمەوەیە سەبارەت بە خەرجییەکان.

بۆری نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا، کە درێژییەکەی (896) کیلۆمەترەو (221) کیلۆمەتری لەناو خاکی هەرێمدایە، لە کێڵگەی (خورمەڵە)وە دەستپێدەکات و بە بلۆکە کانزاییەکانی (هەولێر- بەردەڕەش- عەین سەفنی- جەبەل کەند- ئەلقوش- دهۆك- سلیڤانی)دا تێپەڕدەبێت و دەگاتە (فیشخاپور)، ئەمەش بایەخێکی زیاتری بە کێڵگەی خورمەڵە بەخشیوە.

تاوەکو بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوت بە بۆری بۆ بەندەری جەیهان، رۆژانە (90 هەزار) بەرمیل نەوتی کەرکوك رەوانەی (خورمەڵە) دەکراو لەرێگەی بۆری نەوتی کوردستانەوە هەناردەی تورکیا دەکرا؛ داهاتی ئەم نەوتە بۆ حکومەتی عێراق بوو، بەڵام کۆمپانیای (کار گروپ) کرێی بۆرییەکە لە عێراق وەردەگرێتو بۆ هەناردەکردنی هەر بەرمیلێك بڕی (10) دۆلاری دەستدەکەوێت، کە بەتێکڕا مانگانە داهاتەکەی دەگەیشتە (27 ملیۆن) دۆلار .

## کێڵگەی نەوتی جێناکۆك !

هەر لە ساڵی 2009وە کە کێڵگەی خورمەڵە کەوتەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمەوە، ناڕەزایەتیی هەبوو لەلایەن کۆمپانیای نەوتی باکورەوە لە کەرکوك، بەڵام دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان (25ی لە ئەیلولی 2017)و دواتر رووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 (پاشەکشێی پێشمەرگە لە کەرکوك و گەڕانەوەی سوپای عێراق بۆ سنورەکە) کێڵگەی خورمەڵة هەر لەدەستی حکومەتی هەرێمدا مایەوە، بەڵام لە رۆژانی ریفراندۆمەوە ئیتر قسەوباس لەناو بەرپرسانی عێراقیدا سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ئەم کێڵگەیە بۆ ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی فیدراڵی دەستیپێکردبوو.

یەکەم ناڕەزایەتیی لە رۆژی 25ی نیسانی 2019دا بەفەرمی لەلایەن (فەرید جابر) نوێنەری یاسایی کۆمپانیای نەوتی باکورەوە بەرزکرایەوە بۆ فەرمانگەی یاسایی لە وەزارەتی نەوتی عێراق، ئەوکات نەوتی خورمەڵە رێژەی یەك لەسەر سێی تێکڕای نەوتی هەرێمی پێکدەهێنا.

دەرەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی پێشوەختە (لە ئۆکتۆبەری 2021دا بەڕێوەچوو) ناکۆکی ناو ماڵی شیعەکانی عێراقی قوڵکردبووەوە، دوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستان (پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان)، بۆ جاری یەکەم لە دوای کەوتنی رژێمی سەددام و لە عێراقی نوێدا بەشێوەیەکی ئاشکرا دابەشبوون بەسەر جەمسەرە ناکۆکەکانی ناو ماڵی شیعەدا، پارتی لایەنگری رەوتی سەدری کرد بە رێبەرایەتی موقتەدا سەدر کە براوەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە بوو، وەکو بەرەی دژ بە ئێران دەناسرا، لەبەرامبەردا یەکێتیی کەوتە بەرەی لایەنەکانی چوارچێوەی

هەماهەنگیی (ئەو شیعانەی کە بە لایەنگری ئێران دەناسران، ئەم بەرەیە نوری مالیکی و هادی عامری رێبەرایەتییان دەکرد).




خورمەڵە لەسەر نەخشەو لەچوارچێوەی بلۆکی کەرکوکدا

لە لوتکەی ئەم دابەشبوونە سیاسییەی کورددا بەسەر جەمسەرە ناکۆکەکانی ناو ماڵی شیعەدا، لەناوەڕاستی شوباتی 2022دا، دوای چەندین ساڵ پشتگوێخستن، دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لەسەر بنەمای سکاڵایەکی وەزارەتی نەوتی فیدراڵ بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی پابەندکرد بەوەی نەوت و غازەکەی رادەستی حکومەتی فیدراڵی بکات لە بەغداد.

لەدوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵییەوە ئیتر وەزارەتی نەوتی عێراق فشارەکانی لەسەر حکومەتی هەرێم چڕکردەوە بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە دەستی حکومەتدا لە بەغداد، ئەم دۆخی فشارکردنە لەوکاتەوە تائێستا کە حکومەتی هەرێم لەناو یاسای بودجەدا قایل بووە بەوەی فرۆشی نەوتەکەی و تەنانەت داهاتەکەشی رادەست بکات، هێشتا هەر بەردەوامە.

لەو سەروبەندەدا کە وەزارەتی نەوت فشار لە کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێم دەکرد گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ هەموار بکەنەوە، لە ناوەڕاستی ئایاری 2022دا، کۆمپانیای نەوتی باکور کە سەربە وەزارەتی نەوتی عێراقە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا باسی لەوەکرد، حکومەتی هەرێم زیادەڕۆیی کردوەتەسەر کێڵگەی (خورمەڵە).

حکومەتی عێراق گەورەترین و تاکە کێڵگەی بەگەڕخراوی (غاز)ی هەرێمی کوردستان کە کێڵگەی (کۆرمۆر)ە لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانو گەورەترین کێڵگەی نەوتی هەرێم کە کێڵگەی (خورمەڵە)یە لە سنوری دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە هی خۆی دەزانێت، لە حاڵێکدا ئەم کێڵگانە بەگوێرەی ماددەی 140ی دەستوری عێراق دەکەونە ناوچە جێناکۆکەکانەوە. کۆمپانیای نەوتی باکور لە دادگای سکاڵای تۆمارکردووەو داوای وەرگرتنەوەی ئەم دوو کێڵگەیە دەکات.

ئەم دۆخە لە 26ی حوزەیرانی 2022دا پەرەسەندنێکی مەترسیداری بەخۆوە بینی، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا وەزیرانی (پێشمەرگەو ناوخۆ)ی

راسپارد هەموو ڕێکارێکی پێویست بگرنەبەر بۆ "پاراستنی ژێرخانی گشتیو دامەزراوەکانی نەوتو گاز".

ئەوکات لەبارەی ئەم هۆشداریدانەی سەرۆك وەزیرانی هەرێمەوە، (درەو) لەگەڵ ژمارەیەك بەرپرسی باڵای پارتیو یەکێتیی قسەی کرد، باسیان لەوەکرد" هێزەکانی حەشدی شەعبی بەنیازن پەلاماری کێڵگەی (خۆرمەڵە) بدەن، بەوپێیەی ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە ناوچەی جێناکۆکی نێوان هەرێمی کوردستانو حکومەتی فیدراڵی عێراق، دوان لە گەورە دەسەڵاتدارانی ناو حەشد کە هەریەکە لە (هادی عامریو قەیس خەزعەلی)ن، جەخت لە دەستبەسەرداگرتنی ئەم کێڵگەیە دەکەنو لەگفتوگۆیاندا لەگەڵ هەندێك لە بەرپرسانی کورد بەراشکاوی باسیان کردووە".

ئەوکات سەرچاوەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە چەند گروپێکی حەشدی شەعبی هێزیان بەرەو نزیکی مەخمورو خۆرمەڵە جوڵە پێکردووە، ڕەنگە ئەمە هۆکارەکە بووبێت کە مەسرور بارزانی لە بەیاننامەکەیدا وتبووی" ڕێککەوتووین لەسەر ناردنی هێزی زیاتر بۆ ناوچەکە. لە ڕۆژانی داهاتووشدا ڕێکاری زیاتر دەگرینەبەر".

هەوڵی کۆنترۆڵکردنی کێڵگەی نەوتی خورمەڵە هێندە مەترسیداربوو کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی ناچارکرد بە تەلەفۆن پەیوەندیی لە (برێت مەکگۆرك) ڕێکخەری کۆشکی سپی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقاوە بکاتو لەبارودۆخەکە ئاگاداری بکاتەوە، چونکە ئەگەر حەشد دەست بەسەر کێڵگەی خورمەڵەدا بگرێت، جگە لەوەی شادەماری ئابوری هەرێم دەبڕێت، بوونی هێزەکانی لەم ناوچەیەدا لەڕووی ئەمنییەوە دەبێت بە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی هەولێر، بەوپێیەی خورمەڵە تەنیا 26 کیلۆمەتر لە هەولێرەوە دوورە.

## لەبارەی کۆمپانیای (کار)ەوە

بەهۆی ئەوەی ماڵپەڕی تایبەت بەخۆی نییە، بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەبارەی ئەم کۆمپانیاوە دەبێت پەنا بۆ سەرچاوەی تر ببرێت.

(شێخ باز کەریم) سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاریی ئەم کۆمپانیایە، ئەم پیاوە حەزی لە دەرکەوتنی زۆر نییە لە میدیاکاندا، کەمترین گفتوگۆی هەیە لەگەڵ رۆژنامەنوساندا، بۆیە سەرباری ئەوەی سەرمایەدارێکی گەورەیە، خەڵك زۆر شت لەبارەی ئەوەوە نازانن.

ئەو ناوی (باز کەریم بەرزنجی)یە، پەنجا ساڵی تەمەنی تێپەڕاندووەو خەڵکی شاری هەولێرە، ساڵی 1999 بۆ یەکەمجار کۆمپانیایەکی دروستکردووەو لە بواری بیناسازی و نۆژەنکردنەوەی بینای خوێندنگە-کاندا کاریکردووە، ماوەیەکیش کاری بۆ ئاژانسی فریاگوزاری سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، هەندێك سەرچاوەی تر مێژووی دروستبوونی کۆمپانیاکەی بۆ ساڵی 1992 دەگێڕنەوە.

شێخ باز دەرچووی کۆلیژی تەکنیکییەو هیچ بڕوانامەیەکی تایبەتی لەبواری نەوتدا نییە، نزیکایەتیی لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە لە زۆنی زەرد هاوکار بووە بۆ ئەوەی پەرە بە کارە بازرگانییەکانی بدات، هەندێك سەرچاوە زیاتریش دەڕۆن و دەڵێن پارەی کۆمپانیاکەی لەگەڵ دارایی پارتیدا تێکەڵ بووە.

روخانی رژێمی سەددام حسێن لە ساڵی 2003دا دەرفەتی ئەوە بۆ (شێخ باز) دەڕەخسێنێت سەرمایەکەی گەورە بکات، ئەوەش لەڕێگەی کارکردنی لەگەڵ ئەمریکییەکان لە بواری ئاوەدانکردنەوەی عێراقدا، لە یەکێك لەو بەڵگەنامە نهێنیانەیانەی ئەمریکا کە سایتی (ویکلیلیکس) بڵاویکردنەوە، ناوی شێخ باز هاتبوو، ئەو لەگەڵ ئاژانسی ئەمریکا بۆ

گەشەپێدانی نێودەوڵەتی (USAID) کاری کردووە، پشتی بە شەراکەت لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی تورکی بەستووە لە بواری بیناسازیدا، دواتر رووی لە کەرتی نەوت کردووە.



باز کەریم سەرۆکی کۆمپانیای کار لەبەردەم پاڵاوگەی کەڵەك لە هەولێر

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ یەکێك لە میدیا خۆرئاواییەکان، شێخ باز لەبارەی چیرۆکی کۆمپانیای کارەوە لە دەڵێ:" تاوەکو ساڵی 2003 بەتەواوەتی حکومەت خۆی کەرتی نەوتی بەڕێوەدەبرد، بەڵام دوای 2003 ستراتیژیەتێکی نوێ هاتوەتە ئاراوە، ئەوەش بەشدارییپێکردنی کەرتی تایبەتە، لە کۆمپانیای کار گروپ دەستمانکرد بە کۆکردنەوەی تیم، بڕیارماندا بەشداری لە کەرتی نەوتدا بکەین، بەشداریمان لە کەمکردنەوەیەکی وەزارەتی نەوتی عێراقدا کرد، کەمکردنەوەکەمان بردەوە، بووین بە یەکەمین کۆمپانیای عێراقی کە گرێبەستی

کێڵگەیەکی نەوت وەربگرێت، کە ئەوەش گرێبەستی کێڵگەی خورمەڵە بوو لە ساڵی 2004دا. "

واتە وەکو خۆی دانی پێدادەنێت شێخ باز لە ساڵی 2004وە لە کەرتی نەوتدا دەستی بەکارکردن کردووەو هەر لەوکاتەوە گرێبەستی کێڵگەکەی وەرگرتووە، بەڵام هەندێك زانیاری تر هەن باسلەوە دەکەن، کارکردنی شێخ باز لە کەرتی نەوت بۆ سەردەمی رژێمی پێشوو دەگەڕێتەوە، ئەوکات ئەو لەگەڵ خێزانەکەیدا لە بەغداد ژیاوە، لەدوای رووداوەکانی (31ی ئابی 1996)ەوە شێخ باز بووە بە نێوەندگیر لەنێوان حکومەتی عێراق‌و پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لەو زەمەنەدا کە فرۆشتنی نەوت لە عێراق قەدەغەکرابوو، شێخ باز نەوتی هەندێك کێڵگەی عێراقی بە تانکەر گواستەوەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان‌و لە ئیبراهیم خەلیلەوە رەوانەی تورکیای کردووە.

کۆمپانیای (کار گروپ) کە شێخ باز سەرۆکایەتی دەکات ئێستا جڵەوی ئەو بۆرییانەی بەدەستەوەیە کە نەوتی هەرێمی کوردستان رەوانەی دەرەوە دەکەن، رێژەی 40%ی خاوەندارێتی بۆرییەکان بۆ کار گروپ دەگەڕێتەوەو (60%)ی بۆرییەکەش کۆمپانیای (رۆسنەفت)ی روسی خاوەندارێتی دەکات، ئەمە بەو بەشەی بۆرییەکەیە کە دەکەوێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، راکێشانی ئەو بۆرییە دەستی شێخ بازی لە کەرتی نەوتی هەرێمدا بە تەواوەتی درێژکرد.

بەپێی راپۆرتی کۆمپانیای (دیلۆیت) کە وردبینی لە فرۆش‌و داهاتی نەوتی هەرێمدا دەکات، تا نیوەی یەکەمی ساڵی (2021) حکومەتی هەرێمی کوردستان (76 ملیۆن و 869 هەزار و 888) بەرمیل نەوتی خاوی فرۆشتووەو کۆی بەهاکەی (4 ملیار و 108 ملیۆن و 404 هەزارو 110) دۆلار بووە، بڕی (454 ملیۆن و 413 هەزارو 772) دۆلار

بەڕێژەی (11.1%)ی داهاتی گشتی نەوت بۆ کرێی گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی بۆرییەوە خەرج کردووە، بەم پێیەش رێژەی 40%ی خەرجی گواستەوەی نەوتی هەرێم بۆ کۆمپانیاکەی شێخ باز بووەو تەنیا لەو ماوەیەدا (واتە شەش مانگی یەکەمی 2021) شێخ باز بڕی (181 ملیۆن) دۆلاری وەرگرتووە .

بەتێکڕا تاوەکو بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوت بە بۆریی بۆ تورکیا، شێخ باز تەنیا لە کرێی بۆریدا، رۆژانە (ملیۆنێك) دۆلارو مانگانە (30 ملیۆن) دۆلارو سالانە (360 ملیۆن) دۆلاری دەستدەکەوێت .

ساڵی 2014 چەکدارانی داعش لە سنوری کەرکوك بڵاوبونەوە، هێزەکانی سوپای عێراق لەبەردەم "داعش"دا توشی داڕمان هاتن‌و لە سنورەکە کشانەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕی کردو کۆنترۆڵی سنورەکەی گرتەدەست، ئەمە دەرفەتێکی زێڕینی بە کۆمپانیاکەی شێخ باز بەخشی، کۆمپانیای (کار گروپ) لەچوارچێوەی رێککەوتنێك لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان‌و بە پاڵپشتی پارتی دیموکراتی کوردستان چووە کەرکوك‌و بەرهەمهێنانی نەوتی لە هەردوو کێڵگەی نەوتی (هاڤانا)و (بای حەسەن) وەرگرت، نەوتی کەرکوکی لەرێگەی بۆری هەرێمی کوردستان هەناردەی بەندەری جەیهان لە تورکیا دەکرد، ئەوکات لەڕێگەی بۆرییەکەوە رۆژانە نزیکەی (300 هەزار) بەرمیل نەوتی کەرکوك لە هەرێمەوە رەوانەی تورکیا دەکراو دەفرۆشرا.

لەدوای رووداوەکانی (16ی ئۆکتۆبەری 2017) کە هێزی پێشمەرگە لە کەرکوك کشایەوەو هێزە عێراقییەکان گەڕانەوە، کۆمپانیای کار کۆنترۆڵی کیڵگەکانی (هاڤا)و (بای حەسەن)ی لەدەستدەرچوو، بەڵام ئەمە بەتەواوەتی دەستی کۆمپانیاکەی لە نەوتی کەرکوك نەبڕی، چونکە

دواترو (تاوەکو راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم بە بۆریی)، لەچوارچێوەی رێککەوتنێکدا لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق:

- رۆژانە (100 هەزار) بەرمیل نەوت لە کەرکوکەوە رەوانەی پاڵاوگەی نەوتی (کەڵەك)ی سەربە کۆمپانیای (کار) دەکرێت (ئەم پاڵاوگەیە لە 9ی تەمموز 2009وە کراوەتەوە)، کار نەوتەکە لەو پاڵاوگەیە دەپاڵێوێت، بەرهەمەکەشی دەنێردرێت بۆ موسڵو ناوچەکانی دەوروبەری، بۆ پاڵاوتنی هەر بەرمیلێك، کۆمپانیاکە نزیکەی (10 دۆلار) وەردەگرێت، واتا داهاتی پاڵاوتنی ئەو نەوتە مانگانە (30 ملیۆن) دۆلارە.
- رۆژانە (90 هەزار) بەرمیل نەوت لە کەرکوکەوە لەڕێگەی بۆرییەوە رەوانەی بەندەری جەیهانی تورکیا دەکرێت، کە داهاتەکەی بۆ کۆمپانیا بەبازاڕکردنی نیشتمانی نەوتی عێراقە "سۆمۆ"یە، بەڵام کرێی گواستنەوە ئەم نەوتە (واتا کرێی بۆرییەکە) بەهەمان شێوە بۆ کۆمپانیای (کار)ە، کە بۆ هەر بەرمیلێك نزیکەی (10 دۆلار)ە، واتا داهاتەکەی مانگانە دەگاتە (27 ملیۆن) دۆلار.

کۆتاییەکانی 2019 کە تازە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی دروستکرابوو، مەسرور بارزانی بەدوای شوێنگرەوەی (ئاشتی هەورامی)دا دەگەڕا بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەکان، رۆژی 24ی تشرینی دووەمی 2019 شێخ باز لە کۆبوونەوەیەکدا سەبارەت بە نەوت لەگەڵ مەسرور بارزانی دەرکەوت، ئەوکات وەکو یەکێك لە کاندیدەکان بۆ پۆستی وەزیری سامانە سروشتییەکان ناوی دەهێنرا، بەڵام دواجار بازەکە لەسەر شانی نەنیشتەوە.

## سەرچاوەکان


- سایتی (iraqoilreport)

https://www.iraqoilreport.com/news/iraqs-north-oil-co-sues-to-take-khurmala-back-from-krg-41268/

- سایتی (atlanticcouncil)

https://www.atlanticcouncil.org/blogs/menasource/baghdad-and-krg-locked-in-a-standoff/

- ڕوونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەکانی نەوت

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14923

- دوکەڵ لە (کۆرمۆر)و ئاگر لە (خورمەڵە)یە- راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10559

- شێخ باز کێیە؟ - راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9880

- کوردستان بەبێ (خورمەڵە)و (کۆرمۆر)- راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12945


## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/12) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16235

# تاوکێ.. دووەم گەورەترین کێڵگەی نەوتی هەرێمی کوردستان




- بلۆکی (تاوکێ) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای زاخۆ لە پارێزگای دهۆك،
- لەگەڵ کێڵگەی (فیشخاپور) یەك گرێبەستیان بۆ کراوە، بۆیە کاتێك باسی بەرهەمی ئەم کێڵگەیە دەکرێت ئاماژەیە بۆ تێکڕای بەرهەمی هەردوو کێڵگەی (تاوکێ)و (فیشخاپور) کە لەچوارچێوەی یەك بلۆکی نەوتیدان.
- ڕێژەی (75%)ی پشکەکانی گرێبەستی کێڵگەی (تاوکێ) بۆ کۆمپانیای (DNO)ی نەرویژیو (25%)ی دراوە بە کۆمپانیای (گەنەڵ ئینێرجی) تورکی.

کۆمپانیای DNO کە زۆرینەی پشکەکانی کێڵگەکەی هەیە، ڕۆژی 25ی حوزەیرانی 2004 گرێبەستی "هاوبەشی لە بەرهەمهێنان"دا لەم کێڵگەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێم واژۆ کردووە.

رووبەری ئەم کێڵگەیە (594) کیلۆمەترەو یەدەگی خەمڵێندراوی نەوت لەم کێڵگەیە بە بڕی (1.9 ملیار) بەرمیل خەمڵێندراوە.

لە ساڵی 2007ەوە دەست بە بەرهەمهێنانی نەوت کراوە لە کەم کێڵگەیەدا، 1ی حوزەیرانی 2009 کۆمپانیای DNO گروپ، بۆ یەکەمجار هەناردەکردنی نەوتی لە هەرێمی کوردستانەوە راگەیاند، وەك هەنگاوی یەکەم لە کێڵگەکانی (تەقتەق)و (تاوکی) بە تێکڕای (100 هەزار) بەرمیلی رۆژانە لەڕێگەی هێڵی کەرکوك- جیهان‌و لە ڕێگەی تانکەرەوە.

24 ی حوزەیرانی 2011 کۆمپانیای DNOی نەرویجی رایگەیاند، نەوت لە کێڵگەی (تاوکی) لە کوردستانەوە هەنارده ناکات تا حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی عێراق وردەکاری رێککەوتنەکەیان لەبارەی هەناردەکردنی نەوت رانەگەیەنن.

وێنەیەك لە گرێبەستەكە

# PRODUCTION SHARING CONTRACT

**BETWEEN**

The **KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT OF IRAQ** (hereafter referred to as the "**GOVERNMENT**"), duly represented by the Minister of Natural Resources;

**AND**

**DNO IRAQ AS,** a company established and existing under the laws of Norway, whose registered office is at Stranden 1, Aker Brygge, PO Box 1345 Vika, 0113 Oslo, Norway, duly represented by Magne Normann, Managing Director;

(hereafter collectively referred to as the "**CONTRACTOR**")

**WHEREAS**

(A) The **GOVERNMENT** wishes to develop the petroleum wealth of the Kurdistan Region (as defined in this Contract) in a way that achieves the highest benefit to the people of the Kurdistan Region and all of Iraq, using the most advanced techniques of market principles and encouraging investment, consistent with the Constitution of Iraq including Article 112 thereof;

(B) In accordance with the Constitution of Iraq, the prevailing law of the Kurdistan Region is the Kurdistan Region Law (as defined in this Contract), except with regard to a matter wholly within the exclusive jurisdiction of the Government of Iraq;

(C) On 25 June 2004, the Kurdistan Regional Government entered into the Original Contract, and by an Assignment Agreement dated 1 July 2005 DNO ASA assigned all of its rights and obligations under the Original Contract to its Affiliate **DNO Iraq AS**;

(D) The National Assembly of the Kurdistan Region approved the Oil and Gas Law of the Kurdistan Region – Iraq (Law No. 22 of 2007) which law regulates Petroleum Operations, including production sharing contracts and Article 54 of which requires that all production sharing contracts entered into by the **GOVERNMENT** prior to the entry into force of that Law shall be subject to review by the Regional Council for the Oil and Gas Affairs of the Kurdistan Region – Iraq to make them consistent with the provisions of that Law, taking into consideration the prevailing conditions when those contracts were entered into;

(E) Following such review in relation to the Original Contract, the **GOVERNMENT** and the **CONTRACTOR** wish to amend and to restate the Original Contract so that it shall take effect as two separate production sharing contracts, one being in the form of this Contract in respect of the Contract Area defined in Annex A and known as the Tawke Contract Area and the other being in the form of a separate production sharing contact of even date in respect of the contract area therein defined and known as the Dohuk Contract Area;

(F) The **GOVERNMENT** intends to present to the National Assembly of the Kurdistan Region a law or laws to authorise the **GOVERNMENT,** by contract or other authorisation, to exempt investors in long term projects relating to the conduct of

5/115

لەڕووی ئاستی بەرهەمهێنانەوە، لە کۆی (14) کێڵگەی نەوت لە هەرێمی کوردستان، (تاوکێ) لەدوای (خورمەڵە)وە دووەم گەورەترین کێڵگەی کوردستانەو؛ پێشتر بەرهەمی ئەم کێڵگەیە رێژەی 25،51%ی تێکڕای بەرهەمی نەوتی هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە.

بەرهەمهێنانی (رۆژانەی) نەوت لە کێڵگەی تاوکی لەماوەی ساڵانی 2015 بۆ 2022 بەمشێوەیە بووە:

- 2015: 135 هەزار بەرمیل
- 2016: 107 هەزار بەرمیل
- 2017: 109 هەزار بەرمیل
- 2018: 113 هەزار بەرمیل
- 2019: 124 هەزار بەرمیل (بەهۆی سەرهەڵدانی پەتای کرۆناوە بازاڕی جیهانی نەوت شکا، لە کۆتایی ئەم ساڵەوە ئیتر ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەم کێڵگەیە بۆ 83 هەزار بەرمیلی رۆژانە دابەزیوە)
- 2020: 110 هەزار بەرمیل
- 2021: 100 هەزار بەرمیل
- 2022: 108 هەزار بەرمیل




بەر لە ڕاگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێم بە بۆری بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا لە 25ی ئازاری 2023دا بەهۆی بڕیاری دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی پاریسەوە، لە کێڵگەی (تاوکی) ڕۆژانە بە تێکڕا (107 هەزار و 102) بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنرا، بەڵام بەگوێرەی لەدوای ڕاوەستانی هەناردەی نەوت بە بۆریی و دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت بە تانکەر بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی و هەناردەکردنی بۆ وڵاتانی

دراوسێ، بەرهەمی ئەم کێڵگەیە لە شوباتی 2024دا گەیشتوەتە (90 هەزار) بەرمیلی رۆژانە، واتا بەگشتیی بەراورد بە بەر لە راوەستانی هەنارده لەرێگەی بۆرییەوە، لەسەردەمی هەناردەی نەوتدا بە تانکەر بەرهەمی کێڵگەی تاوکێ بەرێژەی 16% کەمیکردووە.

وەکو کۆمپانیای (DNO) خۆی باسی دەکات، لەدوای راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم بە بۆریی بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا، بەرهەمهێنان لە کێڵگەی تاوکی راوەستاوەو لە مانگی تەموزی 2023دا دەستی بە وەبەرهێنانی نەوت کردوەتەوە لە کێڵەی (تاوکێ)، لە کێڵگەی (فیشخاپور) بەرهەمهێنان لە مانگی ئۆکتۆبەری 2023 دەستیپێکردوەتەوە، لەم ماوەیەدا ئاستی بەرهەمهێنان لە هەردوو کێڵگەکەی ناوچەی گرێبەستی "تاوکێ" بریتی بووە لە (80 هەزار) بەرمیلی رۆژانەو نەوتەکە بە تانکەر رەوانەی پاڵاوگەکانی ناوخۆی کوردستان و بە تێکڕا هەر بەرمیلێکی بە بڕی (30 دۆلار) فرۆشراوە.

## کورتەیەك لەبارەی کۆمپانیای (DNO)

کۆمپانیای DNO ASA کۆمپانیایەکی نەوت و غازی نەرویجییەو لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای باکور و رۆژئاوای ئەفریقا کاردەکات.

ئەم کۆمپانیا لە ساڵی 1971 دامەزراوەو بارەگا سەرەکییەکەی لە (ئۆسلۆ)یەو لە بۆرسەی ئۆسلۆ تۆمارکراوە، پشکی لە مۆڵەتەکانی دۆزینەوەو پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوتدا هەیە لە چەند ناوچەیەکی جیهان لەوانە (هەرێمی کوردستانی عێراق- نەرویج- بەریتانیا- کۆت دیڤوار- هۆڵەندا- یەمەن).



Workers adjust a valve of an oil pipe in Tawke oil field near Dahuk, 400 km north of Baghdad. (Reuters)

دوو کرێکار لەکاتی چاککردنی بۆرییەکانی نەوت لە کێڵگەی تاوکێ

فۆتۆ: رۆیتەرز

10ی شوباتی 2022، کۆمپانیای DNO ئاشکرایکرد" ریکۆردێکی نوێی لە داهات تۆمار کردووەو بۆ یەکەمجار داهاتەکانی کۆمپانیاکە گەیشتووەتە زیاتر لە (ملیارێك) دۆلار، کە 63% زیاترە لە ساڵی 2021، ئەمەش وەکو خۆی ئاماژەی بۆ کردبوو، لە دەرەنجامی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و گازو بەرزی تواناو ئاستی بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکە، کە وایکردووە قازانجی ساڵانەی کۆمپانیا بگاتە 321 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

بێژەن مسافر رەحمانی سەرۆکی جێبەجێکاری (DNO) لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی فەرمی کۆمپانیاکەی وتبووی:" لە پەنجاهەمین ساڵیادی دامەزراندنیدا، لەگەڵ بەردەوامی کاریگەری پەتای کۆرۆنا، DNO ساڵی 2021 بوو بە کۆمپانیایەکی (ملیار دۆلاریی)".

ئەوەی جێگەی سەرەنجە، لەو ساڵەدا کە خۆی وەکو کۆمپانیایەکی "ملیار دۆلاریی" ناساندووە، هاوکات DNO باسی لەوە کردووە کە زۆرینەی بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکە لە هەرێمی کوردستاندا بووە، بەجۆرێك لە 2021دا بە تێکڕا لە هەموو ئەو ناوچانەی کاریکردووە بڕی (94 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانەی بەرهەمهێناوە، لەمە بە تەنیا (81 هەزار) بەرمیلی رۆژانەی لە هەرێمی کوردستاندا بووەو تەنیا (12 هەزارو 900) بەرمیلی رۆژانەی لە دەریای باکوردا هەبووە، واتا (86%) تێکڕای بەرهەمی نەوتی ئەم کۆمپانیا نەرویجییە لە هەرێمی کوردستاندا بووە.




تاوکێ بەگوێرەی نەخشەیەکی 2011ی کۆمپانیای (شاماران)

## تاوکێ و ناڕەزایەتیی

ڕۆژی 11ی تشرینی دووەمی 2023 هاوکات لەگەڵ سەردانێکی وەزیری نەوتی عێراق بۆ هەولێر بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەبارەی دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێم، هاوڵاتیانی (11) گوندی سنوری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لەبەردەم کێڵگەی نەوتی (تاوکێ) دەستیان بە گردبوونەوەی ناڕەزایەتیی کرد.

ناڕەزایەتییەکە بەهۆی ئەوەبوو کۆمپانیای DNO تاوکێ گرێبەستی کارکردنی کرێکارەکانی ئەم گوندانەی هەڵوەشاندبووەوە، ئەمە حەوت مانگ دوای راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم بوو بۆ تورکیا، کۆمپانیاکان ترسیان هەبوو زیانی دارایی زیاتر بکەن، بەوهۆیەوە کارکردنیان لە کێڵگە نەوتییەکان رادەگرت یاخود سنورداریان دەکرد بۆ ئەوەی ئاستی خەرجییەکانیان کەمبکەنەوە .

ئەوە جاری دووەم بوو خەڵکی ئەو گوندانە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیی کۆببنەوە، پێشتریش جارێکی تر گردبونەوەیان کردبوو، بەڵام بێ ئەنجام بووە، ئەم کرێکارانە داوای ئەوەیان دەکرد بچنەوە سەر کارەکانیان.



نەوت لە زەوییەکانی سنوری گوندی تاوکێ

ئەو رۆژەی ناڕەزایەتییەکە رێکخرا، ژمارەیەك لە میدیاکان بۆ رووماڵی ناڕەزایەتی خەڵکی ئەو گوندانەی نزیك کێڵگەی تاوکێ، پەیامنێری خۆیان ناردە ناوچەکە، بەڵام لەلایەن پۆلیسی کێڵگە نەوتییەکانەوە رێگرییان لێکرا .

سەنتەری میترۆ کە پێشێلکارییەکان دژی رۆژنامەنوسان لە هەرێمی کوردستان تۆمار دەکات، ئەوکات لە راگەیەندراوێکدا وتی:" خۆپیشاندان‌و گردبوونەوەی هاوڵاتیان بە یاسای رێکخستنی خۆپیشاندن‌و دەستوری عێراق، رێگە پێدراوەو روماڵکردنیشی بە یاسای رۆژنامەگەریی، پارێزراوە. ئەو هێزەی بۆ پاراستنی یاسا لە داهاتی گشتی موچە وەردەگرن، لەبەرژەوەندی کۆمپانیا نەوتییەکان یاسا

پێشێلدەکەن‌و نایانەوێ دەنگی ناڕەزایەتی کرێکارو کارمەندانی کۆمپانیاکان بگاتە رایگشتی.

کانونی یەکەمی 2021 وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم ئاشکرایکرد، زیاتر لە 14 کۆمپانیا لە کەرتی نەوت‌و گازی هەرێمی کوردستان کاردەکەن .

بەپێی قسەی وەزارەت، ئەوکات (6 هەزارو 196) کەس لە کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کاریان کردووە، لەم ژمارەیە (5 هەزارو 44) کەسیان خەڵکی هەرێمی کوردستان بوون، واتا رێژەی زیاتر لە 81%ی کرێکاری کۆمپانیاکانی کەرتی نەوت لە هەرێم دەستی ناوخۆیی بووە.

بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوت بە بۆری بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا، هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان رێژەی 0,5%ی کۆی گشتی هەناردەی نەوتی لەسەر ئاستی جیهان پێکدەهێنا.

## سەرچاوەکان

- ناوەندی روپێوی ئابوری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست(Mees)

https://www.mees.com/country/iraq

- سایتی حکومەتی هەرێمی کوردستان- وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

https://gov.krd/mnr/publications/%DA%AF%D8%B1%DB%8E%D8%A8%DB%95%D8%B3%D8%AA%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86/

- سایتی کۆمپانیای DNO

https://www.dno.no/en/media-center/

**تێبینی**

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/11) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16225

# کۆرمۆر.. سەرچاوەی غازی کوردستان




- ڕووبەری کێڵگە: 510 کیلۆمەتر چوارگۆشە
- ناوچە: سنوری قەزای چەمچەماڵ
- گەورەترین کێڵگەی گازی سروشتییە لە هەرێمی کوردستان و عێراق
- یەدەگی سەلمێندراو: 16 ترلیۆن پێ سێجا

گەورەترین کێڵگەی غازی کوردستان و عێراق لەبەردەم پرۆژەیەکی نوێدایە، کۆمپانیایەکی ئێرانی دەیەوێت بە بۆری غازی کێڵگەکە بگوازێتەوە بۆ هەردوو ناوچەی پیشەسازی (بازیان)و (عەربەت)، غازی ئەم کێڵگەیە دەگاتە ئەفغانستان، بەڵام هەناردەکردنی بە بۆری بۆ تورکیا، لەنێوان پارتی و یەکێتیدا کێشەی لەسەرە، رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا سورە لەسەر ئەوەی غازی ئەم کێڵگەیە بگاتە تورکیا، ئەنکەرە لەدوای نەوتەوە چاوی بڕیوەتە غازی کوردستان، وردەکاری زیاتر لەبارەی کێڵگەی (کۆرمۆر) لەم راپۆرتەدا.

## کۆرمۆر بە کورتی

- رووبەری کێڵگە: 510 کیلۆمەتر چوارگۆشە
- ناوچە: سنوری قەزای چەمچەماڵ
- گەورەترین کێڵگەی گازی سروشتییە لە هەرێمی کوردستان و عێراق
- یەدەگی سەلمێندراو: 16 ترلیۆن پێ سێجا

## کورتەیەکی مێژوویی

کێڵگەی (کۆرمۆر) دەکەوێتە خۆرئاوای ناحیەی (قادرکەرەم)، ئەم ناحیەیە تاوەکو ساڵی 1976 سەربە قەزای خورماتوو بووە، واتە لەسەر پارێزگای کەرکوك ئەژمارکراوە، بەڵام لەو ساڵەدا خراوەتەسەر پارێزگای سەڵاحەدین، ساڵی 1987 جارێکی تر ناحیەی (قادرکەرەم) لەڕووی ئیدارییەوە دەستکاری کراو خراوەتەسەر قەزای چەمچەماڵ.

سەرەتای دۆزینەوەی ئەم کێڵگەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1928، ئەوکات کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز گەڕانێکی سەرەتایی تێدا کردووەو بیرێکی لێداوە، بەڵام نەوتی دەرنەهێناوە، ئیتر کارکردن لەم کێڵگەیە راوەستاوە. ساڵی 1953 جارێکی تر دەست بەکارکردن کراوەتەوە، ئەوکات پشکنەرەکان زیاتر بەدوای نەوتدا گەڕاون، بەڵام بۆیان دەرکەوتووە کێڵگەکە زیاتر غازی تێدایە، بەجۆرێك بڕەکەی دەگاتە (1.8 ترلیۆن) پێ سێجا.




کۆرمۆر بەگوێرەی نەخشەیەکی 2011ی کۆمپانیای (شاماران)

لە کۆتای شەڕی ئێران- عێراقدا، دوای چۆڵکردنی ناحیەی قادر کەرەمو شاڵاوی ئەنفال، حکومەتی عێراق جارێکی تر لەڕێگەی هەردوو کۆمپانیای نەوتو غازی باکورەوە دەستیکردوەتەوە بە کارکردن لە کێڵگەی (کۆرمۆر)و چەند بیرێکی نوێی لێداوە.

لە ساڵی 1990 بەهۆی شەڕی کوەیتو گەمارۆی ئابوری سەر عێراقەوە، رژێمی پێشوو کارەکانی خۆی لە (کۆرمۆر) راگرت، لەدوای رووخانی

ڕژێمی سەددام لە ساڵی 2003دا کێلگەکە کەوتە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستان، نیسانی 2007 حکومەتی هەرێم گرێبەستی لەگەڵ هەردوو کۆمپانیای (دانەگاز)و (کریسنت پتریۆلیۆم)ی ئیماراتی ئیمزا کرد، گرێبەستەکە مافی (نرخ لەسەردانان، گەشەپێدان، بەرهەمهێنان، بەبازاڕکردن و فرۆشتنی هایدرۆکاربۆنەکان) لە کێڵگەکەدا بە کۆمپانیاکان دەبەخشێت.

## بەرهەمهێنانی غاز

ئۆکتۆبەری 2008دا غاز لە کۆرمۆر بەرهەمهێنرا، لەڕێگای بۆرییەکی 24 ئینجیو بەدرێژایی (180) کیلۆمەتر غاز گەیەندرایە وێستگەی کارەبای چەمچەماڵو وێستگەی کارەبای هەولێر.

ساڵی 2009وە هەندێك گۆڕانکاری لە پشکەکانی ئەو کۆمپانیایانەدا روویدا کە گرێبەستی (کۆرمۆر)یان وەرگرتبوو، هاوپەیمانی (پێرڵ پترلیۆم) دروستکرا کە هەریەکە لە کۆمپانیاکانی (دانە غاز)و (هیلال)ی ئیماراتی لەخۆدەگرت، کە هەریەکەیان پشکی 50%ی گرێبەستەکەیان برد، دواتر پشکی هەریەکەیان بۆ 35% دابەزی بەهۆی هاتنەناوەوەی هەرسێ کۆمپانیای (MOV)ی نەمساوی و (MOL)ی هەنگاری و (RWE)ی ئەڵمانی بۆ ناو هاوپەیمانێتییەکە، کە هەریەکەیان رێژەی 10%ی پشکەکانیان وەرگرت.

بەڵام دواجار کارەکە لای کۆمپانیای (دانەغاز)ی ئیماراتی مایەوە، (دانە غاز) خۆی وەکو گەورەترین کۆمپانیای ناوچەیی تایبەت بە بەرهەمهێنانی غازی سروشی لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەناسێنێت، ئەم کۆمپانیایە لە دێسەمبەری 2005 دامەزراوەو لە بازاڕی

دراوی (ئەبوزەبی) تۆمارکراوە، جگە لە هەرێمی کوردستان، لە میسرو ئیماراتی عەرەبیش کاردەکات.

بەپێی قسەی مەجید جەعفەر بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای دانەگاز بەپێی خەمڵاندنەکانمان، سەلمێنراوە کە 15 ترلیۆن پێ سێجا یەدەگی گازی سروشتی لە کوردستان هەیەو ئەگەر هەیە 80 ترلیۆنی دیکەش هەبێت. بەپێی خەمڵاندنەکانیشمان پێویستی بازاڕی هەرێمی کوردستان نزیکەی ملیارێک پێ سێجایە لە رۆژێکدا.




دیمەنێکی کێڵگەی کۆرمۆر- وێنەکە لە 27ی ئایاری 2013 گیراوە

بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ حکومەتی هەرێم کردویەتی، کۆمپانیای (دانەغاز) لە کێڵگەی کۆرمۆر تەنیا بەرهەمهێنان دەکات و خۆی بەرهەمەکانی غاز و نەوتی کێڵگەکە دەفرۆشێتەوە، ئەمە وایکردووە

هەندێك پێیان وابێت حکومەتی هەرێم دەستی بۆ گێڵگەکە نەبردایە باشتر بوو، چونکە قازانجێکی ئەوتۆی دەستناکەوێت.

دەستپێکی ساڵی 2022 کۆمپانیای "دانە گاز" بەرزکردنەوەی بەرهەمهێنانی غازی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئاستێکی پێوانەیی ڕاگەیاند. ئاشکرایکرد لە کێڵگەی کۆرمۆ ئاستی بەرهەمهێنانی غازی بۆ (452) ملیۆن پێ سێجا ڕۆژانە بەرزکردوەتەوە، بەم پێیەش بەراورد بە ساڵی 2018 ئاستی بەرهەمهێنان بەڕێژەی 50% زیادیکرد بوو، وەك ئەوەی کۆمپانیاکە ئەوکات رایگەیاندبوو، پلانی هەبوو تا مانگی نیسانی 2023، ئاستەکە بگەیەننە (700) ملیۆن پێ سێجای رۆژانە.

وەکو (دانە غاز) خۆی دەڵێ: لەدوای ساڵی 2009وە کێڵگەی (کۆرمۆر) چەندین چاکسازیی تێدا کراوە، یەکێك لە پرۆژەکان لە 2020دا تەواو بووە، دوو پرۆژەی تر بۆ فراوانکاریی کە لە ساڵانی 2018و 2022 جێبەجێکراون، بونەتە هۆی ئەوەی توانای بەرهەمهێنان بەرێژەی 60% زیاد بکات، بەجۆرێك ئاستی بەرهەمهێنانی رۆژانەی غازی سروشتی کە لە 2018دا بڕی (305 ملیۆن) پێ سێجا بووە، لە کۆتایی 2022دا بۆ (500 ملیۆن) پێ سێجا بەرزبوەتەوە.

کۆمپانیای (دانەغاز) لە ساڵی 2019دا رێککەوتنێکی (20 ساڵە)ی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کردووە، ئەمە وایکرد کۆمپانیا ئیماراتییەکەو هاوبەشەکانی، بڕیار بدەن لەسەر زیادکردنی بەرهەمهێنان و پرۆسێسکردن (250 ملیۆن) پێ سێجای غازو (7 هەزار) بەرمیل کۆندێنسەیت بەشێوەی رۆژانە، بەمەبەستی فرۆشتنی بە حکومەتی هەرێم، ئەمەش لەڕێگەی پرۆژەیەکەوە بەناوی (کۆرمۆر 250)، پرۆژەیەك کە بە قسەی کۆمپانیاکە دەبوو لە چارەکی دووەمی

2024دا تەواو ببێت و بڕی (806 ملیۆن) دۆلار وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، بەڵام تائێستا پرۆژەی فراوانکردنەکە تەواو نەبووە.

لە ئابی 2024دا کۆمپانیای (دانەغاز) لە راگەیەندراوێکدا ئاشکرایکرد، کۆنسێرتیۆمی (پێرڵ پترلیۆم) کۆتایی بە گرێبەستی کارکردن لەگەڵ (ئینەرفلێکس) هێناوە. کۆمپانیای (ئینەرفلێکس) بەڵێندەری پەرەپێدانی کێڵگەی غازی کۆرمۆر بوو لە (کۆرمۆر 250). وەکو دانە غاز باسی کردووە، هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکە لاوازی ئاستی کارکردنی (ئینەرفلێکس) بووە، کە بەشێوەیەکی جەوهەری گاریگەریی لەسەر توانای کۆمپانیای ناوبراو لە پابەندبوون بە گرێبەستەکەیەوە دروستکردووە، ئەمە جگە لە دواکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدانی (کۆرمۆر 250)و تەواونەکردنی لە وادەی خۆیدا .

لەبەرەنجامی ئەمەدا، کۆمپانیای پێرڵ پترلیۆم (هاوپەیمانی ئەو کۆمپانیایانەی کە کۆمپانیای هیلال و دانەغاز سەرۆکایەتیی دەکەن)، ناچار بووە بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستوەردان بکات بەمەبەستی تەواوکردنی پرۆسەی پەرەپێدانی کێڵگەی کۆرمۆر لە کاتێکی گونجاودا؛

لەدوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کۆمپانیای (ئینەرفلێکس)، ئیتر کۆمپانیای (پێرڵ پترلیۆم) خۆی بەشێوەی راستەخۆ قۆناغەکانی تری پرۆسەی پەرەپێدانی (کۆرمۆر 250)ی وەرگرتووە، ئاماژەی بەوەکردووە بەم هەنگاوە پرۆسەی پەرەپێدانی کێڵگەکەی خستوەتەوە سەر ئاڕاستە دروستەکەی خۆی .
بەگشتیی، بڕیارە پرۆژەی (کۆرمۆر 250) ئاستی بەرهەمهێنانی غاز لە کێڵگەکە لە (500 ملیۆن) پێ سێجاوە بۆ (750 ملیۆن) پێ سێجا بەرزبکاتەوە .

**بەرهەمی کۆرمۆر**

کێڵگەی کۆرمۆر بەگشتیی سێ جۆر بەرهەمی هەیە، کە ئەمانەن:

**یەکەم: گازی سروشتی**

رۆژانە (500 ملیۆن) پێ سێجا بەرهەم دەهێنێت، رەوانەی وێستگەکانی کارەبا دەکرێت لە چەمچەماڵ و بازیان و هەولێر، بەپێی قسەی (دانەغاز) پشکدارە لە بەرهەمهێنانی رێژەی زیاتر لە 80%ی تێکڕای کارەبای بەرهەمهێنراوی هەرێمی کوردستان، بۆیە هەر کاتێك ئەم کێڵگەیە توشی گرفتی تەکنیکی دەبێتەوە یان کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ دەکرێت یاخود رووبەڕووی هێرشی موشەکی دەبێتەوە کارەبا لە کوردستان توشی قەیران دەبێت.

**دووەم: نەفتا**

بەرهەمی رۆژانە بەگوێرەی دوایین راپۆرتی (دانەغاز) بریتییە لە (38 هەزارو 200) بەرمیلە، ئەم نەوتە کە پێشتر دەخرایە ناو بۆریی نەوتی کوردستانەوە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی کوالیتییەکەی، ئێستاو لەدوای راوەستانی هەناردەی نەوتی کوردستانەوە بە دوو کۆمپانیای ناوخۆیی دەفرۆشرێت، بەگوێرەی دوایین بەدواداچوونی (درەو)، ئێستا مانگانە (40 هەزار) تەن نەفتا لەرێگەی ئەو دوو کۆمپانیایەوە رەوانەی ئێران و لەوێشەوە رەوانەی (دوبەی) دەکرێت، نرخی هەر تەنێك نەفتای کۆرمۆر بڕی (650 بۆ 700) دۆلارە، بەم نرخەوە 10%ی هەر تەنێك قازانج دەستی کۆمپانیا هەناردەکارەکان دەکەوێت.

ئەوەی لە بابەتی نەفتای کۆرمۆردا قسەی جددی لەبارەوە دەکرێت ئەوەیە، بۆچی حکومەت و ئیدارەی یەکێتیی لە سنورەکە شکستیان هێناوە لە دروستکردنی پاڵاوگەیەك لە سنوری چەمچەماڵ بەمەبەستی بەرهەمهێنانی بەرهەمە نەوتییەکان بەتایبەتیش بەنزین بۆ دابینکردنی

لانی کەمی پێداویستی نەوت و بەنزینی سنورەکەو لەبری ئەوە بە نرخێکی زۆر هەرزانتر لە بازاڕی جیهانی ڕەوانەی دەرەوە دەکرێت؟!.

بەرهەمی نەوت لە (کۆرمۆر) لەماوەی ساڵانی 2016 بۆ 2020 بەمشێوەیە بووە:

- 2016: 13 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە
- 2017: 13 هەزار بەرمیل
- 2018: 15 هەزار بەرمیل
- 2019: 15 هەزار بەرمیل
- 2020: 15 هەزار بەرمیل



## سێیەم: LPG

ئەمە بریتییە لە غازی پێداویستی ماڵان، ڕۆژانە (هەزارو 150) تەن بەرهەمی هەیە، لەم بڕە بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی (درەو)، ڕۆژانە (650) تەنی لەرێگای تانکەرەوە لە ئێرانەوە رەوانەی ئەفغانستان دەکرێت، هەر تەنێکی بۆ بازاڕی دەرەوە بە بڕی (ملیۆنێك و 200 هەزار) دینار دەفرۆشرێت، ئەو کۆمپانیایەی کە رەوانەی دەرەوەی دەکات لە هەر تەنێك 600 دۆلار قازانجی دەستدەکەوێت.

کۆمپانیای (دانەغاز)، غازی (LPG) کۆرمۆر بۆ بازاڕی ناوخۆ بە کۆمپانیای (ساوس کوردستان) دەفرۆشێت کە کۆمپانیایەکی ناوخۆییە، ئەم کۆمپانیایە غازەکە بەتانکەر دەگوازێتەوە بۆ هەموو پارێزگاکانی هەرێم، ئەوەی دەمێنێتەوە رەوانەی ئەفغانستانی دەکات.

هەر تەنێك لە غازی (LPG) بۆ بازاڕی ناوخۆ بۆ هەر تەنێك بە بڕی (518 هەزار) دەفرۆشرێت.

## بۆری کۆرمۆر- بازیان- عەربەت

بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی (درەو)، ئیدارەی گشتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بەمدواییانە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئێرانی لە گفتوگۆدایە بەمەبەستی راکێشانی بۆرییەکی غاز لە (کۆرمۆر)ەوە بۆ هەردووو ناوچەی پیشەسازیی (بازیان) و (عەرەبەت)، وەکو باسدەکرێت درێژیی بۆرییەکە (147 کیلۆمەتر)ەو خەمڵاندنی پوختەی داهات لەم پرۆژەیەدا مانگانە (15 بۆ 20 ملیۆن) دۆلارە کە بۆ ئیدارەی گشتیی یەکێتیی دەگەڕێتەوە.

یەکێتیی نیشتمانی وەکو دەسەڵاتداری ئەو زۆنەی کە کێڵگەی (کۆرمۆر)ی تێدایە، لە ساڵی 2019وە بیرۆکەی ئەوەی گەڵاڵە کردووە مامەڵە بە غازی ئەم کێڵگەیەوە بکات لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق.

لە ساڵی 2021و بەر لە ڕووداوەکانی 8ی تەموزی ناوخۆی یەکێتیی (تەقینەوەی ناکۆکی ئامۆزاکان و یەکلابوونەوەی یەکێتیی بۆ کوڕانی کۆچکردوو جەلال تاڵەبانی)، وەفدێکی یەکێتیی بەنهێنی چووە ناو گفتوگۆوە لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراق، یەکێتیی لەم گفتوگۆیەدا پێشنیازی ئەوەی کرد کۆمپانیایەك بەناوی "کۆمپانیای غازی سلێمانی" بە هاوبەشیی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق دروست بکات، ئەم کۆمپانیایە هاوبەش بێت لەنێوان پارێزگای سلێمانیو وەزارەتی نەوتی عێراقداو کۆنترۆڵی هەموو کیڵگەکانی نەوتو غازی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی (تەقتەق، کۆرمۆر، حەسیرە، چیا سورخ) بکات، بە کیڵگەکانی سنوری کەرکوكو خانەقینیشەوە.

کرۆکی پرۆژەکە ئەوە بوو، غازی کۆرمۆر بە بۆریی بگەیەندرێتە هەموو ماڵێك لە زۆنی سەوز، دواتر ئەگەر پارتی قایل بێت پرۆژەکە بۆ سەرتاسەری کوردستان گەورە بکرێت.

ئەوانەی شارەزای بواری وزە بوون لەناو یەکێتیدا، ئەوکات باسیان لەوە دەکرد، غازەکەی سنوری یەکێتیی دەتوانێت پێداویستی ناوخۆی عێراق پڕبکاتەوەو وادەکات چیتر عێراق پێویستی بە کڕینی غاز نەبێت لە ئێران بۆ کارپێکردنی وێستگەکانی کارەبا، ئەمریکییەکانیش پاڵپشتی ئەم هەنگاوە دەکەنو یەکێتی دڵنیایی لە بەرپرسانی بواری وزەی ئەمریکا لەمبارەیەوە وەرگرتووە، بەڵام هەنگاوێکی لەمجۆرە ڕەنگە ئێرانییەکان نیگەرانو توڕە بکات، بەتایبەتیش کە غازی هەرێمی کوردستان دەبێت بە بەدیلی غازەکەی ئێران لە عێراقدا.

هەر لەوکاتەوە تائێستا یەکێتیی دەیەوێت هەموو ئەم کارانە بە مەرجی ئەوە بکات، بەغداد بە جیا موچەو خەرجیی سنوری سلێمانی دابین بکاتو بەشێوەی راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ پارێزگای سلێمانیدا بکات، نەك لەڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، رەنگە ئەمە هۆکارەکە بێت کە لەو ساڵانەی دوایدا مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی بە ئاشکراو لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا وتی:" هەندێك کەیس هەیە ناتوانین دەستی بۆ ببەین، چونکە رەنگە ببێت بەهۆی سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ" .

ئەم ساڵانەی دوایی زیاتر ناکۆکی نێوان پارتی و یەکێتیی لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن بە غازی کۆرمۆرەوە دەرکەوت، کێڵگەیەك کە سەرچاوەی سەرەکی غازی وێستگەکانی کارەباو ماڵانە لە هەرێمی کوردستان.

شوباتی 2022 رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی تورکیا بەفەرمی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بانگهێشتی ئەنکەرە کرد، دوای ئەم دیدارە سەرۆکی تورکیا بە فەرمی رایگەیاند، داوای لە سەرۆکی هەرێم کردووە غازی سروشتی کوردستان هەناردەی تورکیا بکات.

ئەم قسەیەی ئەردۆغان بەس بوو بۆ ئەوەی دواتر هەرێمی کوردستان بکەوێتە ژێر فشارێکی بەهێزی حکومەتی فیدراڵی عێراقو کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، بەتایبەتیش لەو هەر لەو رۆژگارەدا بوو کە بەڕێوەبەری کۆمپانیای (دانەغاز) لێدوانێکی داو وتی:" دەتوانین بە غازی چەمچەماڵ سوتەمەنی بۆ عێراقو تورکیاش دابین بکەین". هەر لەو مانگەدا کە نێچیرڤان گەشتەکەی کرد بۆ تورکیا (شوبات)، دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بەشێوەیەکی کتوپڕو دوای (10) ساڵ سڕکردنی، بڕیاری خۆی لەبارەی سکاڵایەکی وەزارەتی نەوتی عێراقەوە

یەکلاکردەوەو یاسای نەوتو غازی هەرێمی کوردستانی هەڵوەشاندەوەو حوکمیدا بەوەی دەبێت هەرێم نەوتو غازی خۆی رادەستی بەغداد بکات.

ئەم بڕیارە پێگەی هەرێمی کوردستان لەناو عێراق بردە دواوە، پێشتر ئەگەر وەفدەکانی هەرێمی لە دانوستانەکانیاندا بۆ پێکهێنانی کابینەکانی حکومەت باسیان لە جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی تایبەت بە چارەنوسی ناوچە جێناکۆکەکانو پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق کردبێت، ئێتر لەوکاتەوە تائێستا مانشێتی سەرەکی دانوستانەکانیان چارەنوسی نەوتو غازی هەرێمی کوردستانە.

ناوەڕاستی 2022 هەوڵی هەناردەکردنی غازی سروشتی کوردستان بۆ توركیا هاوشێوەی نەوتەکە، کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە؛ حکومەتی هەرێم بە فەرمی کۆمپانیای (کار)ی راسپارد دەست بە کارکردن بکات بەمەبەستی دروستکردنی بۆرییەکی غاز لە کێگەی کۆرمۆرەوە بۆ دهۆك، هێزە ئەمنییەکانی یەکێتیی رێگرییان لە کارکردنی کۆمپانیای (کار) کرد.

رۆژی 28ی نیسانی 2022 بافڵ تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی لە هەولێر لەگەڵ نوێنەری نێردەی دیپلۆماسی وڵاتانو رێکخراو ئاژانسە نێودەوڵەتییەکاندا کۆبووەوە، لەم کۆبونەوەیەدا لەبارەی پرسی هەناردەکردنی غازی کوردستانەوە وتی: "دەبێت گرێبەست و شێوازەکەی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان روونبکرێتەوە، نامانەوێت مەینەتییەکی تر بەسەر هەرێمەکەماندا بهێنین. بە شەفافی کار لەسەر ئەم کەیسە بکرێتو هاوڵاتییانی کوردستان بەشێکبن لە پرۆسەکە. هەموو هەوڵێکیش لەدەرەوەی ئەم داواکارییانە ئەوا روونو ئاشکرا رایدەگەیەنم، دەبێت بەسەر لاشەی بافڵ جەلال تاڵەبانیدا بۆری غاز هەناردەی دەرەوە بکرێت".

لەوکاتەوە تائێستا ئیتر چارەنوسی غازی کۆرمۆر لەنێوان دوو پرۆژەی جیاوازی پارتی و یەکێتیی بە هەڵواسراوی ماوەتەوە، پرۆژەی پارتی هەناردەکردنی زیادەی غازەکەیە بۆ تورکیا، پرۆژەی یەکێتیی مامەڵەکردنە بە غازەکەوە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق.

## کۆرمۆر لەنێوان دادگاو بۆردوماندا !

کۆرمۆر تەنیا لەنێوان پرۆژەی پارتی و یەکێتیدا گیری نەخواردووە، لەلایەکی تریشەوە کۆمپانیای نەوتی باکور کە سەربە وەزارەتی نەوتی عێراقە دەیەوێت ئەم کێڵگەیە لە هەرێمی کوردستان وەربگرێتەوە.

رۆژی 5ی ئایاری 2022 کۆمپانیای نەوتی باکور بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، باسی لەوەکرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیادەڕۆیی کردوەتەسەر کێڵگە نەوتییەکانی سەربە کۆمپانیای باکور لەوانە (خورمەڵە، ئاڤانا، سەفیە، کۆرمۆر)، کۆمپانیای نەوتی باکور لە دادگاکانی عێراق لەبارەی (خورمەڵەو کۆرمۆر)ەوە سکاڵای لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان تۆمار کردووە.

سەرباری سکاڵا یاساییەکەی کۆمپانیای نەوتی باکور، لە حوزەیرانی 2022دا لە ماوەی سێ رۆژدا سێجار بە موشەك هێرشکرایەسەر کێڵگەی کۆرمۆر، پێشترو بەر لەم هێرشانە، (9) جاری تر بە موشەك و درۆن هێرش کرابووە سەر کێڵگەکە، لەوتەوە تائێستا هیچ گروپێك بەرپرسیارێتیی ئەو هێرشانەی نەگرتوەتە ئەستۆ، بەشێوەی ناڕاستەوخۆ پەنجەی تۆمەت بۆ گروپە چەکدارەکانی ناو حەشدی شەعبی درێژ دەکرێت کە نزیکن لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، هەر کاتێك باس لە هەناردەکردنی غازی کۆرمۆر بۆ تورکیا یاخود زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی کێڵگەکەو ناردنی بۆ عێراق دەکرێت، هێرشەکان

دەستپێدەکەنەوە، ئێران خۆی غازی سروشتی بە عێراق دەفرۆشێت، رەنگە نیگەران بێت لەوەی جێگرەوەی غازەکەی لە کۆرمۆرەوە بۆ دروست ببێت.



سەردانی قوباد تاڵەبانی و وەزیری سامانە سروشتییەکان بۆ کێڵگەکە لە 26ی حوزەیرانی 2022

## غازی کۆرمۆر بۆ کارەبای کەرکوك

رۆژی 6ی تشرینی دووەمی 2023، وەزارەتی نەوتی عێراق ئاشکرایکرد، بۆری گواستنەوەی غازی کێڵگەی "کۆرمۆر"ی بۆ وێستگەی کارەبای کەرکوك تەواو کردووە، بۆرییەکە 16 ئینجەو توانای هەیە رۆژانە (100 مقمق) غاز رەوانە بکات.

ئەم هەواڵە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان پێشبینیکراو نەبوو، وەزارەت هەر زوو بێئاگایی خۆی لەم مامەڵەیە

راگەیاند، هاوکات بەرپرسانی باڵای یەکێتیی نیشتمانی کوردستانیش وەکو دەسەڵاتدار بەسەر کێڵگەی "کۆرمۆر" بێئاگایی خۆیان نیشاندا .

بەڵام دواتر دەرکەوت، وەزارەتی نەوتی عێراق بەگوێرەی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بە ژمارە (23392)ی ساڵی 2023 مامەڵەی کڕینی غازی کۆرمۆری لەگەڵ کۆمپانیای (هیلالی) ئیماراتی کردووە، کۆمپانیاکە پشکی خۆی لە غازەکە بە وێستگەی کارەبای کەرکوك فرۆشتووە.

پەرلەمانتار (عودەی عەواد) سکاڵایەکی یاسایی لەسەر ئەم کەیسە لە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق تۆمارکرد، 4ی کانونی یەکەمی 2023 سکاڵاکەی رەتکرایەوە، بەبەهانەی ئەوەی سکاڵاکار (واتا عودەی عەواد) هیچ بەرژەوەندییەکی لەو بابەتەدا نییە  کە سکاڵاکەی لەسەر تۆمارکردووە، بەڵام دادبینییەکان لەسەر ئەم کەیسە هەندێك زانیاری نوێی ئاشکراکرد.

ئەوکات پارێزەری یاسایی محەمەد شیاع سودانی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەبەردەم دادگای فیدراڵیدا لەبارەی کەیسی کڕینی غازی کۆرمۆر بۆ وێستگەی غازی کەرکوك دوو وەڵامنامەی پێشکەشکردووە، وەڵامی یەکەم لە رۆژی 13ی ئەیلولی 2023و ئەوی تر لە 12ی تشرینی یەکەمی 2023دا بوو.

بەپێی ئەوەی لە وەڵامی پارێزەرەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراقدا هاتبوو، ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ پشتبەست بە دەسەڵاتەکانی خۆی کە لە ماددەی (80)ی دەستوردا هاتووە، فەرمانی بۆ وەزارەتی نەوت دەرکردووە بۆ ئەوەی غازی کێڵگەی کۆرمۆر لە کۆمپانیای هیلالی ئیماراتی بکڕێت، ئەمەش بەمەبەستی ئامادەکردنی سەرچاوەی تری وزە بۆ وێستگەکانی کارەبا، بەلەبەرچاوگرتنی بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو کەمبوونەوەی کاتەکانی پێدانی کارەبا بە هاوڵاتیان .

لە بەشێکی تری وەڵامنامەکەیدا، پارێزەرەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق باسی لەوەکرد، گفتوگۆو دانوستان لەگەڵ کۆمپانیای (هیلال)ی ئیماراتی کە لە کێڵگەی کۆرمۆر کاردەکات، لەساڵی 2020وە دەستیپێکردووەو پرۆسەی کڕینی غازی کۆرمۆر لەو کۆمپانیایە کاتێك دەستپێدەکات کە سەرجەم بابەتە یاساییەکان چارەسەردەکرێن، بەگوێرەی ئەوەی لە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیدا هاتوون .

پارێزەری سەرۆك وەزیرانی عێراق لەبەردەم دادگادا بۆ بەرگریکردن لە بڕیارەکەی حکومەت وتی" بڕیاری حکومەت بۆ کڕینی غازی کۆرمۆر هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ دووبارە کارکردنەوەی بەو گرێبەستانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردویەتی، ئەم گرێبەستانە بەر لە دەرچوونی بڕیاری دادگای فیدراڵی لێکەوتی لاوەکیان بەجێهێشتووە، لەوانە غازی بەرهەمهێنراو کە بووە بە بەرهەمێك بۆ فرۆشتن و ناتوانرێت جارێکی تر بگەڕێندرێتەوە بۆ کێڵگەکە، هەروەك کڕینی ئەم بەرهەمە بەواتای نیشاندانی رەزامەندی نییە لەسەر گرێبەستی ئیمزاکراو لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای وەبەرهێن (مەبەستی کۆمپانیای هیلالی ئیماراتییە)، سەرباری ئەمە بڕیاری دادگای فیدراڵ (ژمارە 59ی 2012 و کۆکراوەکەی ژمارە 110ی 2019) باسی لە هەڵوەشاندنەوە یان بەردەوامبوونی ئەو گرێبەستانە نەکردووە کە بەپێی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان کراون (ئەم یاسایە بەبڕیاری دادگای فیدراڵی هەڵوەشێندراوەتەوە) . "

بەهۆی ئەوەی پەرلەمانتار عودەی عەواد سکاڵای لەسەر وەزارەتی نەوتیش کردبوو، لەسەر ئەم بابەتە، پارێزەری وەزارەتی نەوت لەبەردەم دادگای فیدراڵیدا لە رۆژی 15ی تشرینی یەکەمی 2023 لائیحەیەکی پێشکەشکردووەو ئاماژەی بە هەمان هۆکارەکانی پارێزەرەکەی سەرۆك وەزیران کردووە لەبارەی بابەتی کڕینی غازی کێڵگەی کۆرمۆر لەلایەن

وەزارەتی نەوتەوە، بەڵام هەندێك پاڵنەری تریشی بۆ هۆكاری دەركردنی بڕیارەكە باسكردووە، لەوانە:

- خەرجی كڕینی غازی كۆرمۆر كەمترە لە كڕینی غازی ئێران و زۆرترە لە خەرجی كڕینی غازی بەسرە .
- تائێستا هیچ گرێبەستێك لەگەڵ كۆمپانیای هیلالی ئیماراتیدا نەكراوە بۆ كڕینی غازی كۆرمۆر.
- رۆڵی وەزارەتی نەوت تەنیا لە بابەتی لۆجستی تایبەت بە كاروباری گواستنەوەو نۆژەنكردنەوەدا كورتدەبێتەوە، چونكە لایەنی تایبەتمەندە لەم بابەتەدا هاوشێوەی هاوردەكردنی غازی ئێران و، لایەنی سودمەند لە گرێبەستی پلانبۆدانراو لەگەڵ كۆمپانیای هیلال، وەزارەتی كارەبایە.
- وەزارەتی نەوت هێشتا دەیەوێت رێوشوێنی یاسایی پێویست بگرێتەبەر بۆ زامنكردنی یاساییبوونی گرێبەستەكە، بەجۆرێك پێچەوانە نەبێت لەگەڵ یاسای بەركارو ئەو بڕیارانەی كە لەلایەن دادگاوە دەرچوون .

بەهۆی ئەوەی لە سكاڵاكەی پەرلەمانتار عودەی عەواد دا وەكو سكاڵا لەسەر كراو ناوی هێنراوە، وەزارەتی دارایی فیدراڵیش پارێزەری خۆی ناردوەتە دادگای فیدراڵی و؛ لە لائیحەی خۆیدا باسی لەوەكردووە، هیچ بڕە پارەیەكی لە بەرژەوەندی وەزارەتی نەوت پێنەدراوە بۆ ئەوەی غازی بەرهەمهێنراوی كێڵگەی كۆرمۆری پێ بكڕێت (لە كۆمپانیای هیلالی ئیماراتی لەچوارچێوەی گروپی كۆمپانیای پێرڵ پترلیۆم كە ئێستا لە كێڵگەی كۆرمۆر لە هەرێمی كوردستان وەبەرهێنان دەكات) .

پارێزەرەكەی وەزارەتی دارایی فیدراڵ ئاماژەی بەوەكردبوو، وەزارەتی دارایی هیچ داواكارییەكی ئاڕاستە نەكراوە بۆ ئەوەی بڕە پارەیەك لە چوارچێوەی یاسای بودجەدا دابنێت بۆ كڕینی غاز لە كێڵگەی كۆرمۆر .

## کۆرمۆر لە دادگای لەندەن

گرێبەستی بەرهەمهێنانی غاز لە کێڵگەی کۆرمۆر یەکێك لە دیارترین ئەو ئاڵنگارییانە بووە ئۆکتۆبەری 2013 رووبەڕووی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم بووە، ئاڵنگارییەك کە لە میدیاو شەقامی هەرێمی کوردستان وەکو شکستێکی گەورە بۆ وەزارەت تەماشا دەکرا، کەیسی ئەم کێشەیە گەیشتە دادگای لەندەن، لێرەدا دەقی راگەیەندراوێکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بڵاودەکەینەوە کە رۆژی 30ی ئابی 2017 بڵاوکراوەتەوە، راگەیەندراوەکە بە وردی گوزارشت لە کێشەکەو چۆنییەتی رێککەوتنەکە دەکات:

## دەقی راگەیەندراوەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

30 ئابی2017

بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆنسۆرتیۆمی پێڕل سەبارەت بە گەیشتنیان بە یەکلاکردنەوەی کۆتاییی سەرجەم ناکۆکییەکانی نێوانیان.

ڕێککەوتنامەی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عیراق و کۆمپانیاکانی (دانا گاز، هیلال پترۆلیۆمی نێودەوڵەتی، پێڕل پترۆلیۆم) کە بە یەکەوە بە (کۆنسۆرتیۆم) ناویان دێت.

ڕۆژی 4 ی نیسانی ساڵی 2007 (حکوومەتی هەرێمی کوردستان) و کۆنسۆرتیۆمی کۆمپانیاکان بەیەکەوە ڕێککەوتنێکی بەراییان ئیمزا کرد لەسەر وەبەرهێنان لە هەردوو کێڵگەی (کۆڕمۆڕ و چەمچەماڵ)، بەڵام دواتر لەسەر چەند بابەتێکی دیاریکراوی ئەو ڕێککەوتنامەیە ناکۆکی سەری هەڵدا و ڕۆژی 21 ی تشرینی یەکەمی ساڵی 2013 ئەو ناکۆکیانە ئاڕاستەی ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی کرا لە چوارچێوەی ڕێساکانی

(دادگای لەندەن بۆ ناوبژیوانیی نێودەوڵەتی) و بە کەیسی ژمارە 132527 تۆمار کرا بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو ناکۆکیانە لە لایەن چەند داوەرێکی ناوبژیوانییەوە لە لەندەن.

لایەنەکان ئەمڕۆ بە هاوبەشی ڕێککەوتن لەسەر یەکلاکردنەوەی کۆتاییی سەرجەم ناکۆکییەکانی نێوانیان بە شێوەیەکی دۆستانە لە ڕێگای کۆتایهێنان بە ناوبژیوانیی نێوانیان و هەر پرۆسەیەکی تری پەیوەندیدار بە دادگاوە، هەروەها کۆتاییهێنان بە هەموو داوا هەڵپەسێراوەکانی نێوانیشیان، لەوانەش داوای قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانەی لە لایەن کۆنسۆرتیۆمەوە کراوە لە بەرامبەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها لایەنەکان ڕێککەوتن لەسەر دانانی میکانیزمێك بۆ دانەوەی بڕی ( 2 دوو ملیار و 239 دوو سەد و سی و نۆ ملیۆن دۆلار) کە تا ئێستا لە لایەن دادوەرانی ناوبژیوانییەوە بڕیاری لەسەر دراوە، سەرەڕای ئەمەش لایەنەکان ڕێککەوتن لەسەر دەستکردنی خێرا بە گەشەپێدانی زیاتری دەرفەتەکانی هاتوو لە ڕێککەوتنی ساڵی 2007 لە بەرژەوەندیی هاوبەشی لایەنەکان.

سەرەڕای بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و تەواوی عێراق. خاڵە دیارەکانی ڕێککەوتنی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 600 شەش سەد ملیۆن دۆلار بە (پێرڵ) دەدات.
- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕی 400 چوار سەد ملیۆن دۆلاری تر بە (پێرڵ) دەدات کە پێویستە لە حسابێکی تایبەت دابنرێت بۆ ئەوەی تەنها خەرج بکرێت بۆ مەبەستی وەبەرهێنان لە بواری گەشەپێدانی زیاتر بە مەبەستی فراوانکردنی بەرهەمهێنان.

- بەپێی ئەم ڕێککەوتنەی یەکلاکردنەوەیە (پێڕڵ) بەرهەمهێنانی گاز زیاد دەکات لە کێڵگەی (کۆڕمۆڕ) بە توانای (500 پێنج سەد مەقمەق لە ڕۆژێکدا) وەك گازی زیادە بە ڕێژەی 160% ی ئاستی ئێستای بەرهەمهێنانی گاز و چاوەڕوان دەکرێت لە نزیکەی ماوەی دوو ساڵدا بەرهەمهێنان دەست پێبکات.
- ئەو بڕە پارەیەی دەمێنێتەوە لە بڕیاری ناوبژیوانییەکە کە دەکاتە بڕی (1 یەك ملیار و 239 دوو سەد و سی و نۆ ملیۆن دۆلار) ئیتر وەکو قەرز لە ئەستۆی حکوومەتی هەرێم نامێنێت، بەڵکو پۆڵێن دەکرێتەوە و تۆمار دەکرێت وەکو تێچووی خەرجکراو لە لایەن کۆنسۆرتیۆمەوە بە هەڵپەسێردراوی دەمێنێتەوە و شایانی وەرگرتنەوەیە لە داهاتی بەدەستهاتوو لە وەبەرهێنان لە ناوچەکانی ڕێککەوتنی ساڵی 2007 وەکو تێچوو.
- تەرخانکردنی بەشە قازانجی (پێڕڵ) لە داهاتی بە دەستهاتوو لە پاشەڕۆژدا لە ناوچەکانی دیاریکراو لە ڕێککەوتنی ساڵی 2007 لە سەر هەمان بنەمای کارپێکراو دەبێت کە دیاری کراوە بۆ ئاستی قازانجی گشتیی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت لە چوارچێوەی (گرێبەستەکانی هاوبەشیکردن لە بەرهەمهێنان) لە هەرێمی کوردستان، لەم خاڵەی ڕێککەوتنی یەکلاکردنەوەکە ڕەچاوی هەبوونی مەترسیی زیاتری وەبەرهێنان و سەرمایە کراوە لە بواری گەشەپێدانی سەرچاوەکانی گازی سروشتی بە بەراورد لەگەڵ گەشەپێدانی نەوت و لە دوای بەدەستهێنانەوەی تێچووی ئەو وەبەرهێنانەی کە کۆنسیۆتێرمەکە ئەنجامی دەدەن، ئەوا داهاتی بە دەستهاتوو وەکو قازانج بە ڕێژەی 78% لە ناوچەکانی ڕێککەوتنەکە بۆ بەرژەوەندیی حکوومەتی

هەرێمی کوردستان دەبێت و ڕێژەی 22% بۆ بەرژەوەندیی (پێڕڵ) دەبێت.

- ڕێککەوتنی لایەنەکان لەسەر دیاریکردنی سنووری بلۆکی کۆڕمۆڕ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەرفەتی وەبەرهێنانی داوە بە کۆنسۆرتیۆم لە هەردوو بلۆکی نزیکی 19 و 20 ، ئەم دوو بلۆکەش زیادکراون بۆ سەر ناوچەکانی ڕێککەوتنی ساڵی 2007، لەگەڵ پابەندیی کۆنسۆرتیۆم بۆ وەبەرهێنانی سەرەتایی لەسەر ئەم بلۆکانە و گەشەپێدانی بلۆکەکان ئەگەر سەرچاوەی نەوت و گازی بازرگانی دۆزرانەوە.
- حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەستێت بە کڕینەوەی ڕێژەی 50% ی ئەو بڕە زیادە گازەی کە لە داهاتوو بەرهەم دەهێنرێت بەپێی ئەو مەرجانەی لایەنەکان لەسەری ڕێکدەکەون و بەکار دەهێنرێت بۆ مەبەستی دابینکردنی گاز بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان، ئەو ڕێژەی 50%ی تریش کە دەمێنێتەوە لە گازی زیادەی بەرهەمهێنراو کە دەکاتە 250 مەقمەق لە لایەن (پێڕڵ)ـەوە بە بازاڕ دەکرێت چ لە ڕێگای فرۆشتنی بە کڕیارانی کەرتی تایبەت لە ناو عێراق، یان لە ڕێگای هەناردەکردنەوە، یاخود دەکرێت بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بفرۆشرێت بۆ هەمان مەبەستی فراوانکردنی بەرهەمهێنانی کارەبا لە چوارچێوەی عێراقدا.
- هەروەها (پێڕڵ) هەڵدەستێت بە فراوانکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنانی ناوخۆیی و دەستەبەرکردنی هەلی کار لەپێناو بەدەستهێنانی بەرزترین ئاست لە بەکارهێنانی سەرچاوەی ناوخۆیی، هەروەها پشتیوانیکردنی کۆمەڵگەی خۆجێیەتی لە

ڕێگای چالاکییەکانی تایبەت بە بەرنامە و پڕۆژەکانی بەرپرسیارێتی هاوبەشیی کۆمەڵایەتییەوە.

- لایەنەکان پێکەوە دەستبەردار بوون و تەنازولیان کرد لە هەموو داوا یاساییەکانیان لە ناوبژیوانی و هەر پرۆسەیەکی تری پەیوەندیدار بە دادگاکانەوە.
- لایەنەکان هەستان بە هەموارکردن و ڕوونکردنەوەی هەندێك لە مەرج و داڕشتنەکانی ڕێککەوتنی ساڵی 2007 لە ناویشیاندا درێژکردنەوەی ماوەی ڕێککەوتنامەکە تاوەکو ساڵی 2049.

لایەکان زۆر خۆشحاڵ بوون بە ڕێککەوتنی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوانیان و چاوەڕوانن پێکەوە کار بکەن بۆ گەیشتن بە بەرزترین دەرفەتەکانی ناوچەکانی ناو ڕێککەوتنی نێوانیان، ئەویش بۆ بەرژەوەندیی هاوبەشی لایەنەکان و هەروەها بەرژەوەندیی خەڵکانی هەرێمی کوردستان و عێراق کە سوودمەند دەبن لە زیادکردنی داهاتی گشتی و دابینکردنی کارەبای باشتر و لایەنەکانی ئەم ڕێککەوتنە باوەڕییان وایە کە ڕێککەوتنەکە ئەوە دووپات دەکاتەوە بۆ وەبەرهێنەرانی نێودەوڵەتی کە هەرێمی کوردستانی عێراق ژینگەیەکی سەرنجڕاکێش و دڵنیایە بۆ وەبەرهێنان.

هەر لە بارەی ئەم ڕێککەوتنەوە، بەڕێز دکتۆر ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: (وەبەرهێنانی ئەو کۆمپانیایانە لە بواری بەرهەمهێنانی گاز تا ئێستا بۆتە بەدەستهێنانی سوودی گەورە بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕێگای پشتیوانیی بەرهەمهێنانی کارەبا بە تێچوویەکی گونجاو. ئێمە خۆشحاڵین بە دەرئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە کە دەبێتە هۆی هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیی نێوان لایەنەکان، سەرەڕای ئەوەی کە

گەشەپێدانی کەرتی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ئاستێکی نوێی بەرزەوە.)

هەروەها بەڕێز مەجید جەعفەر بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای هیلال پیترۆلۆم و بەڕێوەبەری کارگێڕیی بۆردی (دانا گاز) گوتی:

(کۆمپانیاکان هەمیشە پابەندیی خۆیان دەربڕیوە بۆ چارەسەرکردنی دۆستانەی بابەتەکان بە ئاڕاستەی گەشەپێدانی گونجاوی کێڵگەکانی کۆڕمۆڕ و چەمچەماڵ، ئێمە خۆشحاڵین و لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنامە گرنگەدا کە دوای دانوستان و گفتوگۆی بنیاتنەر هاتەدی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پابەند دەبین بە بەدیهێنانی بەهای گرنگی هەموو ئەو بوارانەی جێگەی گرنگیی لایەنەکانن، هەروەها یەکلاکردنەوەی گشت قەرزەکان و دەستپێکردنەوەی هەماهەنگیی تەواوی نێوان لایەنەکان کە ئاسۆیەکی ئەرێنی دەخاتە ڕوو بۆ وەبەرهێنانی زیاتر و بە ئاگابوونی تەواو بۆ هەبوونی دەرفەتی سەرچاوەی گەورە لەو ناوچانەی کە ڕێکەوتنەکە دەیانگرێتەوە.)

## سەرچاوەکان


- سایتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

https://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/ku.html

- سایتی کۆمپانیای (دانەغاز)ی ئیماراتی

https://www.danagas.com/?lang=ar

- چاوپێکەوتنی مەجید جەعفەر بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای دانەگاز لەگەڵ (ڕووداو)

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/2710202313

- دابەشبوونی جوگرافی بلۆکە غازییەکانی هەرێمی کوردستان، راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10229

- پەرەپێدانی کێڵگەی کۆرمۆر کێشەی تێکەوت، هەواڵ لە سایتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15527

- کۆرمۆر لەنێوان پرۆژەی پارتیو یەکێتیدا گیری خواردووە

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10542

- "ئەمە نۆیەمجارە هێرش دەکرێتە سەر کۆرمۆر"، هەواڵ لە سایتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15009

- کێ هێرش دەکات ؟، هەواڵ لە سایتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10548

- یەکێتی کارتی غاز بەرامبەر پارتی بەرزدەکاتەوە، راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7720

- بەغداد لە کڕینی غازی کوردستان پاشگەزدەبێتەوە، راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14424

**تێبینی**

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/18) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16283

# تەقتەق.. "شامپانیای ڕەش"




- "شامپانیای ڕەش" ڕۆژگارێك ناونیشانی ئەو نەوتە بوو کە لە کێڵگەی (تەقتەق) بەرهەم دەهێنرا.

- ئەم کێڵگەیە کە بە سەرەتای مێژووی بەرهەمهێنانی نەوتە لە هەرێمی کوردستان و یەکەمین گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای بیانی تێدا کراوە.

- بەهۆی کەمتەرخەمیی حکومەت و هەڵپەی کۆکردنەوەی پارەی زیاترەوە، وشك بووە. وردەکاری چیرۆکی نەوتە کوالیتیی بەرزەکەی تەقتەق لەم ڕاپۆرتەدا.




## تەقتەق.. چیرۆکی یەکەم گرێبەستی نەوت

بلۆکی نەوتی (تەقتەق) دەکەوێتە ناحیەی (تەقتەق)ی سەربە قەزای کۆیە لە پارێزگای هەولێر، لەڕووی ئیدارییەوە پارێزگای هەولێر لەژێر قەڵەمڕەویی پارتی دیموکراتی کوردستاندایە، بەڵام ئەم بلۆکە نەوتییە دەکەوێتە سنوری قەڵەمڕەویی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە، بەگشتیی کێڵگەکە دەکەوێتە نێوان هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و کەرکوکەوە.

رووبەری ئەم بلۆکە (951) کیلۆمەتر دووجایەو (28) بیرە نەوت لەخۆدەگرێت، بەگوێرەی راپۆرتی (سکۆتیا کاپیتاڵ)و (گەنەڵ ئینەرجی) بڕی (1.5) ملیار بەرمیل نەوت لەم کێڵگەدا هەیە.

سەرەتای چیرۆکی ئەم کێڵگە نەوتییە بۆ پەنجاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەمجار ئینگلیزەکان نەوتیان تێدا دۆزیوەتەوە، لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا پەرەی پێدراوەو سێ بیری تێدا هەڵکەندراوە.

لەدوای کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی بەعسی عێراق لە ناوچە کوردییەکان و دروستبوونی یەکەم کابینەی حکومەت لە کوردستان، تشرینی یەکەمی 1993 یەکەم کابینەی حکومەت بڕیاریدا لەسەر دامەزراندنی (کۆمیتەی باڵای پرۆژە تایبەتەکان)، کاری ئەم کۆمیتەیە هەوڵدان بوو بۆ دەرهێنانی نەوت لە ناوچەی (تەقتەق)و (شیواشۆك)، ئەم کۆمیتەیە لەلایەن ئەندازیاری نەوت (حەمەجەزا ساڵح)ەوە سەرپەرەشتی دەکرا، لیژنەکە لەسەردەمی دووەم سەرۆك وەزیرانی کابینەی یەکەمدا کە (کۆسرەت رەسوڵ) بوو لە رۆژی 26ی کانونی یەکەمی 1994دا نەوتی لە بیری (تەقتەق) لە گوندی (شیواشۆك) دەرهێناو گواستییەوە بۆ پاڵاوگەیەکی بچوك لە سلێمانی، کە لەو سەردەمەدا بە دەستی ناوخۆیی دروستکرابوو، سەرۆکی ئەوکاتی حکومەت واتا کۆسرەت رەسوڵ خۆی خەڵکی ئەم ناوچەیە (شیواشۆك) بوو، بیرە نەوتەکانی ئامادەبوون، تەنیا لەسەردەمی بەعسدا سەریان نرابووەوەو حکومەتی کوردستان سەری بیرەکانی هەڵدایەوە، ئەمە بە سەرەتای قۆناغی پیشەسازی نەوت لە کوردستانی دوای بەعس ناودەبرێت، بەڵام شەڕی ناوخۆیی نێوان پارتی و یەکێتیی هەوڵەکەی بە ناچڵی هێشتەوە.

دوای راوەستانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی 1998و دابەشبوونی کوردستان بەسەر دوو حکومەت و ئیدارەی پارتی و یەکێتیدا، ئیدارەی یەکێتیی کە دەسەڵاتی بەسەر سنوری سلێمانیدا هەبوو، پێش پارتی کەوت و دەستی بۆ سامانی نەوت برد، حکومەتی یەکێتیی لە 17ی تەموزی

2002 واتا ساڵێك بەر لە روخانی رژێمی بەعس، یەکەم گرێبەستی بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتی (تەقتەق) لەگەڵ کۆمپانیای (گەنەڵ ئینەرجی)ی تورکیدا ئیمزا کرد، ناوەڕۆکی گرێبەستەکە بەو جۆرە بوو کە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لەم کێڵگەیە بۆ ماوەی (25 ساڵ) بەردەوام بێت، ئەمە بە یەکەمین گرێبەستی نەوتی لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا ئەژمار دەکرێت، گرێبەستەکە لە جۆری (هاوبەشی لە بەرهەمهێنان)دا بوو، پاشان لە 2004دا بەشێك لە بڕگەکانی ئەم گرێبەستە هەموارکرایەوە، دواجار 80%ی پشکەکانی کێڵگەکە دراوە بە کۆمپانیای (تی تی ئۆپکۆ) کە لە هەردوو کۆمپانیای (ئاداکس)ی سویسری و (گەنێڵ ئەنێرجی) تورکی پێکهاتووە، پشکی کۆمپانیای نەوتی کوردستانیش "کیپکۆ" 20%ە. لەم دابەشکارییەدا گەنێل ئەنێرجی تورکیا (44%)ی پشکەکانی کێڵگەکەی بردووەو (ئاداکس پترلیۆم)ی سویسری (36%)ی پشکەکان.




کێڵگەی تەقتەق بەگوێرەی نەخشەیەکی 2011ی کۆمپانیای (شاماران)

(فەرهاد حەمزە) کە ئەندازیارێکی کوردە لە کۆمپانیا نەوتی باکور دەڵێ: "کۆمپانیای گەنەڵ ئینەرجی پسپۆر نەبوو لە بواری دەرهێنانی نەوتدا، بۆیە تا ساڵی 2006 نەیانتوانی بیری تر لە تەقتەق لێبدات، تا ئەوکاتەی لەگەڵ دوو کۆمپانیای تری نەوتدا هاوبەشیی کرد".

بەپێی قسەی ئەم ئەندازیارە کوردە، لە ساڵی 2005دا ئەوکاتەی کە (محەمەد بەحرعلوم) وەزیری نەوتی عێراق بووە، چەند ئەندازیارێکی لێهاتوو، ئەوانەی نرخی نەوتی (تەقتەق)یان دەزانی، داوایان لە وەزیری ناوبراو کردووە پاڵاوگەیەك لە نزیک کێڵگەکە دابمەزرێنرێت، بەجۆرێك دیزاین کرابێت کە بە نەوتی سوك کاربکات، رەزامەندی لەسەر دراوە بە تێچووی (700 ملیۆن) دۆلار لەماوەی سێ ساڵدا تەواو بکرێت، پاڵاوگەکە لەتوانایدا بووە رۆژانە (70 هەزار) بەرمیل نەوت بپاڵێوێت و هەموو بەروبومە نەوتییەکانیشی بەرهەم دەهێنا، بەڵام بە گۆڕانی وەزیرو هاتنی (حسێن شەهرستان) بۆ وەزارەتی نەوت، بڕیار دراوە حکومەتی هەرێم پاڵاوگەکە لەسەر 17%ی پشکی خۆی لە بودجەی گشتیی عێراق تەواو بکات، حکومەتی هەرێم ئامادە نەبوو هیچ پارەیەك خەرج بکات، "ئەگەر ئەو پاڵاوگەیە بنیات بنرایە ئێستا نە هەرێم وەها بێ بەنزین دەبوو، نە کێڵگەش وەها زوو پەکی دەکەوت!!".

ساڵی 2006 بۆ یەکەمجار وەزارەتێك بۆ سامانە سروشتییەکان لەناو کابینەی حکومەتی هەرێمدا زیادکرا، لەم ساڵەدا بەرهەمی کێڵگەی (تەقتەق) بریتی بوو لە (5 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە)، لە ساڵی 2007 پەرلەمانی کوردستان یەکەم یاسای نەوت و غازی دەرچواند، یاساییەك کە رۆژی 15ی شوباتی 2022 لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی عێراقەوە بە نادەستوریی هەژمارکراو هەڵوەشێندرایەوە.

1ی حوزەیرانی 2009 بۆ یەکەمجار هەناردەکردنی نەوتی لە هەرێمی کوردستانەوە راگەیەندرا، وەك هەنگاوی یەکەمیش لە کێڵگەکانی

(تەقتەق)و (تاوکی) بەتێکڕای (100 هەزار) بەرمیلی رۆژانە لەڕێگەی هێڵی کەرکوك- جیهانو لە ڕێگەی تانکەرەوە هەناردەکرا، واتا (تەقتەق لەو کێڵگانەیە کە لەسەرەتاوە بەشداربووە لە پرۆسەی هەناردەی نەوتی کوردستاندا.

رۆژی 7ی ئابی 2012 بەرپرسانی کێڵگەی (تەقتەق) رایانگەیاند، رۆژانە (105 هەزار) بەرمیل بەرهەمدەهێنین، لەم رێژەیە (50 هەزار) بەرمیلی بە تەنکەر دەگوازرێتەوە بۆ (خورمەڵە)و بڕی (35هەزار) بەرمیلیشی رەوانەی پاڵاوگەی (بازیان) دەکرێت.



دیمەنێك لە کێڵگەی تەقتەت فۆتۆ: AFP

22ی ئایاری 2014 حکومەتی هەرێمی کوردستان هەناردەی نەوتی خاو لە کوردستانەوە بەشێوەیەکی راستەوخۆو لەرێگەی بۆرییەوە راگەیاند، لەسەرەتای هەناردەی نەوتیشدا بە بۆری، کێڵگەی (تەقتەق) کە

نەوتەکەی بە بۆریی گواستراوەتەوە بۆ نزیك کێڵگەی (خورمەڵە)، بە بڕی (148 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانە بەشداربوو لە هەناردەی نەوتی کوردستاندا، ئەو سەردەمە هێڵی یەکەمی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا، ناوی لێنرا بوو "هێڵی تەقتەق- خورمەڵە- فیشخاپور".

کوالیتی نەوتی ئەم کێڵگەیە لە جۆری (زۆر باش)ە، چونکە APIی نەوتەکەی دەگاتە (48)و زۆر سوکە، کبریت (گۆگرد)ی تێدا نییەو بەر لە هەناردەکردنی پێویستی بە چارەسەرکردن نییە، لە هەندێك بیردا APIی نەوتەکە دەگاتە (51)، کە ئەمە ئیتر کوالیتییەکەی زۆر بەرزەو پێی دەوترێت " شامپانیای رەش".

16ی نیسانی 2014 وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم لە راگەیەندراوێکدا بانگەشەیەکی کۆمپانیای (بلاک دایەمۆند)ی رەتکردەوە لەبارەی ئەوەی گوایا رێککەوتنێکی ئیمزا کردووە بۆ کرینی نەوتی خاو لە کێڵگەی (تەقتەق)و دابینکردنی بۆ پاڵاوگەیەکی "نویێ" کە لەلایەن گروپێکی کەرتی تایبەتی کوردی بە ناوی کۆمپانیای (رێژوان) بەڕێوە دەبرێت. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان وتی:" هیچ یەکێک لە کۆمپانیای بلاک دایەمۆند، کە بارەگاکەی لە فلیپینە، و کۆمپانیای رێژوان کە شەریکی ئەو کۆمپانیا هاوبەشەیە بە فەرمی تۆمار نەکراون لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەت زانیاری نیە لەسەر هیچ یەکێک لەو کۆمپانیایانە. کۆمپانیای گەنەل ئێنەرجی، کە کۆمپانیای کارکەری کێڵگەی تەقتەقە، بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی راگەیاندووە کە ئەوانیش هیچ زانیارییەک، یان مامەڵەیەکیان، لەگەڵ بلاک دایەمۆندو رێژواندا نیە .هەروەها، هیچ پاڵاوگەیەکی "نوێی" لەم شێوەیە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە مۆڵەتی پێنەدراوە و رێگەی پێنادرێت کار بکات. دووپاتی دەکەینەوە بلاک دایەمۆند هیچ بنەڕەتێکی نیە بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەشەی ساختەو سەرلێشێوێنەر

سەبارەت بە کڕینی نەوتی خاو لە هەرێمی کوردستاندا. هەموو هەنگاوە پێویستەکان دەنێین بۆ ڕێگەگرتن لە دابینکردنی نەوتی خاو بۆ بلاک دایەمۆند یان ڕێژوان. "

بەرهەمی کێڵگەی تەقتەق لە 2014وە بۆ 2024

- 2014: 148 هەزار بەرمیلی رۆژانە
- 2015: 145 هەزار بەرمیل
- 2016: 60 هەزار بەرمیل
- 2017: 18 هەزار بەرمیل
- 2018: 12 هەزار بەرمیل
- 2019: 12 هەزار بەرمیل
- 2020: 10 هەزار بەرمیل
- 2021: 8 هەزار بەرمیل
- 2022: 5 هەزارو 940 بەرمیل
- 2023: 3 هەزارو 960 بەرمیل
- 2024: سفر


بەرهەمی کێڵگەی تەقتەق
2024-2014
بەرمیل نەوتی ڕۆژانە
160,000
140,000
120,000
100,000
80,000
60,000
40,000
20,000
0
148,000
145,000
60,000
18,000
12,000
12,000
10,000
8,000
5,940
3,960
0
2014
2015
2016
2017
2018
2019
2020
2021
2022
2023
2024

له 2024وه بەرهەمهێنان لە (تەقتەق) راوەستاوە، لەلایەك بەهۆی راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێمەوە بە بۆریی لە 25ی ئازاری 2023وە، لەلایەکی تر بەهۆی ئەوەی هیچ پەرەپێدانێك لەم کێڵگەیەدا نەکراوەو ئاو تێکەڵ بووە لەگەڵ نەوتەکەیدا، چەندجارێك یەکێتیی نیشتمانی لە میدیای خۆیەوە دۆخی ئەم کێڵگەی وەکو ئاماژەیەك بۆ (نادادپەروەریی لە بواری پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان) باسکردووەو پارتی تۆمەتبارکردووە بەوەی جیاوازی دەکات لەنێوان نەوتی ژێر دەسەڵاتی خۆی و نەوت لە سنوری یەکێتیدا.

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی تەقتەق لەماوەی ساڵانی 2014 بۆ 2024 دەریدەخات لەماوەی (10 ساڵ)دا بەرهەمهێنان لەم کێڵگەیە لە (148 هەزار) بەرمیلی رۆژانەوە دابەزیوە بۆ (سفر) بەرمیل، ئەمەش لەکاتێکدایە لەسەرەتای دەستپێکردنی هەناردەی نەوتی هەرێمەوە بەشێوەی راستەوخۆ بۆ تورکیا ئەم کێڵگەیە لەڕووی بەرهەمەوە سێیەم گەورە کێڵگەی کوردستان بووە.

چەند هۆکارێك باسدەکرێن کە لە پشت وشکبوونی ئەم کێڵگە گرنگەی نەوتی کوردستانەوەن لەوانە (زیادبوونی ئاو لە بیرە نەوتەکاندا، مامەڵەی خراپ لەگەڵ بیرەکان و تێکچوونی چینەکانی بیرە نەوتەکە، دروستکردنی بیری نوێ بەبێ ئەوەی بیرە کۆنەکان نۆژەنبکرێنەوە، فشارکردن بۆ بەرهەمهێنانی نەوتی زیاتر لە بیرەکاندا لە هەندێك قۆناغدا).

ئەوەی جێگەی سەرەنجە، ئەوە تەنیا بیرە نەوتەکان نین کە وشکیان کردووە بەهۆی ئەوەی کاری پەرەپێدان لە کێڵگەکەدا نەکراوە، یەدەگی کێڵگەکەش زیانی بەرکەوتووە، سەرەتا بڕی یەدەگی نەوت لەم کێڵگەیە بە (1.5 ملیار) بەرمیل دەخەمڵێندرا، بەڵام ساڵی 2016 ئاژانسی هەواڵی (رۆیتەرز) بڵاویکردەوە، کۆمپانیای نەوتی (گەنێل

ئینەرجی) ناچار بووە، خەمڵاندنی نوێ ئەنجامبدات بۆ دۆزینەوەی ئاستی راستەقینەی یەدەگی نەوت لە (تەقتەق)، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە ساڵی 2015دا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەو کێڵگەیە بەردەوام لەدابەزیندا بووە.

لە 2016دا بەگوێرەی خەمڵاندنی کۆمپانیاکە، ئاستی نەوتی یەدەگی کێڵگەی (تەقتەق) بریتی بووە لە (356 ملیۆن) بەرمیل، ئەمەش بۆ ئەوکات دابەزینێکی بەرچاوە لەچاو خەمڵاندنەکەی ساڵی 2011 کەئاستی نەوتی یەدەگی کێڵگەکە نزیکەی (685 ملیۆن) بەرمیل بووە.

لە ساڵی 2017دا، بەگوێرەی خەمڵاندنێکی کۆمپانیای (ماکدانیاڵ) یەدەگی کێڵگەی (تەقتەق) تەنیا (59 ملیۆن) بەرمیل نەوت بووە، لەکاتێکدا لە کۆتایی ساڵی 2015 یەدەگی کێڵگەکە بریتی بووە لە (172ملیۆن) بەرمیل، ئەمە نیشاندەری ئەوەیە نەك هەر بیرەکان، بەڵکو یەدەگی کێڵگەکەش بەهۆی پشتگوێخستنەوە زیانی گەورەی بەرکەوتووە.

رۆژی 28ی ئازاری 2017، کۆمپانیای (گەنەڵ ئینەرجی) راپۆرتێکی لەسەر سایتی خۆی بە زمانی ئینگلیزی لەبارەی دۆخی کێڵگەی (تەقتەق) بڵاوکردەوە، تێیدا ئاماژەی بەوەکردبوو یەدەگی نەوتی کێڵگەی (تەقتەق) بە بەراورد بە پێشتر 66% کەمیکردووە، بۆیە لەو کێڵگەیەدا پێشبینیکردنی خۆی بۆ کۆی بەرهەمهێنان بۆ ساڵی 2017 راگرتوە .

کۆمپانیاکە لە راپۆرتەکەیدا باسی لەوەکردبوو، بۆ ساڵی 2016 پێشبینی ئەوەی کردووە بەهای پشکی خۆیان لە کێڵگەی نەوتی تەقتەق (181 ملیۆن) دۆلار بێت، هۆکاری کەمبوونەوەی بەهای پشەکانی خۆی بۆ نەزانینی رێژەی یەدەگی نەوتی کێڵگەکە گەڕاندبووەوە.

له بەشێکی تری راپۆرتەکەیدا، گەنەڵ ئینەرجی باسی هۆکاری کەمبوونەوەی یەدەگی نەوتی کێڵگەکەی گەڕاندبووەوە بۆ تێکەڵبوونی ئاو بە نەوت، بەپێی خشتەیەکیش کە کۆمپانیاکە ئامادەی کردبوو، بەراوردکاریی کردبوو لەبارەی پێشبینییەکانی بۆ یەدەگی نەوت لە (تەقتەق)، بەراوردکارییەکەی بەمشێوەیە بوو کە لە خشتەکەدا دەردەکەوێت:

| تێکڕای یەدەگی نەوت - بەرمیل | بیری P1 | بیری P1 | بیری P1 |
|---|---|---|---|
| 31ی کانونی یەکەمی 2015 | 60,000,000 | 171,800,000 | 416,400,000 |
| 28ی شوباتی 2017 | 25,800,000 | 59,100,000 | 95,000,000 |

(فەرهاد هەمزە) ئەندازیاری کورد لە کۆمپانیای نەوتی باکور سەبارەت لە چارەنوسی غەمگینی ئەم کێڵگەیە دەڵێ:" قەدەری ئەم کێڵگەیە ئەوها بوو کەوتە دەست کەسانێك کە نرخی خۆیان پێنەدا، کاربەدەستانی حکومەتی هەرێم هیچیان لێ نەدەزانی، کۆمپانیا بیانیەکانیش بەدوای قازانجەوە بوون؛ لەبەر هەڵپەی هەردوولا بۆ دەستکەوتنی پارەی زیاتر، ئەم کێڵگەیان بەو دەردەبرد کە ئەمڕۆ تێیدایە".

تاوەکو بەر لە وشکبوونی کێڵگەکە، زیاتر لە (400) کرێکاری خۆماڵیی و نزیکەی (140) کرێکاری بیانیی لە (تەقتەق) کاریان دەکرد.

ئەیلولی 2024 ئیتر کرێکارەکانی کێڵگەی نەوتی (تەقتەق) بێهیوا بوون لەوەی جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان، بۆیە بڕیاریاندا لەرێگەی پارێزەرەوە سکاڵا لەسەر کۆمپانیاکە تۆمار بکەن.

ئەوکات سەنگەر عەزیز نوێنەری کرێکارەکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتی:" بەهۆی دەرکردنیان بارودۆخی ئابوریی و دەروونیی کرێکارەکان زۆر خراپەو پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان بێنە سەر هێڵ و ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکەن. داوا دەکەین کۆمپانیا 11 موچەمان پێکەوە پێ بدات، چونکە پێشتر ئەگەر کرێکارێك دەرکرابێت کۆمپانیا زیاتر لە 11 موچەی بەیەکەوە پێداوە، بەڵام ئێستا بۆ ئەم کرێکارانە هیچ موچەیەك نادات، سەرباری ئەمەش جیاوازی لە موچەی کرێکارە کوردەکان و کرێکاری بیانیدا هەیە".

## سەرچاوەکان


- پەیمانگای ئۆکسفۆرد بۆ توێژینەوەی وزە
- BBC
- سایتی کۆمپانیای (گەنەڵ ئینەرجی)

https://genelenergy.com/operations/production/taq-taq/

- سایتی (تی تی ئۆپکۆ)

https://www.taqtaqopco.com/

- جۆرو کوالیتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان- نەوزادی موهەندیس

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10248

- کێڵگە نەوتیەکانی پارێزگای هەولێر و توانای بەرهەمهێنانیان- راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10190

- مەسعود مەلا هەمزە. یەکەمین هەنگاوی دەرهێنانی نەوت لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە. چاپخانەی هێڤی، هەولێر 2017
- فریای کێڵگەی نەوتی تەقتەق بکەون- بیلال سەعید، لە سایتی (رووداو) بڵاوکراوەتەوە

https://www.rudaw.net/sorani/business/120420171


### تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/13) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16248

# سەرسەنگ.. چیرۆکی غازێکی بەفیڕۆچوو




- کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ دەکەوێتە سنوری (پارێزگای دهۆک)، رووبەری کێڵگەکە (420) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.
- دابەشبووە بەسەر دوو ناوچەی نەوتی جیاوازدا کە بریتین لە ناوچەی (سوارە توکەو رۆژهەڵاتی سوارە توکە)، هەر یەکێک لەو دوو ناوچەیە (3) کۆگای نەوتی سەربەخۆی تێدایە.
- نەوتی ئەم کێڵگەیە نەوتێکی سوكو کوالیتی (API)کەی بەرزەو رێژەی گۆکردی (Sulphur)ی کەمە.




کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ دەکەوێتە سنوری (پارێزگای دهۆک)، رووبەری کێڵگەکە (420) کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، دابەشبووە بەسەر دوو ناوچەی نەوتی جیاوازدا کە بریتین لە ناوچەی (سوارە توکەو رۆژهەڵاتی سوارە توکە)، هەر یەکێک لەو دوو ناوچەیە (3) کۆگای نەوتی سەربەخۆی تێدایە؛ پێشبینی دەکرێت بڕی (2) ملیار بەرمیل یەدەگی نەوت هەبێت.

نەوتی ئەم کێڵگەیە نەوتێکی سوکو کوالیتی (API)کەی بەرزەو رێژەی گۆکردی (Sulphur)ی کەمە، بۆیە داشکاندنی کەمی بۆ دەکرێت لەگەڵ نەوتی برێنت دا.

تێچووی وەگەڕخستن Opex لەم کێڵگەیە کەمەو نزیکە لە 5،6 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك.

لە رۆژی 6ی تشرینی دووەمی 2007وە گرێبەستی ئەم کێڵگەیە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە درا بە کۆمپانیای (HKN)ی

ئەمریکی، گرێبەستەکە لە جۆری (بەرهەمهێنانی هاوبەش)ە، لە دوای ساڵی 2008ەوە پرۆسەی پشکنین و گەڕان تێدا دەستیپێکردووە، بەڵام لە ساڵی 2011دا نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە.

بەگوێرەی راپۆرتی مانگی کانونی دووەمی 2014ی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئەوکات لە کۆی (213) کارمەند کە لە کێڵگەکەو لەگەڵ کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکی دامەزرێندراون، (173) کەسیان کارمەندی ناوخۆیی بوون، واتا بە تێکڕا دەستی خۆماڵی رێژەی 81%ی تێکڕای دەستی کارکەری ئەوکاتەی لە کێڵگەکەدا پێکهێناوە.

کێڵگەکە تەنیا نەوتی تێدا نییە، غازیشی تێدایە کە بە فیڕۆدەچێت، سەرەتاکانی ئازاری 2022 کەمال محەمەد وەزیری کارەبا کە هاوکات بە وەکالەت وەزیری سامانە سروشتییەکانیشە لەگەڵ لەگەڵ نوێنەری دوو کۆمپانیای بیانی کۆبووەوە، داوای لە کۆمپانیاکان کرد لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر چۆنییەتی سودوەرگرتن لە گازی بە فیڕۆچووی کێڵگەی نەوتی سەرسنگ بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، بەوپێیەی پرۆژەیەکی لەمشێوەیە لە ناوچەکە هەم کێشەی سوتەمەنی تایبەت بە بەرهەمهێنانی کارەبا چارەسەر دەکات هەم ژینگەپارێزیشە.

رێژەی (62%)ی پشکی کێڵگە نەوتییەکە لای کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکییە، رێژەی (18%)ی پشکەکانیش کە درابوو بە لقێکی کۆمپانیای (تۆتاڵ)ی فەرەنسی، دواترو لە 15ی ئەیلولی 2022دا کۆمپانیای (شاماران پترۆلیۆم)ی کەنەدی بەبڕی (155 ملیۆن) دۆلار کڕییەوە، پشکی کۆمپانیا فەڕەنسییەکە لە نەوتی ئەم کێڵگەیە لە ساڵی 2021دا بریتی بوو لە (3500) بەرمیلی رۆژانە، ئیتر لەوکاتەوە تائێستا پشکەکانی کێڵگەکە بەمشێوەیە دابەشبوون:

- 62% پشکی کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکی
- 18% شاماران پترۆلیۆمی کەنەدی

- 20% پشکی حکومەتی هەرێم کوردستان.

بەپێی زانیارییەکانی کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکی، توانای هەردوو ناوچەکەی کێڵگەکە بەم جۆرەیە؛

**یەکەم؛ سوارە توکە؛**

بەشی گرنگ و سەرەکی کێڵگە نەوتییەکەیە، (6) بیری نەوتی تێدایەو، توانای بەرهەمهێنانی (29 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانەی هەیە، بە کولێتییەکی بەرزی (API: 36- 39).

**دووەم؛ رۆژهەڵاتی سوارە توکە؛**

ناوچەیەکی دیکەی نەوتییە لە چوارچێوەی کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ، (1) بیری نەوتی تێدایەو، توانای بەرهەمهێنانی (2 هەزارو 500) بەرمیل نەوتی رۆژانەی هەیە، بە کولێتییەکی بەرزی (API36- 39).

حوزەیرانی 2022 کاتێك وەزارەتی نەوتی عێراق، لەبەر رۆشنایی بڕیاری ناوەڕاستی شوباتی 2022ی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، فشارەکانی خۆی لەسەر کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێم توندکردبووەوە، کۆمپانیای (شلومبەرگەر)ی ئەمریکی پابەندبوونی خۆی بە بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵی دژ بە هەرێم راگەیاندو کۆتایی بە کارکردنی خۆی هێناو لە کوردستان کشایەوە، ئەم کۆمپانیایە لە ساڵی 2012وە کاری بۆ کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکی دەکرد لە کێڵگەی (سەرسەنگ)و 7 بیری لەم کێڵگەیەدا لێدابوو، ئەوکات وەکو باسدەکرا کۆمپانیای

(شلومبەرگر) دوو گرێبەستی لێدانی بیری لە باشوری عێراق پێدرابوو، بۆیە پشتی لە هەرێمی کوردستان کرد.

کشانەوەی (شلومبەرگەر) کێشەی بۆ پلانی فراوانکردنی کێڵگەی سەرسەنگ لەلایەن کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکییەوە دروستکرد، چونکە ئەو کۆمپانیایە گرێبەستی هەبوو (5) بیری تر لێبدات و بەرهەمی کێلگەکە لە ساڵی 2023دا بۆ (50 هەزار) بەرمیلی رۆژانە بەرزبکاتەوە.

بۆ مێژوو، هەر لەو سەردەمەدا کە وەزارەتی نەوتی عێراق فشارەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان توندکردبووەوە، کۆمپانیایەکی تری ئەمریکی کە لە بواری خزمەتگوزاری کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمدا کاری دەکرد بەناوی (بیکەر هیوز) کشانەوەی خۆی لە کوردستان راگەیاند.

مانگی ئازاری 2023 بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم بە بۆریی بۆ تورکیا (هەناردەی لە 25ی ئازاری 2023دا راوەستا) بەرهەمی کێڵگەی سەرسەنگ رۆژانە (43 هەزار) بەرمیل بوو، لەدوای راوەستانی هەناردەی نەوتەوە بۆ (33 هەزارو 600) بەرمیلی رۆژانە دابەزی.

کۆمپانیای (شاماران پترۆلیۆم) لە چارەکی یەکەمی ساڵی (2024)دا رایگەیاند؛ داهاتی گشتی کۆمپانیاکە (22 ملیۆن و 588 هەزار) دۆلار بووە، لە کێڵگەی نەوتی سەرسەنگ، بە تێکڕای کاری رۆژانە (37 هەزارو 200) بەرمیل نەوت بەرهەمهێندراوە، لە ماوەی ناوبراودا (3 ملیۆن و 345 هەزار) بەرمیل نەوتی خاوی کێڵگەکەی فرۆشتووە. ئەو بڕەش زۆرترە لەو بەرهەمەی لە پێش راگرتنی هەناردەی نەوت هەبوو.

**بەرهەمی کێڵگەی سەرسەنگ لە 2016 بۆ 2024:**

- 2016: 5 هەزار بەرمیلی رۆژانە
- 2017: 10 هەزار بەرمیل
- 2018: 17 هەزار بەرمیل
- 2019: 23 هەزار بەرمیل
- 2020: 24 هەزار بەرمیل
- 2021: 31 هەزار بەرمیل
- 2022: 33 هەزار بەرمیل
- 2023: 43 هەزار بەرمیلی رۆژانە بوو، لە مانگی ئازاری ئەم ساڵەدا هەناردەی نەوت بە بۆری راوەستا، بەهۆیەوە ئاستی بەرهەمهێنان بۆ 33 هەزارو 600 بەرمیل دابەزی
- 2024: 37 هەزار بەرمیل.

## بەرهەمی کێڵگەی سەرسەنگ
## 2024 - 2016
### بەرمیل - تێکڕای ڕۆژانە



## سەرچاوەکان


- سایتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان
https://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en.html
- سایتی کۆمپانیای شامارانی کەنەدی
https://shamaranpetroleum.com/
- سایتی کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکی
https://www.hknenergy.com/
- کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی پشکەکانی فرۆشت و کوردستانی جێهێشت، هەواڵ لە سایتی (درەو)
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=11071
- سایتی
https://www.iraq-businessnews.com/
https://www.iraq-businessnews.com/2022/06/29/schlumberger-withdraws-from-iraqi-kurdistan/
- شلمبرجيه تعلن الانسحاب من مشروعات النفط في كردستان العراق، موقع الطاقة
https://attaqa.net/2022/06/27/%d8%b4%d9%84%d9%85%d8%a8%d8%b1%d8%ac%d9%8a%d9%87-%d8%aa%d8%b9%d9%84%d9%86-%d8%a7%d9%84%d8%a7%d9%86%d8%b3%d8%ad%d8%a7%d8%a8-%d9%85%d9%86-%d9%85%d8%b4%d8%b1%d9%88%d8%b9%d8%a7%d8%aa-%d8%a7%d9%84%d9%86/


## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لەماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/19) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16292

# نەوتی "ئەتروش" و وەزارەتی "ئەتروشیی"




- ئەتروش یەکێك لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانە کە جۆری نەوتەکەی زۆر باشە.
- ئەم کێڵگەیە لە 2017وە دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە، چەندجارێك پشکەکانی لەنێوان کۆمپانیا ئیماراتی و کەنەدی و ئەمریکییەکاندا دەستاودەستی پێکراوە
- کۆمپانیای شاماران لە ساڵی 2010وە لە کێڵگەی ئەتروش وەبەرهێنان دەکات.



ئەتروش یەکێك لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانە کە جۆری نەوتەکەی زۆر باشە، ئەم کێڵگەیە لە 2017وە دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە، چەندجارێك پشکەکانی لەنێوان کۆمپانیا ئیماراتی و کەنەدی و ئەمریکییەکاندا دەستاودەستی پێکراوە

ئەتروش هەر نەوتی نییە، وەزیرێکی نەوتیشی هەبوو، بەڵام تەنیا ساڵ و نیوێك دەوامی کرد، کە رۆیشت ئیتر نەگەڕایەوە.

بلۆکی ئەتروش دەکەوێتە سنوری ناحیەی ئەتروش لە پارێزگای دهۆک، رووبەری ئەم بلۆکە (269) کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو، بڕی (3) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگی نەوتی تێدایە.

لە ساڵی 2011 نەوت لە (ئەتروش) دۆزراوەتەوە، بەڵام بۆ یەکەم جار لە تەموزی 2017 دەست بە بەرهەمهێنانی نەوت کراوە لە کێڵگەکەدا.

وەک کۆمپانیا نەوتییەکانی کێڵگەکە ئاماژەی بۆ دەکەن، نەوتی کێڵگەکە "کوالیتی بەرزە، بنکەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی هەیەو توانای گەشەکردنی بەرچاوی هەیە".

کۆمپانیای شاماران لە ساڵی 2010ەوە لە کێڵگەی ئەتروش وەبەرهێنان دەکات. کۆمپانیای نیشتمانی ئەبوزەبی بۆ وزە "الطاقة" لە ساڵی 2013دا، دوای بەدەستهێنانی رەزامەندیی، دەستیکردووە بە بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی ئەتروش، ئەوکات باسی لەوەکردووە ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگەکە دەگاتە (30 هەزار) بەرمیل لە رۆژێکدا.

تاوەکو بەر لە پرۆسەی فرۆشتنی پشکەکانی کۆمپانیای ئەبوزەبی "تاقە"، دابەشبوونی پشکی کۆمپانیاکان لە کێڵگەی (ئەتروش) بەمشێوەیە بوو:

- کۆمپانیای ئەبوزەبی "طاقة،: 47.4%
- کۆمپانیای شاماران پیترۆلیۆمی کەنەدی: 27.6%
- پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم: 25%

بەڵام سەرەتاکانی ئابی 2024، کۆمپانیای (تاقە)ی ئیماراتی بەتەواوەتی پرۆسەی فرۆشتنی هەموو پشکەکانی خۆی لە کێڵگەی (ئەتروش) یەکلاکردەوە؛ کۆمپانیای (ژەنەراڵ ئیکسپلرۆیشن بارتنرز)ی بەریتانیی پشکەکانی کۆمپانیای (تاقەی)ی لە کێڵگەی ئەتروش کڕییەوە کە 47.4% بوو، ئەم کۆمپانیایەش هەر لەلایەن کۆمپانیای (شاماران)ی کەنەدییەوە خاوەندارێتیی دەکرا.

دواترو لە سەرەتای 2024دا کۆمپانیای شاماران ئاشکرایکرد، رێژەی 25%ی پشکەکانی خۆی لە کێڵگەی (ئەتروش) بە کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکی فرۆشتوەتەوە.




کێڵگەی ئەتروش بەپێی نەخشەیەکی 2011ی کۆمپانیای (شاماران)

ئێستاو دواین ئەم زنجیرە مامەڵەو کڕین و فرۆشتنە، پشکەکانی کێڵگەی ئەتروش بەمشێوەیە:

- کۆمپانیای (شاماران)ی کەنەدی: 50%ی پشکەکان
- کۆمپانیای (HKN)ی ئەمریکی: 25% پشکەکان
- پشکی (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم:  25%ی پشکەکان

راوەستانی هەناردەی نەوت و دواکەوتنی پێدانی شایستەی دارایی کۆمپانیاکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە هۆکار بوون بۆ ئەوەی کۆمپانیای "تاقە"ی ئیمارات پشکەکانی خۆی لە (ئەتروش) بفرۆشێت.

وەکو خۆی دەڵێ، کۆمپانیای (شاماران) لە ساڵی (2022)دا بڕی (116 ملیۆن) دۆلار تەرخان کردووە بۆ پەرەپێدانی کێڵگەی (ئەتروش)، بەرنامەی پەرەپێدانەکەش بریتی بووە لە؛

- هەڵکەندن و تەواوکردنی (3) بیری گەشەپێدان، لەنێویاندا یەک بیری ئاو.
- دەستپێکردنی پرۆژەی چارەسەری غاز کە بە شێوەیەکی بەرچاو دەردانی گازی ژەهراوی کەمدەکاتەوە، سەرەڕای بەکارهێنانی بۆ ژێرخانی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا لە غازی بەرهەم هێنراو. بەوپێیەی کێڵگەی ئەتروش پشت بە مۆلیدەو سوتەمەنی دیزڵ دەبەستێت بۆ دەستکەوتنی وزەی کارەبا، بە سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە چاوەڕوان دەکرێت تێچووی کارکردن لە داهاتوودا زۆر کەمدەکاتەوە.

کۆی شایستەی کۆمپانیا نەوتییەکان لە کێڵگەی (ئەتروش) لە چارەکی یەکەمی 2023دا (واتا بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا) بریتی بووە لە (55.2 ملیۆن) دۆلار، کۆمپانیای (شاماران) کە 27.6%ی پشکەکانی کێڵگەکەی هەبووە بڕی (20.33 ملیۆن) دۆلاری وەرگرتووەو، کۆمپانیای (تاقە)ی ئیماراتی کە خاوەنی 47.4%ی پشکەکان بووە بڕی (34.91 ملیۆن) دۆلاری وەرگرتووە.

تێکڕای بەرهەمی رۆژانەی کێڵگەی (ئەتروش) لە ساڵی 2022دا لە (11) بیری بەرهەمهێنەوە بریتی بووە لە (36 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانە، تا 2022/12/31 کۆی نەوتی فرۆشراوی کێڵگەکە بریتی بووە (67 ملیۆن) بەرمیل.

لەدوای راوەستانی هەناردەی نەوتی کوردستانەوە بە بۆری لە 25ی ئازاری 2023دا، بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی ئەتروش تاوەکو چارەکی سێیەمی 2023 راوەستا، لە رۆژی 7ی تشرینی دووەمەوە بەرهەمهێنان لەم کێڵگەیەدا دەستیپێکردەوەو نەوتەکەی رەوانەی پاڵاوگەیەکی ناوخۆ دەکراو بەقسە کۆمپانیای شاماران لەم ماوەیەدا هەر بەرمیێك نەوتی بە بڕی (35 دۆلارو 65 سەنت) فرۆشتووە.

بەگوێرەی راپۆرتی کۆمپانیای (شاماران پترۆلیۆم)، لە چارەکی سێیەمی ساڵی (2024)دا کە کۆمپانیاکان نەوت بە بە پاڵاوگەکان دەفرۆشن یاخود بە تانکەر هەناردەی دەرەوەی دەکەن، لە کێڵگەی ئەتروش بەتێکڕا رۆژانە (26 هەزار 800) بەرمیل نەوت بەرهەمهێندراوە، کۆی گشتی بەرهەمەکەش لەماوەی ئەو سێ مانگەدا بریتی بووە لە (2 ملیۆن و 463 هەزار) بەرمیل؛ بەرهەمی سێ چارەکی 2024 نەوتی کێڵگەکە بریتی بووە لە (23 هەزارو 900) بەرمیل نەوتی رۆژانەو (6 ملیۆن و 559 هەزار) بەرمیل نەوت لە کۆی هەر سێ چارەکی ساڵەکە.

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەم کێڵگەیە لەماوەی ساڵانی 2016 بۆ 2024 بەمشێوەیە بووە:

- 2016: 0 بەرمیل
- 2017: 9 هەزار بەرمیل بە رۆژێکدا
- 2018: 22 هەزار بەرمیل
- 2019: 32 هەزار بەرمیل
- 2020: 46 هەزار بەرمیل
- 2021: 47 هەزار بەرمیل
- 2022: 36 هەزار بەرمیل
- 2023: 39 هەزار بەرمیل
- 2024: 25 هەزار بەرمیل

بەرهەمی کێڵگەی ئەتروش
2024 - 2016
بەرمیل - ڕۆژانە



21ی ئابی 2019 کۆمپانیای (ئەبوزەبی نیشتمانی بۆ وزە) کە کێڵگەی نەوتی (ئەتروش) بەڕێوەدەبات رایگەیاند، بۆ یەکەمجار لەدوای دەستپێکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە لە کێڵگەکەدا، ئاستێکی پێوانەیی بەرهەمهێنانی تۆمارکردووە، بەجۆرێك تێکڕای قەبارەی بەرهەمی مانگانە لە تەموزی 2019دا (ملیۆنێك) بەرمیلی تێپەڕاندووە.

بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە بۆریی بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا لە 25ی ئازاری 2023دا، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەم کێڵگەیەدا رۆژانە (36 هەزار) بەرمیل بوو، دوای راوەستانی هەناردەی نەوت بە بۆریی ئاستی بەرهەمهێنان لەم کێڵگەیەدا بەدیاریکراویش بلە ساڵی 2024دا بۆ (22 هەزارو 500) بەرمیلی رۆژانە دابەزی.



تیمی کێڵگەی ئەتروش 2018 فۆتۆ: TAQA

## نەوتی (ئەتروش)و وەزارەتی ئەتروشی!

دواین شت کە لەبارەی ئەتروشەوە بوترێت رەنگە ناوی (کەمال ئەتروشی) بێت، ئەو پیاوەی رۆژی 6ی کانونی دووەمی 2021 وەکو دووەمین وەزیری سامانە سروشتییەکان لە مێژووی هەرێمی کوردستاندا، لە پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاسایی خواردو هەڕەشەی پارچەپارچەکردنی ئەو کەسانەی دەکرد کە گەندەڵی دەکەن.

کەمال ئەتروشی کە لەدایکبوونی ناوچەی ئەتروشی دهۆك بوو واتا سنوری کێڵگە نەوتییەکە، لەکابینەی نۆیەمی حکومەتدا بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی، کۆتایی بە ماوەی زیاتر لە (14) ساڵ دەستڕۆیشتویی (ئاشتی هەورامی) هێنا بەسەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە، بەڵام خۆشی زۆر لە پۆستەکەیدا نەمایەوەو دوای نزیکەی ساڵ و نیوێك کارکردن، بە هۆکارێکی نادیار دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوەو لەوکاتەوە تائێستا پۆستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە وەکالەت لەلایەن (کەمال محەمەد)ی وەزیری کارەباوە بەڕێوەدەبرێت.

## سەرچاوەکان


- (Reuters)

https://www.reuters.com/article/business/energy/abu-dhabis-taqa-suspends-activity-in-kurdistan-block-due-to-instability-statem-idUSL4N0QF081/

- سایتی کۆمپانیای (شاماران)

https://shamaranpetroleum.com/operations/atrush-project/

- سایتی کۆمپانیای (HKN)

https://www.hknenergy.com/about-us/who-we-are/

- چالاکییە نەوتییەکانی هەرێم لە ساڵی 2023 دا. یادگار سدیق گەلاڵی/ ڕوونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەکانی نەوت

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14923

- "طاقة" تستكمل بيع حصتها بحقل في كردستان العراق- جريدة الخليج

https://www.alkhaleej.ae

- کەمال ئەتروشی.. نەخۆشە یان نیگەرانە؟- راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10352


## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/14) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16256

# شێخان.. نەوتە قورسەکەی دهۆک




- ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە سنوری قەزای (شێخان) لە پارێزگای (دهۆک).
- رووبەرەکەی (283 ) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.
- یەدەگی نەوتی شێخان بە نزیکەی (10.5) ملیار بەرمیل مەزەندە دەکرێت.
- کۆمپانیای (گۆلف کیستۆن پترۆلیۆم)ی بەریتانی وەبەرهێنان لە کێڵگەکەدا دەکات.

کۆمپانیای (گۆڵف کیستۆن پترۆلیۆم) لە تشرینی دووەمی 2007دا گرێبەستی (هاوبەشیی لە بەرهەمهێنان) لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ کێڵگەی (شێخان)، 80%ی پشکی کارکردنی لەچوارچێوەی گرێبەستی (شێخان) بەدەستەوەیە، 20%ی تری پشکەکانی ئەم کێڵگەیە لای کۆمپانیای (MOL)ی هەنگارییە.

مانگی ئابی (2009) یەکەم بیر لە کێڵگەدا بەناوی (SH-1) دۆزراوەتەوە، بۆ یەکەم جار لە تەموزی ساڵی (2013)دا کێڵگەکە گەیشتە قۆناغی بەرهەمهێنان، لەوکاتەوە تاوەکو ئازاری 2024 زیاتر لە (124 ملیۆن) بەرمیل نەوت لەم کێڵگەیەدا بەرهەمهێنراوە. بەجۆرێک کۆی گشتی تێکڕای بەرهەمهێنان لە ساڵی (2013)دا بریتی بووە لە (هەزارو 361) بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، کێڵگەکە بەردەوام لە گەشەسەندندا بووە.

تاوەکو بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوت بە بۆریی بۆ تورکیا (لە 20ی ئازاری 2023دا)، بەرهەمی کێڵگەکە لە چەند رۆژێکی مانگی ئازاری ئەو ساڵەدا بۆ (55 هەزار) بەرمیلی رۆژانە بووە.

کێڵگەکە (18) بیری تێدایە، بەرهەمەکانیان دەگوزارێنەوە بۆ دوو وێستگەی عەمبارکردنی نەوتی کێڵگە، لەوێوە رەوانەی بۆریی نەوتی کوردستان دەکرێن.




## بیرە نەوتییەکانی کێڵگەی شێخان

| ناوی بیر | ساڵ | بەرهەمەکەی دەگوزرێتەوە بۆ وێزگەی |
|---|---|---|
| **SH 1** | September 2010 | PF – 1 |
| **SH 2** | June 2014 | PF – 2 |
| **SH 3** | November 2011 | PF – 1 |
| **SH 4** | March 2014 | PF – 1 |
| **SH 5** | June 2014 | PF – 2 |
| **SH 6** | 2014 | Oil Export Pipeline |
| **SH 7** | December 2014 | PF – 1 |
| **SH 8** | March 2015 | PF – 1 |
| **SH 9** | December 2020 | PF – 1 |
| **SH 10** | December 2014 | PF – 2 |
| **SH 11** | April 2015 | PF – 2 |
| **SH 12** | November 2019 | PF – 2 |
| **SH 13** | December 2021 | PF – 2 |
| **SH 14** | December 2021 | PF – 2 |
| **SH 15** | April 2022 | PF – 1 |
| **SH 16** | December 2022 | PF – 2 |
| **SH 17** | TBC | PF – 2 |
| **SH 18** | TBC | PF – 1 |

نەوتی ئەم کێڵگەیە لە جۆری مامناوەندەو بە نەوتی قورس ئەژمار دەکرێت، API ی نەوتەکەی (27) پلەیەو ڕێژەیەکی کەم کبریت (کۆگرد)و بڕێکی زۆر غازی تێدایە، ئەم کوالیتییە نزمە وایکردووە نرخی نەوتی ئەم کێڵگەیە بە زیاتر لە (20) دۆلار لە خوار نرخی نەوتی برێنت و بازاڕی جیهانییەوە بفرۆشرێت.

بەگوێرەی خەمڵاندنی کۆتایی ساڵی 2023ی کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن، تێکڕای یەدەگی سەلمێندراوی نەوت لەم کێڵگەیەدا دەگاتە (458 ملیۆن) بەرمیل و بەشی نزیکەی 28 ساڵ دەکات، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی وەستانی هەناردەی نەوت لە 2023و ڕاوەستانی کارەکانی پەرەپێدانی کێڵگەکە.

27ی ئازاری 2023، کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا ڕایگەیاند" حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداریکردینەوە هەناردەکردنی نەوت لەڕێگەی بۆری کوردستان - تورکیاوە ڕاگیراوەو ئەگەر ڕاگرتنی گواستنەوە بەردەوام بێت ناچارین بەرهەمهێنان ڕابگرین".

کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن توانایەکی سنورداریی هەیە لە کلدانەوەی نەوتدا، بۆیە هۆشداریدا لەوەی بەرهەمهێننی نەوت لە کێڵگەی شێخان رادەگرێت.

دوای ڕاوەستانی هەناردە بە بۆریی، 19ی تەموزی 2023، کۆمپانیای گۆلف کیستۆن دەستیکردەوە بە وەبەرهێنانی نەوت لە کێڵگەی شێخان بەمەبەستی بەکارهێنانی ناوخۆیی، تاوەکو کۆتایی تەموز ڕۆژانە 4 هەزارو 900 بەرمیل نەوتی دەفرۆشت، لەمانگی ئابی 2023دا بەرهەمی ڕۆژانە بۆ 11 هەزارو 700 بەرمیل بەرزکردەوە.

هاوشێوەی کۆمپانیا بیانییەکانی تری کەرتی نەوتی هەرێم، کۆمپانیای کارپێکەری کێڵگەی شێخانیش لەدوای ڕاوەستانی هەناردەی نەوتەوە بە بۆریی، پشکی خۆی لە نەوتی کێڵگەی شێخان دەفرۆشێت بە بازرگانە ناوخۆییەکان و ئەوانیش بە تانکەر هەناردەی دەرەوەی دەکەن، بەپێی بەدواداچونێکی (درەو) لە ئایاری ئەمساڵدا (2024) هەر تەنێك لە نەوتی کێڵگەی (شێخان) بەبڕی (218 دۆلار) فرۆشراوە، واتا نرخی بەر بەرمیلێك لە نەوتی ئەم کێڵگەیە بە نزیکەی (29 دۆلار) ئەژمارکراوە، کە زۆر لە خوار نرخی جیهانی نەوتەوەیە.




کێڵگەی شێخان بەگوێرەی نەخشەیەکی 2011ی کۆمپانیای (شاماران)

## داهاتی نەوتی شێخان بۆ کۆمپانیاکان

تەنیا لە ساڵی 2023دا سەباری ئەوەی هەناردەی نەوت لە کۆتاییەکانی مانگی ئازاری ئەو ساڵەشدا راوەستاوە، ئەو دوو کۆمپانیای کە لە کێڵگەی (شێخان) وەبەرهێنان دەکەن بڕی زیاتر لە (136 ملیۆن) دۆلاریان وەکو داهاتی بەرهەمهێنانی نەوت وەرگرتووە، بەمشێوەیە:

- کۆمپانیای گۆڵف کیستۆن کە 80%ی پشکەکانی کێڵگەکەی هەیە: بڕی 109.2 ملیۆن دۆلار
- کۆمپانیای ئێم ئۆ ئێڵ کە 20%ی پشکەکانی هەیە: بڕی 27.97 ملیۆن دۆلار

بەرهەمی کێڵگەی شێخان لە ماوەی ساڵانی 2016 بۆ 2024:

- 2016: 35 هەزار بەرمیلی رۆژانە
- 2017: 35 هەزار بەرمیل
- 2018: 32 هەزار بەرمیل
- 2019: 33 هەزار بەرمیل
- 2020: 37 هەزار بەرمیل
- 2021: 43 هەزار بەرمیل
- 2022: 44 هەزار بەرمیل
- 2023: 22 هەزار بەرمیل (بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوتی کوردستان بە بۆری بۆ تورکیا لە 25ی ئازاری 2023دا بەرهەمی ئەم کێڵگەیە دەگەیشتە 55 هەزار بەرمیلی رۆژانە)
- 2024: 40 هەزار بەرمیل

### بەرهەمی کێڵگەی شێخان
### 2024 - 2016
### بەرمیل - ڕۆژانە



## سەرچاوەکان

- سایتی کۆمپانیای (گۆڵف کیستۆن)

https://www.gulfkeystone.com/

- حکومەتی هەرێم : راگرتنی نەوت کاتیەو بەردەوام بن لە بەرهەمهێنان- هەواڵ لە (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12442

- پشکی کۆمپانیا بیانییەکان لە بلۆکە نەوتییەکانی هەرێمدا- راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9680

- جۆر و کوالێتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدان ؟. نەوزادی موهەندیس، (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10248

- چالاکییە نەوتییەکانی هەرێم لە ساڵی 2023دا- ئامادەکردنی یادگار سدیق گەلاڵی/ ڕوونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەکانی نەوت

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=12442

- بازاڕی کڕین و فرۆشتنی نەوت گەرمە، راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15120

**تێبینی**

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/15) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16263

# هەولێر.. هەڵکشان و داکشانی نەوت




- بلۆکی هەولێر یەکێك لەو بلۆکە نەوتییانەی هەرێمی کوردستانە کە لە 2007ەوە گرێبەستی بۆ کراوە.
- لە 2014ەوە کەوتوەتە بەرهەم.
- تائێستا نەگەیشتوەتە ئاستی جێگیری بەرهەمهێنان.




## پشکەکان

بلۆکی هەولێر "دەمیرداغ"، شاری هەولێرو دەشتی هەولێرو ڕێگای مەخمورو ناحیەی کەڵەك دەگرێتەوەو (11) بیری نەوتی تێدایە، رووبەری ئەم بلۆکە (1531) کیلۆمەتر دووجایە. یەدەگی خەملێندراوی نەوت لەم بلۆکەدا بڕی (1 ملیار) بەرمیلە.

کوالیتی نەوتی ئەم کێڵگەیە مامناوەندە، APIی نەوتەکەی لەنێوان 22 بۆ 30 پلەدایە.

رۆژی 10ی تشرینی دووەمی 2007 گرێبەستی ئەم کێڵگەیە دراوە بە کۆمپانیای نۆربێست LTD (ئۆرێکس پترۆلیۆم) کە کۆمپانیایەکی کەنەدییە، گرێبەستەکەی لە جۆری (هاوبەشی بەرهەمهێنان)ە.

ساڵی 2011 گۆڕانکاریی بەسەر پشکەکانی کێڵگەی هەولێردا هات، پشکەکان بەمشێوەیە دابەشبوون:

- کۆمپانیای (ئۆریکس پیترۆلیۆم)ی کەنەدی: (65%)ی پشکەکان هەیەو بەڕێوەبەری کێڵگەکەیە
- کۆمپانیای (KNOC)ی کۆری: (15%)ی پشکەکان
- (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستان: (20%)ی پشکەکان

دواجارو پاش کشانەوەی کۆمپانیا کۆرییەکە، ئێستا پشکەکانی کێڵگەکە بەمشێوەیە دابەشبووە:

- کۆمپانیای (ئۆریکس پیترۆلیۆم)ی کەنەدی: (65%)
- (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم کوردستان: 35%

## دۆزینەوەو هەناردەکردنی نەوت

ناوەڕاستی شوباتی 2017، کۆمپانیای (ئۆریکس) نامەیەکی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەرایەتی ناوچەی نەوتی هەولێر نارد، لەم نامەیەدا ئاگاداریکردن لەوەی دڵنیایە لە دۆزینەوەی نەوت لە کێڵگەی "دەمیرداغ".

ئەوکات کۆمپانیا کەنەدییەکە سەرقاڵی جێبەجێکردنی پرۆگرامێکی چڕ بوو بۆ پەرەپێدانی کێڵگەکە، لەوانە دامەزراندنی یەکەکانی بەرهەمهێنانی نەوت.

کۆمپانیا کەنەدییەکە (Orex Petroleum) کە زۆرترین پشکی کێڵگەکەی هەبوو، رۆژی 27ی تشرینی دووەمی 2020 ناوی خۆی گۆڕی بۆ کۆمپانیای (Forza Petroleum)، لەوکاتەوە تائێستا بەم ناوەوە کاردەکات.

تاوەکو ساڵی 2014 بەرهەمی رۆژانەی ئەم کێڵگەیە نزیکەی (4) هەزار بەرمیل نەوت بوو، بەگوێرەی قسەی کۆمپانیاکە لە 2015وە بەرهەمی

کێڵگەکە بۆ 40 هەزار بەرمیلی رۆژانە بەرزبووەتەوەو دامەزراوەی نوێی بەرهەمهێنانی نەوت جێگەی دامەزراوە کۆنە کاتییەکانی ساڵی 2014ی گرتوەتەوە لە کێڵگەکەدا.

لە ساڵی 2016وە هەناردەی نەوت لەم کێڵگەیەوە لەڕێگەی بۆریی نەوتی کوردستانەوە دەستیپێکردووە.

بەرهەمی کێڵگەی هەولێر لە 2016 بۆ 2023 بەمشێوەیە بووە:

- 2016: 3 هەزار بەرمیلی رۆژانە
- 2017: 3 هەزار بەرمیل
- 2018: 3 هەزار بەرمیل
- 2019: 13 هەزار بەرمیل
- 2020: 11 هەزار بەرمیل
- 2021: 13 هەزار بەرمیل
- 2022: 14 هەزار بەرمیل
- 2023: 15 هەزار بەرمیل بووە تا راوەستانی هەناردەی نەوت لە 25ی ئازاری ئەم ساڵە، لە شوباتی 2023وە دەستیکردوەتەوە بە بەرهەمهێنان و تێکڕای بەرهەمی رۆژانە تا 2024 بە 6 هەزارو 500 بەرمیل دەخەمڵێندرێت، بەڵام کۆمپانیاکە تائێستا راپۆرتی خۆی بۆ چارەکی چوارەمی 2023و سەرەتای 2024 بڵاونەکردوەتەوە.




## داهاتی کۆمپانیا لە کێڵگەکە

دوای 25ی ئازاری 2023وە کە بەهۆی بڕیاری دادگای ناوبژیوانی پاریسەوە هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ تورکیا بە بۆریی راوەستا،

کۆمپانیای (فۆرزا پترۆلیۆم) لەو کۆمپانیا بیانییانە بوو کە لەبەرەنجامی پڕبوونی ئەمبارەکانییەوە بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەی هەولێر بۆ ماوەیەك راگرت، بەر لە راوەستانی هەناردە بەرهەمەی رۆژانەی کێڵگەی هەولێر (15 هەزارو 100) بەرمیل بوو، کۆمپانیای بەڕێوەبەری کێڵگەکە لە تەموزی 2023وە دەستی بە بەرهەمهێنان کردەوە بەمەبەستی فرۆشتنی بە بازاڕی ناوخۆو چارەکی سێیەمی ئەم ساڵەدا واتا دوای دەستپێکردنەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت ئاستی بەرهەمهێنان رۆژانە بریتی بووە لە (6 هەزارو 462) بەرمیل.

رۆژی 7ی تشرینی دووەمی 2023، (شەین کلۆنیگەر) بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای (فۆرزا پترۆلیۆم) پەیامێکی بڵاوکردەوە، وتی: ئەو نەوتەی بە بازاڕی ناوخۆ دەیفرۆشین نرخەی زۆر کەمترە لە نرخی جیهانی نەوت، بەڵام پارەی نەوتە فرۆشراوەکە پێشوەختە وەردەگرین و ئەمە یارمەتیدەرە بۆ دابینکردنی تێچووی کارپێکردنی کێڵگەکە.

بەگوێرەی قسەی ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی هەرێم، کۆمپانیاکان هەر بەرمیلێك نەوت بەبڕی (31.3) دۆلار دەفرۆشن.

دواین داتاکانی کۆمپانیای بەڕێوەبەری ئەم کێڵگەیە ئاماژە بەوە دەکات، ئاستی داهات و بەرهەمی نەوت لەم کێڵگەیە لە سێ چارەکی ساڵی 2023دا بەمشێوەیە بووە:

**چارەکی یەکەم**: کۆی بەرهەمی نەوت (1 ملیۆن و 150 هەزارو 200) بەرمیل بووە، هەر بەرمیلێکی بە (54.19) دۆلار فرۆشراوە، داهات لەم ماوەیەدا بریتی بووە لە (62 ملیۆن و 334 هەزار) دۆلار، بەهۆی ئەوەی کۆمپانیای (فۆرزا پترۆلیۆم) بەهۆی ئەوەی 65%ی پشکی کێڵگەکەی هەیە، رێژەی 65%ی بەرهەم و قازانجی وەرگرتووە، 40 ملیۆن دۆلاری بەرکەوتووە، بەڵام دوای لێدەرکردنی باج و موڵکانەو کێ و پشکی حکومەت بڕی (18 ملیۆن و 254 هەزار) دۆلار بۆ کۆمپانیاکە

ماوەتەوەو حکومەت ڕێژەی زیاتر لە 70%ی داهاتی نەوتی کێڵگەکەی بردووە.

**چارەکی دووەم**: بەرهەم زۆر دابەزیوە، ڕۆژانە تەنیا 650 بەرهەم بەرهەمهێنراوە، ئەمەش بەهۆی ڕاوەستانی هەنارجەی نەوت لە 25ی ئازاری 2023دا، تێکڕای بەرهەمی ئەم کێڵگەیە لە سێ مانگی دووەمی 2023دا بریتی بووە لە (55 هەزار) بەرمیل نەوت، لەم بڕە کۆمپانیاکە (39 هەزارو 300) بەرمیلی بە نرخی (28.28) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك فرۆشتووەو تێکڕای داهاتەکەی بریتی بووە لە (1 ملیۆن و 111 هەزار) دۆلار، لەمە (604 هەزار) دۆلاری بۆ حکومەتی هەرێم و (507 هەزار) دۆلارەکەی تری بووە بە داهات بۆ کۆمپانیاکە.

**چارەکی سێیەم**: کۆمپانیاکە دەستی کردوەتەوە بە بەرهەمهێنانی نەوت، بڕیاریداوە بە بۆرییەك کێڵگەی (بەنان) ببەستێتەوە بە دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی (دەمیرداغ)، لەم چارەکەدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بۆ نزیکەی (6 هەزارو 500) بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بەرزبووەتەوە، تێکڕای بەرهەم بە نەوتی ئەمبارکراو و فرۆشراو لە ناوخۆدا لەم چارەکەدا بریتی بووە لە (602 هەزارو 616) بەرمیل، نرخی هەر بەرمیلێك نەوت بریتی بووە لە (30،83) دۆلار، کۆی داهاتەکەی (18 ملیۆن و 578 هەزار) دۆلار بووە، 13 ملیۆن دۆلاری بۆ حکومەت و 5 ملیۆنیشی بۆ کۆمپانیاکە بووە.

## سەرچاوەکان


- سایتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

https://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/ku/index.htm

- سایتی کۆمپانیای (فۆرزا پترۆلیۆم)

https://www.forzapetroleum.com/en/about-us/History.php

- راپۆرتی رێکخراوی (روونبین)

https://www.roonbeen.org/roonbeen-reports/

- کێڵگە نەوتیەکانی پارێزگای هەولێر و توانای بەرهەمهێنانیان، راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10190


### تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/20) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16297

## ئێسفنێ.. نەوتی جێناکۆك




- ساڵی 2007 کاتێك گرێبەستی بۆ کرا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نامەیەکی بۆ کۆمپانیاکە نارد، ئاگاداری کرد لەوەی لەڕووی یاساییەوە مەترسیدارە.

- له 2012وە نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا بەرهەمی رۆژانەی (6 هەزارو 500) بەرمیل بووە، لەوکاتەوە تائێستا ئیتر ئاستی بەرهەمەکەی دیار نییەو کۆمپانیاکە هیچ قسەیەك ناکات، ئەمە چیرۆکی کێڵگەی (ئێسفنێ)یە، ئەوەی عەرەبەکان پێی دەڵێن (عەین سیفنی)،

## کورتەیەك لەبارەی کێڵگەکە

کێڵگەی (ئێسفنێ) کە عەرەبەکان بە (عەین سیفنی) ناوی دەبەن، دەکەوێتە نزیك شارۆچکەی (شێخان) لە پارێزگای دهۆك و لە ناوچەی دەشتی (نەینەوا )دایە، لەم ناوچەیەدا مەزارگەی مەسحی و ئێزدییەکان هەیە.

لە رۆژی 8ی ئەیلولی 2007دا، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێبەستی ئەم کێڵگەی لەگەڵ کۆمپانیای (هەنت ئۆیڵ)ی ئەمریکی و کۆمپانیایەکی تر بەناوی ( IMPULSE ENERGY CORPORATION) ئیمزاکراوەو رووبەری کێڵگەکە (840 کیلۆمەتر) چوارگۆشەیە، بڕی زیاتر لە (1 ملیار) بەرمیل نەوتی تێدایە.

لە رۆژی 2ی ئابی 2011دا، کۆمپانیای (ئافرین)ی ئەمریکی کڕینی رێژەی 20%ی پشکەکانی کێڵگەی (عەین سیفنی) راگەیاند، بەمەش پشکەکان بەمشێوەیە گۆڕانکارییان بەسەردا هات:

- کۆمپانیا هەنت ئۆیل: 60%
- کۆمپانیای ئافرین: 20%
- حکومەتی هەرێم: 20%

کۆمپانیای (ئافرین)ی بەریتانی کە کاری هەڵکەندنی لە کێڵگەکەدا دەکرد، لە نیسانی 2012 ئاشکرایکرد، نەوتی لە کێڵگەی (سیمریت 2) لە بلۆکی عەین سیفنی دۆزیوەتەوە، هەمان کۆمپانیا لە ئازاری 2013دا رایگەیاند، ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لەم بیرە دەگاتە (5 هەزارو 368) بەرمیل لە رۆژێکدا.

دواجار پشکی کۆمپانیای (هەنت ئۆیل) لە کێڵگەکە بۆ 80% بەرزبووەوەو 20%ی پشکەکان لای حکومەتی هەرێم مایەوە.

## کێڵگەی جێناکۆك !

کێڵگەی نەوتی عەین سیفنی یەکێك لەو کێڵگانەیە کە دەکەوێتە ناوچەی جێناکۆکی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراقەوە، کێڵگەکە لەدوای کەوتنی رژێمی پێشووی عێراقەوە لە ساڵی 2003وە کەوتوەتە ژێر دەسەڵاتی هەرێمەوە.

یەکێك لە بەڵگەنامە دزەپێکراوەکانی ئەمریکا لە سایتی (ویکیلیکس)، ئاماژە بە مەترسی ئیمزاکردنی گرێبەستی ئەم کێڵگەیە دەکات لەلایەن کۆمپانیا ئەمریکییەکەوە.

لەو نامەیەدا کە چوار رۆژ دوای ئیمزاکردنی گرێبەستەکەو بە دیاریکراوی لە 12ی ئەیلوی 2007دا دەرچووە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هۆشداری بە کۆمپانیای (هەنت ئۆییل) داوە لەوەی گرێبەستەکەی (کە لە جۆری هاوبەشیکردنە لە بەرهەمدا) لەڕووی یاساییەوە مەترسیدارە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی "ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێم و بەغداد لەسەر کە خاك هێشتا یەکلانەبووەتەوەو ئەمجۆرە لە گرێبەست دەکرێت ناکۆکییەکان گەورەتر بکات".

خاوەنی کۆمپانیای (هانت ئۆیل) خۆی یەکێك لە راوێژکارەکانی سەرۆك جۆرج بوش بووە، ئەوکات (2007) کە قسەوباس لەبارەی ناکۆکی نێوان هەردوو حکومەت کراوە سەبارەت بە خاك و خاوەندارێتیی کێڵگە نەوتییەکان، گفتوگۆ لەسەر ئامادەکردنی رەشنوسی یاسای نەوت و غازی عێراق دەکرا، یاسایەك کە دەبوو لەدوای پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراقەوە لە ساڵی 2005دا پەسەندبکرایەوەو تێیدا لەسەر بنەمای دەستور دەسەڵاتی هەردوو حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم بەسەر سامانی نەوتدا یەکلابکرایەتەوە، بەگوێرەی ماددەی

140ی هەمان دەستوریش چارەنوسی ناوچە جێناکۆکەکان یەکلابکرایەتەوە، ئەم دوو یاسا گرنگە کە ناکۆکی بەغدادو هەولێری بەلادا دەخست، تائێستا دەرنەچوون، ئەمەش بەهۆی ناکۆکی هەردوولا لەسەر چۆنیەتی دەرکردنی یاساکان و لێکدانەوەی جیاواز بۆ ماددەکانی دەستور، بەتایبەت لە پرسی نەوت و غازدا.

ئەم ناکۆکییە وایکرد، هەر لەسەرەتاوە دەرکەوت کۆمپانیا ئەمریکییەکە بە نابەدڵی کار لە کێڵگەکەدا دەکات، تائێستاش لەسەر سایتی خۆی هیچ داتاو زانیارییەکی سەبارەت بە کارەکانی لە کێڵگەی (عەین سیفنی بڵاونەکردوەتەوە.




کێڵگەی عەین سیفنی بەگوێرەی نەخشەیەکی 2011ی کۆمپانیای (شاماران)

سنوری سیاسی و سەربازیی هەرێمی کوردستان

لە مانگی نیسانی 2015دا




ئەم نەخشە لە راپۆرتێکی (رۆبن مێلز) بۆ پەیمانگەی (ئۆکسفۆرد) وەرگیراوە

**دۆزینەوەی نەوت لە عەین سیفنی**

عەین سیفنی لە ساڵی 2012دا نەوتی تێدا دۆزراوەتەوە، جۆری نەوتەکەی قورسە، APIی نەوتی ئەم کێڵگەیە (21) پلەیە، واتا جۆرەکەی زۆر باش نییە، کۆمپانیایەکی ناوخۆیی بەناوی (رەوابی) لە موسڵ لە ساڵی 2015دا خەزانی نەوتی کێڵگەکەی دروستکردووە بە توانای هەڵگرتنی (18 هەزار) بەرمیل نەوت.

کۆتایی کانونی دووەمی 2023 بەرهەم رۆژانەی ئەم کێڵگەیە (6 هەزارو 500) بەرمیل بوو، دیار نییە ئایا لەدوای راوەستانی هەناردەی نەوتی کوردستانەوە بە بۆریی بۆ تورکیا لە 25ی ئازاری 2023دا، بەرهەمهێنان لە کێڵگەکە بەردەوام بووە یاخود نا، بەڵام لە 22ی ئۆکتۆبەری 2023دا کۆمپانیای (هەنت ئۆیڵ) پەیوەندی بە گروپی پیشەسازی نەوتی کوردستانەوە کردووە، گروپێك کە کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوت و غازی کوردستان لەخۆدەگرێت و لەرێگەی ئەم گروپەوە پەیامە هاوبەشەکانیان سەبارەت بە مافەکانیان بۆ هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی عێراق دەنێرن.



**PRODUCTION SHARING CONTRACT**

**AIN SIFNI BLOCK**

**KURDISTAN REGION**

BETWEEN

**THE KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT OF IRAQ**

AND

**HUNT OIL COMPANY OF THE KURDISTAN REGION**

AND

**IMPULSE ENERGY CORPORATION**

ME01:5401.22

# سەرچاوە


- کۆمپانیای (ڕەوابی)

https://www.rawaby-co.com/Default_ar.aspx

- هەواڵی (Afren hits oil in Iraq)، لە سایتی (www.meed.com)

https://www.meed.com/afren-hits-oil-in-iraq/

- سایتی (iraqoilreport)

https://www.iraqoilreport.com/news/hunt-oil-knew-krg-oil-deal-in-disputed-territory-6108/

- چالاکییە نەوتییەکانی هەرێم لە 2023دا، ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (ڕوونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەی نەوت)، 2024

https://www.roonbeen.org/roonbeen-reports/

- ڕاگەیەندراوی کۆمپانیای (ئافرین)

Afren delivers positive update on Ain Sifni Block

- ئاژانسی هەواڵی ڕۆیتەرز

https://www.reuters.com/article/business/energy/afren-hunt-make-major-oil-find-in-kurdistan-idUSL6E8FH0FF/

- سایتی (OIL REVIEW)

https://oilreviewmiddleeast.com/exploration-production/afren-acquires-two-kurdistan-oil-fields-in-iraq

- کێڵگە نەوتیەکانی پارێزگای دهۆک و توانای بەرهەمهێنانیان، راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10264

- سایتی (ئەپیکور)

https://www.apikur.uk/publications/hunt-oil-joins-apikur/

**تێبینی**

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/22) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16306

# سارتە.. هەمان چارەنوسی تەقتەق




- لە 2006وە گرێبەستی بۆ کرا، لەکۆتایی 2015 نەوتی تێدا دۆزرایەوە.
- لە 2021دا بەرهەمەکەی گەیشتە (10 هەزار) بەرمیلی ڕۆژانە، لە کۆتایی 2023دا کۆمپانیاکان بەجێیانهێشت و کێڵگەکە داخرا.
- ئەمە چیرۆکی کێڵگەی (سارتە)یە لە هەولێر، کێڵگەیەکی نەوت کە توشی هەمان چارەنوسی نەوتەکەی (تەقتەق) بووەوە.

## چیرۆکی سارتە

کێڵگەی (سارتە) دەکەوێتە پارێزگای هەولێر، رۆژئاوای ناحیەی مەسیف و خوارووی ئاکرێ، )8) بیری نەوتی تێدایەو تەنیا لە (5) بیر نەوت بەرهەمهێنراوە، یەدەگی ئەم بلۆکە بە بڕی (1 ملیار) بەرمیل خەملێندراوەو؛ رووبەرەکەی (607) کیلۆمەتر دووجایە، کوالیتی نەوتەکەی باش نییەو لە جۆرە قورسەکانە.

سەرەتا گرێبەستی ئەم کێڵگەیە لە 22ی کانونی یەکەمی 2006دا دراوە بە کۆمپانیای (ریلایەنس)ی هیندی، دواترو لە تەموزی 2012دا کۆمپانیای (شیڤرۆن)ی ئەمریکی رێژەی 80%ی پشکەکان و بەڕێوەبردنی کێڵگەکەی لە کۆمپانیا (ریلایەنس) کڕییەوە، مامەڵەی کۆمپانیاکان لەسەر پشکەکانی ئەم کێڵگەیە بەردەوام بوو تاوەکو لە شوباتی 2019دا گەنێل ئەنێرجی تورکیا رێژەی 30%ی پشکەکانی لە کۆمپانیای (شیڤرۆن)ی ئەمریکی کڕییەوە.

تاوەکو ساڵی 2013 پشکەکانی ئەم کێڵگەیە بەمشێوەیە دابەشکرا بوو:

- کۆمپانیای شیڤرۆنی ئەمریکی: 60%ی پشکەکان
- کۆمپانیای OMVی نەمساویی: 15%ی پشکەکان
- حکومەتی هەرێم: 25%ی پشکەکان

دواجار، لەناو مامەڵەی کۆمپانیاکاندا، پشکەکانی کێڵگەی (سارتە) بەمشێوەیە مایەوە:

- کۆمپانیای شیڤرۆنی ئەمریکی: 50%ی پشکەکان
- کۆمپانیای گەنێڵ ئەنێرجی تورکی: 30%ی پشکەکان
- حکومەتی هەرێم: 20ی پشکەکان

لە کۆتاییەکانی 2015دا کۆمپانیای (شیڤرۆن) ئاشکرایکرد نەوتی لە کێڵگەی (سارتە) دۆزیوەتەوەو دەست بە پرۆسەی لێدانی بیر دەکات بۆ دەرهێنانی نەوت، بەڵام شەڕی داعش و نائارامییەکانی ئەو ساڵانە وایکرد کۆمپانیا ئەمریکییەکە کارکردنی خۆی لە هەرێمی کوردستان رابگریت، دواترو لە ئەیلولی 2017دا کۆمپانیاکە دەستیکرد بە هەڵکەندی یەکەم بیر کرد لە کێڵگەی (سارتە).

ئەم کێڵگەیە لە مانگی تشرینی دووەم 2020وە بەفەرمی وەک کێڵگەیەکی بەرهەمهێنی بازرگانی راگەیەنرا، بۆ یەکەمجاریش لە مانگی کانونی یەکەمی 2020وە کۆمپانیاکانی (شیڤرۆن)و (گەنێل ئەنێرجی) شایستەی دارایی خۆیان لەم کێڵگەیە وەرگرت.

بەرهەمی کێڵگەکە لەسەرەتاوە (5 هەزار) بەرمیلی رۆژانە بوو، لە ئازاری 2021دا دوای نۆژەنکردنەوەی بیری (سارتە 2)، تێکڕای بەرهەمی هەردوو بیری (سارتە 1 و سارتە 2) لەم کێڵگەیە بۆ (10 هەزار) بەرمیل نەوتی رۆژانە بەرزبووەوە، ئەم نەوتە بە تانکەر دەگوازرایەوە بۆ کێڵگەی (خورمەڵە)و لەوێوە دەکرایە بۆری نەوتی کوردستان و هەناردەی بەندەری جەیهانی تورکیا دەکرا.

لە چارەکی یەکەمی 2022دا بەرهەمی رۆژانەی ئەم کێڵگەیە بریتی بوو لە (5 هەزارو 590) بەرمیل، بەڵام لە نیوەی دووەمی 2022ەوە ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە پاشەکشێی گەورەی بە خۆیەوە بینی و بۆ بڕی (3 هەزارو 960) بەرمیلی رۆژانە دابەزی.

هاتنی ئاو بۆ ناو بیرە نەوتەکان، هۆکاری سەرەکی پاشەکشێی بەرهەمی کێڵگەی (سارتە) بوو، لە چارەکی یەکەمی 2023دا (واتا بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوت بۆ تورکیا بە بۆریی) ئاستی بەرهەمهێنانی زیاتر دابەزی و گەیشتە (3 هەزارو 160) بەرمیل لە رۆژێکدا، لە چارەکی

سێیەمی هەمان ساڵ و دوای راوەستانی هەناردەی نەوت، ئاستی بەرهەمی کێڵگەکە بەتەواوەتی سفربووەوە.

لە کۆتایی ساڵی 2023دا گرێبەستی کێڵگەی (سارتە) لەلایەن هەردوو (شیڤرۆن)و (گەنێڵ ئەنێرج)یەوە کۆتایی پێهێنراو کێڵگەکە رادەستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کرایەوە، بەهۆی ئەوەی ئیتر هیچ سودێکی ئابوری تێدا نەما، بەمەش کۆمپانیای (شیڤرۆن)ی ئەمریکی هیچ وەبەرهێنانێکی لە هەرێمی کوردستاندا نەما، بەمشێوەیە کێڵگەی (سارتە) توشی هەمان چارەنوسی کێڵگەی (تەقتەق) بووەوە کارکردن تێیدا راگیرا.

بەر لە رادەستکردنەوەی (سارتە) بە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، شایستەی دارایی (شیڤرۆن)و (گەنێڵ ئەنێرج) لە چارەکی یەکەمی 2023دا لەم کێڵگەیە بریتی بوو لە بڕی (9.5 ملیۆن) دۆلار، لەم بڕە پارەیە شیڤرۆن (5.9 ملیۆن)ی بردو بڕی (3.6 ملیۆن) دۆلاریش بۆ گەنێڵ ئەنێرجی بوو.

## ناڕەزایەتیی لە سارتە

شوباتی 2023 بەهۆی ناڕەزایی دانیشتووانی گوندی (چڕە)و (چنارۆک)و (گەرووی دەلالان)و (زەرگەزەوی) لە سنوری ناحیەی دارەشەکران لە پارێزگای هەولێر، لە کێڵگەی (سارتە) گواستنەوەی نەوت ماوەی 10 رۆژ راوەستا، بەهۆی رێگریی هێزە ئەمنییەکانەوە میدیاکان نەیانتوانی ناڕەزایەتییەکە رووماڵ بکەن.

خەڵکی ناڕازیی ئەو گوندانە کە داوای هەلی کارو دامەزراندنیان لە کێڵگەی نەوتەکە دەکرد، رێگای گواستنەوەی نەوتییان لە کێڵگەی (سارتە)وە بۆ پاڵاوگەی (کەڵەک)و وێستگەی پەمپی (خورمەڵە) راگرت.

ئەوکات کە ناڕەزایەتییەکە ڕێکخرابوو، ڕۆژانە لەنێوان 17 بۆ 20 تانکەر نەوت لە کێڵگەکەوە ڕەوانەی پاڵاوگەی کەڵەك و خورمەڵە دەکرا.

## بۆچی چۆڕبڕ بوو ؟

(نەوزادی موهەندیس) لە بابەتێکدا کە لە شوباتی 2024دا کە لە (درەو) بڵاوکراوەتەوە، بەمشێوەیە باس لە هۆکاری چۆڕبڕبوونی بیرەنەوتەکانی کوردستان لەوانە بیرەکانی کێڵگەی (سارتە)و چارەسەرەکانی دەکات:

## هۆکارەکان چین؟

چەمکی چۆڕبڕبوون: بریتییە لە کەمبوونەوەو دابەزینی بڕی بەرهەمی بیر یان کێڵگەیەکی نەوت لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا، هەربۆیە سەرچاوە نەوتییەکان وەکو هەموو سامانە سروشتییەکانی تر رووبەڕووی کەمبوونەوە دەبنەوەو لەکۆتایشدا چۆڕبڕ دەبن.

بە کورتی و پوختی هۆکارەکان بریتین لە:

1. گەلێك هێزی پاڵنەر کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان دەکەن لەسەرەتای ژیانی بەرهەمهێنانی بیرەکانەوە، کە بریتین لە: هێزی سروشتی، وەکو پاڵنانی ئاویی یان گومەزی غازیی یان غازی تواوە یان تێکەڵەیەك لەو هێزانە. وەك بەرزبونەوەی ڕێژەی ئاو water cut کە چارەسەرەکەی بریتییە لە گۆڕینی perfs بۆئەوەی دوور بکەوینەوە لە ئاوەکە.
2. لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی بەرهەمهێناندا، ئەوا پەستانی حەشارگە نەوتییەکان دادەبەزێت، بەهۆی لەبەر ڕۆیشتنی زۆرەوە هێزە پاڵنەرەکان دادەبەزێت.

3. بەشێوەیەکی زانستیی و بەردەوام بیرەکان نوژەن نەکراون.
4. دابەزین و کەمبوونەوەی ئاستی ڕۆیشتنی نەوت لە کۆگای نەوتەکەوە، بەمەش بڕی بەرهەم ڕوو لەکەمبوونەوە دەکات.
5. زیانگەیاندن بە چینی بەرهەمهێنەکە، واتا زیانگەیاندن بە کونیلەکان و توانای پێداتێپەڕبوونی بەردە کۆگاییەکان.
6. گیرانی ڕێڕەوەکانی نەوتە خاوەکە بە کەڵەکەبوونی لم و قوڕ تیایاندا.
7. یەکگرتنی نەوت و پێکهاتەکانی حەشارگە نەوتییەکە، کە دەبێتە تۆپەڵبوون و گرتنی ڕێڕەوی ڕۆیشتنی نەوتەکە.
8. بەهۆی چۆڵبوونی کۆگا هەڵگرەکان، چینە بەرهەمهێنەکە تووشی داڕمان دەبێت، بەهۆی ئەو پەستانە بەرزەی لە سەرێتی بەهۆی چینەکانی زەویەوە.

## ڕێگەچارەکان چین بۆ هەریەکێك لەو هۆکارانە؟

گەلێك ڕێگەچارەی هەیە، لەگەڵ هەر هۆکارێکدا چارەکانیش دەگۆڕێن، وەکو:

1. دابەزینی پەستان و پلەی گەرمی، کەمبوونەوەی بڕی بەرهەم ڕوودەدات و لەوکاتەشدا نەوتەکە جیادەبێتەوە بۆ نەوتی قورس و سوك، نەوتە سوکەکە دێتە دەرەوە و قورسەکەش دەمێنێتەوەو پێویستی بە ڕێگە چارەیەک هەیە، ئەویش بە تێکردنی هەڵمی ئاو بۆ ناو کۆگاو حەشارگە نەوتییەکە steam water، بەمەبەستی زیادکردنی پلەی گەرمییەکەی، بەوەش نەوتەکە کە چڕیەکەی بەرزە، دەگۆڕێت بۆ نەوتێکی چڕیی نزم و بەئاسانی دێتە دەرەوە.

2. دابەزینی پەستانەوە، کە دەبێتە هۆکاری دەرچوونی غازەکەو بەوەش نەوتە قورسەکە دەمێنێتەوەو لینجیەکەی زیاد دەبێت و خەستدەبێتەوەو بڕی بەرهەم و هاتنە دەرەوە کەمدەبێتەوە.
3. زیادبوونی چینی ئاو و زیادبوونی بەرهەم و هاتنەدەرەوەی ئاو لە بیرەکەوە، کە دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بەرهەمی نەوتەکەو چارەسەریش بریتییە لە ڕێگەگرتن لە بەرهەمی ئاوەکەو تێکەڵبوونی بە نەوتە خاوەکەو گەر چارەسەر نەکرێت دەبێتە هۆی راوەستانی بیرەکە لە بەرهەم.

لە زۆربەی بارودۆخەکاندا کێڵگەی نەوت بڕێکی گەورە لە ئاو لە خۆدەگرێت، کە پلەی سوێرێتی زۆر بەرزەو لەژێر نەوتەکەدا پەنگیخواردوەتەوەو رۆڵ دەبینێت لە پاڵنان بە شلە نەوتییەکانەوە بۆ بیرەکە، بەهۆی سیفەتی کشانەوە هەرچەندە بچووکیش بێت، جا کاتێك ئاوەکە هەلێك دەبینێتەوە بۆ گەیشتن بە بیرەکە، ئەوەش ئاسایی یان بەزۆریی لەماوەی 20 ساڵدا روودەدات لە دەستپێکی بەرهەمهێنانەوە، هەوڵی پاڵنان دەدات بە نەوتەکەوە بۆ دەرچوون، بە ڕێژەیەکی کەم دەستپێدەکات و هێواش هێواش زیاد دەبێت تا دەگاتە رادەیەکی مەترسیدارو دەگاتە 50-60%ی بەرهەمەکە. لەو ئاستەشدا ناوەستێت و ڕێژەی ئاوەکە بەرزدەبێتەوە تادەگاتە وەستاندنی بەرهەمهێنان. بەزۆریش پێش ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە، بەرهەمەکە دەگۆڕێت لە خۆدەرکردەوە بۆ بەکارهێنانی ماتۆڕی هەڵمژێنەر کە لە بنی بیرەکەدا دادەنرێت، ئەمەش تێچووی بەرهەم زیاد دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا بڕی بەرهەمی نەوت کەمدەکات و بڕی ئاوەکە زیاد دەکات تا دەگاتە قۆناغێك کە ئیدی بەرهەمهێنان هیچ سودێکی ئابوری نامێنێت.

## چارەسەرەکان

بۆ چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەو گەڕاندنەوەی بیرەکان بۆ دۆخی ئاسایی بەرهەمهێنانی خۆیان و پارێزگاریکردن لە پەستانی ناو بیرەکە، پێویستە هەندێك هەنگاوی کرداریی بگیرێتە بەر وەکو:

- بەرزکردنەوەی دەستکرد یان ماتۆڕی نوقومبوو لەناو نەوتەکەدا (غاطسە)و دوای ئەوەش ڕێگەی تر دێن وەکو:
- ڕێگەچارەی سەرەتایی دەرهێنانی نەوت: کە بەدوو شێواز دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە رۆیشتنی سروشتیی و بەرزکردنەوەی دەستکرد. تێکردنی ئاویی یان تێکردنی غازیی و ڕێگەی gas lift کە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت رێژەی 30% نەوت دەربهێنرێت.
- ڕێگەچارەی دووەمینی دەرهێنانی نەوت Secondary Recovery: بەدوو شێواز کار دەکات وەکو تێکردنی ئاو و چاکسازیکردن لە پەستاندا لەم رێگەیەدا دەتوانرێت ڕێژەی 30-50% نەوت دەربهێنرێت.
- ڕێگەچارەی سێهەمینی دەرهێنانی نەوت Tertiary Recovery: بە چەندین رێگەچارە دەتوانرێت بڕی بەرهەمی نەوت زیاد بکرێت وەك:

1. گەرمکردن، بەهۆی هەڵم و ئاوی گەرم و سوتان.
2. تێکردنی غاز: وەکو غازەکانی $CO_2$ وHydrocarbon و Nitrogen/ Flue .
3. کیمیایی: لەڕێگەی هەریەکە لەAlkali, Surfactant, Polymer
4. لەهەندێك باوردۆخیشدا کرداری شکاندنی هایدرۆلیکی hydrolic fracبەکاردێت بۆ زیادکردن یان دروستکردنی توانای تێپەڕبوون لە بەردە کۆگاییەکانداو بەمشێوەیە بڕی بەرهەم زیاد دەبێتەوە.

هەربۆیە بۆ هەر حاڵەتێکی کەمبوونەوەی بەرهەم پێویستە لەپێشدا هۆکارەکان دیاریبکرێن و؛ دواتر بۆ هەر حاڵەتێك چارەسەری گونجاو دەستنیشان بکرێت. بۆ نمونە بیرێکی نەوت لە سەرەتای بەرهەمهێنانیدا رۆژانە لەنێوان 50-60 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت، کە حاڵەتێکی ئاساییە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری بیرەکان لەنێوان 20و 30 هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنن بۆ چەندین ساڵ، زانیارییەکی گرنگ کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە هیچ کات ناتوانرێت تەواوی نەوتی کۆگاکراو بەرهەمبهێنرێت، کە هەیە لەناو حەشارگە نەوتییەکاندا، بەهۆکاری جیۆلۆجی و فیزیاویی کە پەیوەستن بە تایبەتمەندی بەردەکانەوە. بەتایبەتیش لەکاتێکدا ناتوانرێت دەستڕابگات بەو بەردانەی کە لە قوڵایی 2کم لەژێر زەویدان تەنها بەهۆی ئامێری هەڵکەندنەوە نەبێت. بەزۆریش رێژەی دەرهێنان لەنێوان 30-50-%ە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە نیوەی نەوتە هەڵگیراوەکە، بۆ هەتاهەتایە لەناو زەویدا دەمێنێتەوە، لە هەندێك حاڵەتی ترداو بەهۆی تەکنۆلۆجیای گرانبەهاوە، دەتوانرێت رێژەی دەرهێنان بگاتە 60%، لەکاتێکدا تێکڕای دەرهێنانی جیهانی کەمترە لە 40%.

## داخستنی بیرە نەوتەکان و مەترسییەکانی

هەموو بیرە نەوتێك یان غازێك کە کەوتە بەرهەمهێنان، باشتروایە بەردەوام بێت لە بەرهەمهێنان و هیچ کات بیر لە داخستنی نەکرێتەوە، بەڵکو هەوڵبدرێت بەکەمیش بێت پرۆسەی بەرهەمهێنان بەردەوام بێت، چونکە داخستنی بیرە نەوت و غازەکان، دەبێت کۆتا بژاردە بێت، کە بیری لێبکرێتەوە. چونکە ((بڕیارێکی سەخت و تاڵە)).

لە کۆتاییدا دیاردەی کەمبوونەوەو نەمانی بەرهەمی بیرە نەوتەکانی هەرێمی کوردستان، دیاردەیەکی بەربڵاوی جیهانییەو کارێکی نامۆ نییە

لەبوار و کەرتی نەوت و وزەدا. بەڵام روودانیان بەو شێوە خێرایی و کتوپڕو لەو ماوە کەمەی بەرهەمهێناندا، جێگەی پرسیارن. هەربۆیە دەکرێت وزارەتی سامانە سروشتییەکان و کەسانی پسپۆڕو شارەزا لەبوارەکەدا بەوردی لە هۆکارەکانی بکۆڵنەوەو دواتریش کۆمپانیاکان ناچار بکرێن، بۆ گرتنەبەری رێوشوێنی زانستی لە دەرهێنان و پەرەپێدان و صیانەکردنی بەردەوامی بیرەکاندا، بەپێچەوانەوە لەماوەیەکی کورتی داهاتوودا ئەو دیاردەیە لە هەموو کێڵگەو بیرە نەوتەکانی تردا، دووبارە دەبنەوە. ئەمەش زیانی گەورە دەگەیەنێت بە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستان.

## سەرچاوەکان


- شیکردنەوەی گرێبەستی نەوتی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی کۆمپانیاکانی نەوت لە هەرێمی کوردستاندا، پرۆژەی رێکخراوی مەسەلە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان بە هاوکاری رێکخراوی NPA، چاپی یەکەم 2013

- Sarta Oil Field Development

https://www.nsenergybusiness.com/projects/sarta-oil-field-development/?cf-view

- راپۆرتی رێکخراوی (روونبین)

https://www.roonbeen.org/roonbeen-reports/

- کەمبوونەوەی نەوتی هەندێک لە بیرە نەوتەکانی هەرێم!، نەوزادی موهەندیس، (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=14692

**تێبینی**

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/21) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16300

# چیاسورخ.. یەکەم بیری نەوت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا




- یەکەم بیری نەوت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە کێڵگەیەکی سنوری گەرمیاندایە.
- ئەم کێڵگەیە لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتیدایە، لە 2009وە گرێبەستی بۆ کراوە، بەڵام تاوەکو 2022 بەرهەمی رۆژانەی 2 هەزار بەرمیلی رۆژانە بووە
- لە تەموزی 2024وە بەیەکجاری کێڵگەکە داخراوە،

یەکەم بیری نەوت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا لە کێڵگەیەکی سنوری گەرمیاندایە، ئەم کێڵگەیە لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتیدایە، لە 2009وە گرێبەستی بۆ کراوە، بەڵام تاوەکو 2022 بەرهەمی رۆژانەی 2 هەزار بەرمیلی رۆژانە بووە، لە تەموزی 2024وە بەیەکجاری کێڵگەکە داخراوە، نەم لەم کێڵگەیە شکستی هێناوە، کۆمپانیایەکی سلێمانی ئێستا دەیەوێت پشکەکانی کێڵگەکە لە کۆمپانیا تورکییەکە بکڕێتەوەو وێستگەیەکی کارەبا پشتبەست بە غازی کێڵگەکە دروستبکات، ئەمە کێڵگەی (چیاسورخ)ە، وردەکاری زیاتر لەم راپۆرتەدا.

## لەبارەی چیاسورخەوە

ئەم کێڵگەیە دەکەوێتە سنوری ناحیەی (قۆرەتوو)، ئەم ناحیەیە لەبنەڕەتەوە سەربە قەزای (خانەقین)ە، بەڵام لەدوای ئازادی ناوچە کوردستانییەکان لە راپەڕینی بەهاری 1991دا، کەوتوەتە ناوچەی ئیدارەی کوردستانەوەو بە ئیدارەی گەرمیانەوە بەستراوەتەوە کە لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتیی نیشتمانی کوردستاندایە.

رووبەری ئەم کێڵگەیە (985 کیلۆمەتر) چوارگۆشە، لەم بلۆکەدا (12) بیری نەوت هەیە، بەگوێرەی خەمڵاندنی (سکۆتیا کاپیتاڵ) بڕی (5.656 ملیار) بەرمیل نەوت لەم بلۆکەدا هەیە.




کێڵگەی چیاسورخ بەپێی نەخشەیەکی 2011ی کۆمپانیای (شاماران)

## کورتەیەکی مێژوویی

لە (تشرینی دووەمی 2013)دا واتا چەند مانگێکی کەم بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی "ئابوری سەربەخۆ"و هەناردەی نەوتی کوردستان بەشێوەی راستەوخۆ بۆ تورکیا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە دووەم راپۆرتی خۆیدا بە شکۆوە باسی لە کێڵگەی (چیاسورخ) کردووەو نوسیویەتی:" ئایا ئەزانیت یەکەم بیری نەوت کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵکەندراوە، لە هەرێمی کوردستاندا بووە لە ساڵی 1902 لە ناوچەی چیاسورخ".

لەماوەی ساڵانی دورودرێژی 1902 تاوەکو 1954 کۆمپانیای (ئەنگلۆ- پێرژەن) کە کۆمپانیایەکی هاوبەشی ئێرانی بووە، کار لەم کێڵگەیەدا کراوە.

کۆتاییەکانی ساڵی 2009، کۆمپانیای (GGFZ)ی چینی کاری بەدواداگەڕانی نەوتی بۆ ئەم کێڵگەیە کردووە، لە کۆتایی 2013دا بەسەپەرەشتی کۆمپانیای (گەنێڵ ئەنێرجی) تورکی بیرەکانی ژمارە (10-11-12) لێدراون، لەدوای ساڵی 1954ەوە بیری ژمارە (10)ی چیاسورخ یەکەم بیر بوو کە لەم کێڵگەیە لێبدرێت.

یەکەم گرێبەستی ئەم کێڵگەیە لە رۆژی 11ی حوزەیرانی 2009دا ئیمزاکراوە، گرێبەستەکە دراوە بە کۆمپانیای (لۆنگفۆرد ئینێرجی)، دواترو لە حوزەیرانی 2009دا (گەنێڵ ئەنێرجی) تورکیش هاتە ناو پشکەکانی کێڵگەکەوە.

تاوەکو ساڵی 2011 پشکەکانی ئەم کێڵگەیە بەمشێوە دابەشبووە:

- کۆمپانیای (لۆنگفۆرد): 40%
- کۆمپانیای (گەنێڵ ئەنێرجی) تورکی: 20%
- کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ)ی تورکی: 20%
- کۆمپانیای (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێم: 20%

دواتر جارێکی تر کۆمپانیاکان کڕین و فرۆشتیان بە پشکەکانەوە کردوەو تاوەکو ساڵی 2013 پشکەکانی ئەم کێڵگەیە بەمشێوەیە دابەشکرایەوە:

- (گەنێل ئەنێرجی) تورکی: 60%
- (پیت ئۆیڵ)ی تورکی: 20%
- حکومەتی هەرێم: 20%

جارێکی ترو لە 2016دا پشکەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوەو کۆمپانیای (لۆنگفۆرد) لە پشکەکان دەرچووەو ئەمجارە بەمشێوەیە دابەشبووەتەوە:

- گەنێڵ ئەنێرجی: 40%

- پیت ئۆیڵ: 40%
- حکومەتی هەرێم: 20%

مامەڵەی پشکەکان لە تەموزی 2017 گۆڕانکارییەکی تری بەسەردا هات، کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ) ڕێژەی 40%ی پشکی کۆمپانیای (گەنێڵ ئەنێرجی) کڕییەوە، ئیتر لێرەوە (پیت ئۆیڵ) بووە بە خاوەنی (80%)ی پشکەکانی کێڵگەی (چیاسورخ).

## کێشەکانی چیاسورخ

بەرهەمی ئەم بلۆکە نەوتییە لە کۆتاییەکانی 2022دا بریتی بووە لە (2 هەزار) بەرمیلی رۆژانە، ئیتر لەوکاتەوە کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ)ی تورکی رێژەی 80%ی پشکەکانی کێڵگەکەی وەرگرت.

تاوەکو راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم بە بۆریی بۆ تورکیا لە 25ی ئازاری 2023، دۆخی کێڵگەکە بەمشێوەیە بەردەوام بوو، لەدوای راوەستانی هەناردەوە زۆربەی کۆمپانیاکان بەرهەمهێنانی نەوتیان راگرت، بەڵام بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی (درەو)، بەرهەمهێنان لە (چیاسورخ) رانەوەستاوە، ئەمەش بەهۆی ئەوە بووە لە بنەڕەتەوە بەرهەمی کێڵگەکە هەناردەی دەرەوە نەکراوەو بۆ ناوخۆ بووە، رۆژی 29ی ئازاری 2023 واتا چوار رۆژ دوای راگرتنی هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا بەهۆی بڕیاری دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی پاریسەوە، یادگار خالید بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ) قسەی بۆ (رادیۆ دەنگ) لە گەرمیان کرد، وتی: کارەکانمان رانەگیراوە، رۆژانە 6 بۆ 8 تانکەر نەوت بەرهەمدەهێنین، رەوانەی پارێزگای سلێمانی دەکرێت.

بەڵام سەرباری ئەمەش راوەستانی هەناردەی نەوت بە بۆریی کاریگەریی لەسەر کارکردن لەم کێڵگەیە بەجێهێشت، کۆتاییەکانی تەموزی 2023 کە ئەوکات بەرهەمی رۆژانە کێڵگەکە لەنێوان (1500 بۆ 2000) بەرمیلی رۆژانە بوو، کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ) هەڕەشەی راگرتنی کارەکانی کرد بەهۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم شایستە داراییەکانی بۆ خەرج نەکردبوو، ئەوکات حکومەت لە قەیرانی داراییدا بوو، بەهۆی راوەستانی هەناردەی نەوتەوە رێژەی نزیکەی 80%ی داهاتی خۆی لەدەستدا بوو.

بەگوێرەی زانیارییەکانی (درەو)، لەو سەردەمەدا بۆ دەرهێنانی شایستە داراییەکانی، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان رێگەی بە کۆمپانیای (پیت ئۆیل) داوە بەرهەمی نەوتی کێڵگەکە بە پاڵاوگەی قەیوان بفرۆشێت و داهاتەکەی بۆ خۆی وەربگرێت.

چەند رۆژێك بەر لە راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم لە 25ی ئازاری 2023دا، حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی کارەبای گەرمیان پشتڕاستیکردەوە "وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و وەزارەتی کارەبا پلانیان هەیە وێستگەیەکی کارەبا بە پشتبەستن بە گازی کێڵگەی نەوتی چیاسورخ دابنێن، کە دەتوانێت 30 بۆ 40 مێگاوات کارەبا بەرهەمبێنێت".

ئەوکات بەڕێوەبەرایەتی کارەبای گەرمیان دەرخستەی بۆ پرۆژەی کارەباکە کردبوو، رەوانەی وەزارەتی کارەبای کردبوو، بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی (درەو)، بڕیار بووە جێبەجێکردنی پرۆژەی وێستگەی کارەباکەی چیاسورخ بدرێت بە کۆمپانیای (قەیوان)، بەڵام دەسەڵاتدارانی سنورەکە قایل نەبوون و بەوهۆیەوە پرۆژەکە تائێستا پەکیکەوتووە.

## ئاو کۆنترین کێڵگەی نەوت رادەگرێت

لە ناوەڕاستی ساڵی 2023وە، کێشەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی (چیاسورخ) سەریهەڵدا؛ کۆمپانیا خاوەن پشکەکان نیگەران بوون لە بوونی غازو تێکەڵبوونی زۆری ئاو لەگەڵ نەوتی کێڵگەکەدا، لەسەرەتاوە بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، بەپێی زانیارییە نافەرمییەکان، ماوەیەك کۆمپانیای (پیت ئۆیل) نەوتی خاوی کڕیوەو تێکەڵی نەوتەکەی کێڵگەی (چیاسورخ)ی کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت کوالیتییەکی بەرزبکاتەوەو وای لێ بکات بە کەڵکی هەناردەکردن بێت، بەڵام دواجار توانای لەبەر بڕاوە درێژە بەم شێوازە چارەسەرە بدات.

کۆتاییەکانی 2023، کۆمپانیا تورکییەکە کارەکانی لە (چیاسورخ) راگرت، کۆتایی بە گرێبەستی کارکردنی کارمەندەکانی هێنا کە ژمارەیان (27) کەس بوو، بەڵام داخستنی یەکجاری کێڵگەکە بۆ 27ی تەموزی 2024 دواکەوت، لە کۆبوونەوەیەکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمدا بڕیار درا لەسەر داخستنی کێڵگەکەو رادەستکردنی بە پۆلیسی نەوت و غاز.

بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی (درەو)، کۆمپانیایەکی ناوخۆیی سنوری پارێزگای سلێمانی لە هەواڵی کڕینی پشکەکانی کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ)ی تورکیدایە لە کێڵگەی چیاسورخ، ئەم کۆمپانیایە دەیەوێت کێڵگەکە وەربگرێتەوەو ئەو وێستگە کارەبایە دروست بکات کە بڕیاربوو پێشتر کۆمپانیای (قەیوان) جێبەجێی بکات.

## ناڕەزایەتیی لە چیاسورخ

وەکو هەندێك لە کێڵگە نەوتییەکانی تری کوردستان، کێڵگەی چیاسورخ بەدەر نەبووە لە ناڕەزایەتی دانشتوانی ناوچەکە.

رۆژی 11ی ئۆکتۆبەری 2020 خەڵکی گوندی (چیاسورخ) رێگرییان لە ئۆتۆمبێلەکانی کۆمپانیای کارپێکەری کێڵگە نەوتەکە کرد، خەڵکەکە کاتێك قسەیان بۆ میدیاکان دەکرد، داوای دامەزراندن و رەخساندنی هەلی کاریان بۆ دانیشتوانی سنورەکە دەکرد، باسیان لەوەدەکرد کۆمپانیاکە پۆستەکانی کەمکردوەتەوەو دانیشتوانەکەی لە دەرفەتی کار بێبەش کردوەو ئەمە پێچەوانەی گرێبەستی کارکردنی کۆمپانیاکەیە لە کێڵگەکە.



دیمەنێك لە خۆپیشاندانەکەی 11ی ئۆکۆتبەری 2020

ئەمە دوایین ناڕەزایەتیی نەبوو، 25ی تەموزی 2024دا ناڕەزایەتییەکی تری هاوشێوە لە ناوچەکە روویدا، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە کۆمپانیاکە بەتەواوەتی کێڵگەکەی رادەستکردەوەو بەرهەمهێنان بە یەکجاریی راگیرا.

## سەرچاوەکان

- سایتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

https://archive.gov.krd/mnr/mnr.krg.org/index.php/en.html

- سایتی کۆمپانیای (گەنێڵ ئەنێرجی)

https://genelenergy.com/about-us/who-we-are/snapshot-of-genel-energy/

- سایتی کۆمپانیای (پیت ئۆیڵ)

https://www.petoil.com.tr/en/briefhistory.html

- چالاکییە نەوتییەکانی هەرێم لە 2023دا، راپۆرتی رێکخراوی (روونبین بۆ شەفافیەت لە پرۆسەی نەوت)، 2024

https://www.roonbeen.org/roonbeen-reports/

- هەناردەکردنی نەوتی چیاسورخ رانەگیراوە، هەواڵی (رادیۆی دەنگ) لە گەرمیان

https://dengnet.net/details.aspx?kodtech=31556

- ئاو کۆنترین کێڵگەی نەوت لە گەرمیان رادەگرێت، راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=15433

- هەواڵی ( Genel Energy gauges Kurdistan Chia Surkh oil, gas discovery):

https://www.ogj.com/exploration-development/discoveries/article/17259473/genel-energy-gauges-kurdistan-chia-surkh-oil-gas-discovery

**تێبینی**

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/23) بڵاوکراوەتەوە؛
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16314

# کوردەمیر.. خەونی غازو ناردنی کارەبا بۆ عێراق




- دەکەوێتە سنوری ناحیەی شێخ تەویلی کەلارو سەنگاوی سەربە چەمچەماڵ، تا سەر روباری سیروان درێژدەبێتەوە.
- لەم کێڵگەیەدا بەرهەمی غاز لە نەوتی رەش زیاترە.
- یەدەگی سەلمێندراو نەسەلمێندراوی غازی سروشتی لەم کێڵگەیەدا بە نزیکەی (2.3) ترلیۆن پێ سێجا مەزەندە دەکرێت.

کوردەمیر یەکێك لەو کێڵگانەی ناوچەی گەرمیانە کە هەر لە سەرەتای چالاکییە نەوتییەکانەوە گرێبەستی بۆ کراوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە بگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت بەشێوەیەکی جێگیر، بەمدواییە ئەوانەی دەسەڵاتیان بەسەر کێڵگەکەدا هەیە دەیانەوێت غازەکەی بەکاربهێنن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەمەبەستی فرۆشتنی کارەباکە بە حکومەتی عێراق، ئەمە چیرۆکی کێڵگەی (کوردەمیر)ە، کە شەڕی پشکەکانی گەیشتە دادگای شاهانەی لەندەن.

بلۆکی کوردەمیر:

- دەکەوێتە سنوری ناحیەی شێخ تەویلی کەلارو سەنگاوی سەربە چەمچەماڵ، تا سەر روباری سیروان درێژدەبێتەوە.
- رووبەرەکەی (620 ) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە.
- لەم کێڵگەیەدا بەرهەمی غاز لە نەوتی رەش زیاترە.
- بڕی (5.129) ملیار بەرمیل یەدەگی نەوتی تێدایە.
- بڕی (65) ملیۆن بەرمیل کۆندێنسەیت لەم بلۆکەدا هەیە.
- یەدەگی سەلمێندراو نەسەلمێندراوی غازی سروشتی لەم کێڵگەیەدا بە نزیکەی (2.3) ترلیۆن پێ سێجا مەزەندە دەکرێت.
- شەش بیری نەوتی تێدایە کە ئەمانەن (K4-K3-K2-K1-K39-K44).

لە قۆناغی دوو ئیدارەیی هەولێرو سلێمانی دوای شەڕی ناوخۆیی پارتی و یەکێتیی، ئیدارەی یەکێتیی لە سلێمانی لە رۆژی 4ی ئایاری 2006دا گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (وێسترن زاگرۆس) ئیمزاکرد بۆ کارکردن لە کێڵگەی نەوتی (کوردەمیر) لە سنوری گەرمیان، ئەمە یەکێك لە گرێبەستە سەرەتاییەکانی کەرتی نەوت بوو لە هەرێمی کوردستان.

دواترو پاش کەوتنی رژێمی سەددام لە 2005دا، کە هەردوو حکومەتی پارتی و یەکێتیی یەکیانگرتەوە، گرێبەستی کێڵگەی کوردەمیر کە لە

جۆری (هاوبەشیی لە بەرهەمهێناندا)یە، لە 28ی شوباتی 2008دا نوێکرایەوە، ئەمجارە پشکەکانی کێڵگەکە بەمشێوەیە دابەشکرایەوە:

- 40% بۆ کۆمپانیای ویسترن زاگرۆسی کەنەدی
- 40% بۆ کۆمپانیای تالیسمان ئینەرجی کەنەدی
- 20% بۆ (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئازاری 2019 کۆمپانیایەکی بواری وزەی ئیسپانی بەناوی (ریپسۆڵ) خۆی هاویشتە ناو پشکەکانی کێڵگەی کوردەمیر، پشکی کۆمپانیای (تالیسمان)ی کڕییەوەو فرۆشتی بە کۆمپانیایەکی ناوخۆیی بەناوی (دایناستی)، ئەمە کێشەی دروستکرد، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان ناڕازیی بوو، کەیسەکە گەیشتە دادگای لەندەن، ئەمە وایکرد ئاشتی هەورامی پشکەکانی لە کۆمپانیای (تالیسمان)ی کەنەدی وەرگرتەوەو کۆمپانیا ئیسپانییەکەشی کردە دەرەوە، پشکەکانی لەنێوان کۆمپانیای (گازپرۆم)ی روسی و (ویسترن زاگرۆس)ی کەنەدی دابەشکردەوە، بەمشێوەیە:

- 40% بۆ کۆمپانیای ویسترن زاگرۆسی کەنەدی
- 40% بۆ کۆمپانیای گازپرۆمی روسی
- 20% بۆ (کیپکۆ)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان

کوالێتی نەوتەی ئەم کێڵگەیە لە جۆری (سوك)ە، API نەوتەکەی لەنێوان 38 بۆ 42 بۆ 61دایە بەپێی بیرە جیاوازەکانی، نەوتەکەی کبریت (گۆگرد)ی تێدا نیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی غازی سروشتی لە کێڵگەکەدا زیاترە لە نەوتی رەش، بۆیە هەرگیز بەرهەمهێنانی نەوت لەم کێڵگەیە نەگەیشتە ئاستێکی جێگیر.




کێڵگەی کوردەمیر بەپێی نەخشەیەکی 2011ی کۆمپانیای (شاماران)

لە ساڵی 2020وە بۆ ماوەیەك کۆمپانیای ویسترن زاگرۆس لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی تردا دەستیکردەوە بە هەڵکۆڵینی بیرەکان لە کێڵگەی (کوردەمیر)، ئەوکات رۆژنە (750 بۆ هەزار) بەرمیلی رۆژانە وەکو تێست تەنیا لە یەك بیر لەم کێڵگەیە بەرهەمبهێنن، بەڵام دەرچوونی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە ناوەڕاستی شوباتی 2022دا بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوتی غازی هەرێم و دواتر دەرچوونی بڕیاری دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی پاریس لە ئازاری 2023دا کە بووە هۆی راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم بە بۆریی بۆ تورکیا، وا لە کۆمپانیای ویسترن زاگرۆس کرد بەتەواوەتی کارەبانی بۆ بەرهەمهێنانی نەوت لەم کێڵگەیە رابگرێت.

بەڵام ئەم کۆمپانیایە هێشتا دەستی لە خەونەکانی لە کێڵگەی کوردەمیر هەڵنەگرتووە، سەرباری ئەوە نە نەوت و نە غازیشی لەم کێڵگەیە بەرهەم نەهێناوە، بەڵام هێشتا دەستی بە گرێبەستەکەیەوە گرتووەو رۆژی 7ی

کانونی یەکەمی 2023 دوای چەند مانگێك لە راوەستانی هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا لەرێگەی بۆرییەوە، ویسترن زاگرۆس بە فەرمی پەیوەندی لە گروپی پیشەسازی نەوتی کوردستانەوە کرد، گروپێك کە کورتکراوەکەی "ئەپیکور"ەو کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لەخۆدەگرێت، ئامانجی گروپەکە یەکخستنی هەوڵەکانە بەمەبەستی بەرگریکردن لە کارو شایستە داراییەکانیان لە هەرێم، هەروەها فشارکردن بۆ دەستپێکردنەوەی پرۆسەی هەناردەی نەوتی کوردستان بۆ بەندەری جەیهانی تورکیا.

ئێستا بیرە نەوتەکانی کوردەمیر قوفڵیان لێدراوە، بەهۆی زۆری ئاو لە بیرەکاندا، بەڵام بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی (درەو)، بەمدواییە ئیدارەی گشتیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کە دەسەڵاتداری سنورەکەیە پرۆژەیەکی ئامادەکردووە بۆ دەستپێکردنەوەی کارکردن لە کێڵگەی (کوردەمیر)، بەڵام ئەمجارەیان بۆ بەرهەمهێنانی نەوت نییە، بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانی غازو دروستکردنی وێستگەیەکی کارەبا لە ناوچەکە، ئامانج لەم پرۆژەیە بەرهەمهێنانی کارەبایە لە غازی (کوردەمیر) بەمەبەستی فرۆشتنی بە حکومەتی فیدراڵی عێراق.

ئەوانەی ئاگاداری پرۆژە نوێیەکەی ئیدارەی گشتیی یەکێتین باسلەوە دەکەن، بۆ بەرهەمهێنانی غازی کوردەمیر، ئیدارەی گشتیی یەکێتیی هەم لەگەڵ کۆمپانیایەکی ناوخۆیی و هەم لەگەڵ کۆمپانیای ویسترن زاگرۆس قسەی کردووە کە خاوەنی پشکەکانی کێڵگەکەیە، بەڵام دیار نییە لەحاڵی جێبەجێبوونی ئەم پرۆژەیەدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی چۆن دەبێت.

## کوردەمیر لە دادگای لەندەن

کۆمپانیای (دایناستی) کە خاوەنەکەی گەنجێکی کوردی خەڵکی شاری سلێمانی بوو بەناوی (هیوا ئاوات عەلی)، ڕۆژی 14ی ئابی 2019 لە دادگای شاهانەی بەریتانیا لە لەندەن سکاڵایەکی لەسەر ئاشتی هەورامی وەزیری پێشووی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکرد، داوای بڕی (ملیارێك‌و 600 ملیۆن) دۆلار قەرەبوو لە حکومەتی هەرێم دەکرد، بەبەهانەی ئەوەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان زیانی بە کۆمپانیاکەی گەیاندووە.

(دایناستی پترلیۆم) کە کۆمپانیایەکی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان‌و سنورداری بواری نەوت‌و غاز بوو، ڕۆژی 1ی ئازاری 2019 لەچوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا، پشکەکانی کۆمپانیای (ریپسۆڵ)ی ئیسپانی لە دوو کێڵگەی نەوتی هەرێمدا کڕییەوە کە بریتی بوون لە:

- بلۆکی نەوتی (K 39) کە دەکەوێتە کێڵگەی نەوتی (تۆپخانە) لە ڕۆژهەڵاتی ناحیەی قادرکەرەم‌و ناوچەی جەبارە.
- بلۆکی نەوتی (K 44) لە کێڵگەی نەوت‌و غازی (کوردەمیر) کە دەکەوێتە خوارو ناحیەی سەنگاو و باکوری قەزای کەلار.

کۆمپانیای (ریپسۆڵ)ی ئیسپانیی بەرلەوەی پشکەکانی خۆی بە کۆمپانیای (داینا ستی) بفرۆشێت، لە کێڵگەی (تۆپخانە) خاوەنی 60%ی پشکەکان بوو، لە کێڵگەی (کوردەمیر)یش 40%ی پشکەکانی هەبوو.

ئەو دوو بلۆکە نەوتییەکەی کە کۆمپانیا ئیسپانییەکە فرۆشتبووی بە کۆمپانیای (داینا ستی)، پێشتر پشکی کۆمپانیایەکی کەنەدی بوون بەناوی کۆمپانیای (تالیسمان)، واتا کۆمپانیا ئیسپانییەکە پشکی بلۆکە نەوتییانەی لە کۆمپانیایەکی کەنەدی کڕیوەتەوەو دواتر

فرۆشتویەتییەوە بە کۆمپانیای (داینا ستی) کە کۆمپانیایەکی ناوخۆیی بووە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان، ئەوکات یەدەگی نەوت لە هەردوو کێڵگەی (تۆپخانە)و (کوردەمیر) گەیشتوەتە (2 ملیارو 600 ملیۆن) بەرمیل، قەبارەی غازی سروشتیش لەو دوو کێڵگەیەدا بە (7 ترلیۆنو 200 ملیار) پێ سێجا خەملێندراوە، ئاستی وەبەرهێنانی نەوت لە هەردوو کێڵگەکە لە ئایاری 2021دا رۆژانە دەگەیشتە (25 هەزار) بەرمیل، قەبارەی غازی سروشتی بەرهەمهێنراویش لەم کێڵگانەدا رۆژانە دەگاتە (600 ملیۆن) پێ سێجا.

کۆمپانیای (داینا ستی) گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای (ریپسۆڵ)ی ئیسپانیدا کردو پشکەکانی ئەو کۆمپانیایەی لە هەردوو کێڵگەی (تۆپخانە)و (کوردەمیر) کڕیەوە، بەهای گرێبەستەکە بەدیاریکراوی نازانرێت، بەڵام دەوترێت بەهاکەی ملیۆنان دۆلار بووە، بەپێی بەدواداچووکانی (درەو)، ئەوکاتیش کۆمپانیای (دایناستی) زیاتر چاوی لە غازەکەی کوردەمیر بووە.

کۆمپانیای (داینا ستی) بوو بە خاوەنی پشکەکان لەو دوو کێڵگەیە، بەڵام هەرگیز دەستبەکار نەبوو، ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکانی پێشووی حکومەتی هەرێم کاروباری یاسایی گواستنەوەی خاوەندارێتی پشکەکانی لە کۆمپانیا ئیسپانییەکەوە بۆسەر کۆمپانیای (داینا ستی) جێبەجێ نەکرد.

پارێزەرانی کۆمپانیای (دایناستی) سەرباری ئەوەی پێیانوابوو ئاشتی هەورامی یاساو مەرجەکانی گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت پێشێلکردووە، تۆمەتباریشیان دەکرد بەوەی هەڵمەتێکی بەردەوامو نایاسایی ئەنجامداوە بۆ لێدان لەناوبانگی کۆمپانیاکەیانو هەڕەشەکردن لە خاوەنی هەردوو کۆمپانیای (ریپسۆڵ)و (دایناستی)،

که گرێبەستی کڕینو فرۆشتنیان لەنێوان خۆیاندا کردووە، بەهۆی ئەو هەڕەشانەوە دواجار گرێبەستی کڕینو فرۆشتنی پشکەکانی هەردوو بلۆکی (تۆپخانە)و (کوردەمیر) راوەستاوەو سەرباری ئەمە ئاشتی هەورامی تۆمەتبارکراوە بەوەی داوای "بەرتیل"ی لەو دوو کۆمپانیایە کردووە، لەم کەیسەدا ناوی (قوباد تاڵەبانی) جێگری سەرۆکی حکومەتیش دەهات کە هەڕەشەی لە خاوەنی کۆمپانیای (دایناستی) کردووە، ئەم بابەتەش لە چەند میدیایەکی خۆرئاوا بڵاوکرایەوە.

دوای سێ دانیشتنو گوێگرتن لە قسەی پارێزەرانی هەردوولا، دادگای لەندەن رۆژی 23ی نیسانی 2021، بە (54) لاپەڕە حوکمی کۆتایی خۆی لەبارەی ئەو سکاڵایە دەرکرد کە کۆمپانیای (دایناستی پترلیۆم) لەسەر ئاشتی هەورامی وەزیری پێشووی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان تۆماریکرد بوو .

دادوەری دادگای لەندەن کە ناوی (بوچەر)ە، ئەوکات وتی:" حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی بەغدادەوە سەروەری هەیەو دەتوانێت مامەڵە بە نەوتو غازەوە بکات، دادگای فیدراڵی یاخود حکومەتی عێراق دەتوانن ئەوە یەکلابکەنەوە ئایا سەروەریی مامەڵەکردنیان بە نەوتو غازەوە بە هەرێمی کوردستان داوە یاخود نا؟" .

دادوەر رایگەیاند:" ئەمە ئیشی دادگای لەندەن نییە یەکلای بکاتەوە کێ سەروەریی هەیە لەوەی مامەڵە بە نەوتو غازەوە بکات یاخود نەیکات، دەبێت دادگای فیدراڵی عێراق ئەم بابەتە یەکلابکاتەوە"، ئیتر بەمشێوەیە دۆسیەکەی لە دادگای لەندەنەوە رەوانەی عێراق کردەوە.

شوباتی 2022 دادگای باڵای فیدراڵی عێراق یاسای نەوت و غازی هەرێمی هەڵوەشاندەوە، ئەمە چانسێکی گەورە بوو بۆ کۆمپانیای (دایناستی) بۆ ئەوەی لە بەغدادەوە سکاڵایەکی نوێ تۆماربکاتەوە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو مافانەی کە وەکو خۆی بانگەشەی بۆ دەکرد لەلایەن

وەزیری سامانە سروشتییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، بەڵام خاوەنی ئەم کۆمپانیایە تائێستا بێدەنگەو هیچ هەنگاوێکی تری یاسایی هەڵنەگرتووە.

دوای ئەم گرێبەستەو کێشەکانی وایکرد دواجار ئاشتی هەورامی هەردوو کێڵگەی (تۆپخانە)و (کوردەمیر)ی لە کۆمپانیا ئیسپانییەکە وەرگرێتەوەو رادەستی هەردوو کۆمپانیای (روزنەفتی) روسیو (ویسترن زاگرۆس)ی کەنەدی بکات.

## سەرچاوەکان


- سایتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان

https://gov.krd/mnr/publications/%DA%AF%D8%B1%DB%8E%D8%A8%DB%95%D8%B3%D8%AA%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86/

- سایتی گروپی پیشەسازی نەوتی کوردستان "ئەپیکور"

https://www.apikur.uk/about-us/

- جۆر و کوالێتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدان ؟

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10248

- دۆسیەکەی دایناستیو ئاشتی هەورامی گەڕێندرایەوە بۆ عێراق، راپۆرتی (درەو)

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8398


## تێبینی

ئەم ڕاپۆرتە لە ماڵپەڕی (درەو میدیا) لە (2025/1/16) بڵاوکراوەتەوە؛

https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=16270

# گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان

## بەرهەمهێنانی هاوبەش.. ناکۆکی لەگەڵ بەغداد

گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان زۆربەیان لە جۆری بەرهەمهێنانی هاوبەشن ( Production sharing contracts).

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم لە یەکەمین راپۆرتی خۆیدا کە ساڵی تشرینی یەکەمی 2013دا بڵاویکردوەتەوە، بەمجۆرە پێناسەی گرێبەستی (بەرهەمهێنانی هاوبەش)ی کردووە:

"لە پیشەسازی نەوت و غازدا گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش جۆرێکی باون لە گرێبەست، کە لەنێوان حکومەت و کۆمپانیاکانی گەڕان و بەرهەمهێناندا ئیمزا دەکرێن بۆ دیاریکردنی ئەوەی چەنێك بەرهەم دەچێت بۆ هەر لایەك، یەکەمجار گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش لە بۆلیڤیا لە ساڵی 1950کاندا بەکارهێنراون، بەڵام تاڕادەیەك جۆرێکی باو نەبوون تاوەکو ئەمدواییانە، لە ئێستادا ئەم جۆرە لە گرێبەست زاڵە بەسەر رێکەوتنەکانی نەوت و غازدا، بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست. بەپێی رێوشوێنی گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش، کۆمپانیای گەڕان و بەرهەمهێنان ریسکێکی دارایی لە ئەستۆ دەگرێت تا ئەوکاتەی دۆزینەوەی (نەوت یان غاز) بەدی دەهێنێت، ئەگەر دۆزینەوە بەدی نەیەت، هیچ تێچونێك نادرێتەوە بە کۆمپانیای گەڕان و بەرهەمهێنان. بەڵام ئەگەر دۆزینەوە بەدی هات و کێڵگەکە دەستی کرد بە

بەرهەمهێنان، کۆمپانیاکە ڕێی پێدەدرێت پارەی نەوتی بەرهەمهاتوو بەکاربهێنێت بۆ دانەوەی تێچوون و خەرجی چالاکییەکانی، بەمەش دەڵێن "نەوتی تێچوون". ئەو پارەیەی دەمێنێتەوە پێی دەڵێن "نەوتی قازانج"و دابەش دەکرێت لەنێوان حکومەت و کۆمپانیاکەدا، کە لەباری نمونەیدا ڕێژەی 80%ی بۆ حکومەتەو ڕێژەی 20%ی بۆ کۆمپانیاکەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا لەبارەی نمونەییدا ڕێژەی 90%ی بۆ حکومەتە".

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەر لەو سەردەمانەدا کە قسەوباس و ڕەخنەی زۆر هەبوون لە گرێبەستەکانی لە بواری نەوتدا، بەم هێڵکارییە ڕونکردنەوەی زیاتری داوە:




- قازانجی نەوت بە پێی فاکتەری (R) دابەش دەکرێت، کە بریتیە لە (داهاتی کەڵەکەبوو) دابەشی (تێچوونی کەڵەکەبوو). لە باری نموونەییدا، کاتێک فاکتەری (R) دەگاتە 2، واتە کاتێک داهات دووهێندەی تێچوون دەبێت، ئەوا پشکی کۆمپانیاکە لە قازانج کەمتر دەبێتەوە یان قازانج دابەشدەکرێت بە لەسەدا 85/15 لە بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- ئەم هاوکێشەیە لە زۆربەی گرێبەستەکاندا بەکار دەهێنرێت.

وەکو لە هێڵکارییەکەدا دەردەکەوێت، لە گرێبەستی جۆری (بەرهەمهێنانی هاوبەش)دا، سێ سیناریۆ بۆ شایستەی کۆمپانیاکان دیاریکراوە، ئەمە پێی دەوترێت (فاکتەری R).

(مەحمود بابان) کە لێکۆڵەرێکی کوردە لە بواری وزەدا، بە سێ سیناریۆ لێکدانەوە بۆ ئەم خشتەیە دەکات تایبەت بە پشکی کۆمپانیاکان لەچوارچێوەی گرێبەستی جۆری (بەرهەمهێنانی هاوبەش)دا، سیناریۆکان کە وەکو نمونەیەکن:

**سیناریۆی یەکەم:** بەپێی گرێبەستەکانی هاوبەشیکردن لە بەرهەمهێنان PSC و گرێبەستەکانی کێڵگەی نەوتی سەرتا، ئەتروش و هەولێر کاتێک خەرجییەکان زیاترە لە داهاتەکان، ئەوا کۆمپانیاکە رێژەی 32%ی داهاتی نەوت لەدوای لێدەرکردنی رێژەی 10%ی پشکی میری (Royality)هەرێمی کوردستان لە داهاتی نەوتی بەرهەمهێنراو دەبات. لەڕاستیدا ئەم بڕە هەم تێچووی بەرهەمهێنان، پارەی وەبەرهێنراو و قازانجەکانیش دەگرێتەوە، کە زۆربەی لە جۆری یەکەمە.

**سیناریۆی دووەم**: کاتێک داهاتی بەدەستهاتوو دەگاتە دوو هێندەو چارەکی خەرجییەکان، ئەوکات کۆمپانیاکە بە هاوکێشەیەک لەنێوان رێژەی کەمتر لە 32% و زیاتر لە 14%دا لە داهاتی نەوتی بەرهەمهێنراو دەبات. بەهەمان شێوەی سیناریۆی یەکەم، دەتوانێن بڵێین لەم قۆناخەدا تێچووی بەرهەمهێنان و پارەی وەبەرهێنراو دەگرێتەوە.

**سیناریۆی سێیەم**: کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان لەدوای زیادبوونی داهات لە خەرجییەکان، بەشێوەیەک کەوا داهاتەکان سەروو دوو هێندەو چارەکی خەرجییەکان بێت، ئەوا کۆمپانیاکە رێژەی 14% وەردەگرێت بۆ تێچووی بەرهەمهێنان، پارەی

وەبەرهێنراو و قازانجەکانیان، کە دەتوانین بڵێین لەم قۆناخەدا زیاتر تێچووی بەرهەمهێنان و قازانج وەردەگرێتەوە .

ئاشتی هەورامی یەکەم وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان کە ئەندازیاری ئەم جۆرە لە گرێبەست بوو لە کوردستان، کۆتاییەکانی 2014 لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (تەلەگراف)ی بەریتانی، کاتێك بەراوردکاریی کرد لەگەڵ جۆری گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم و عێراقدا؛ وتی:" حکومەتی عێراق کار بە جۆرە گرێبەستێک دەکات کە تەنیا لە ئێران و ڤەنزۆێلا کاری پێدەکرێت، لەکاتێکدا ئێمە کار بە مۆدێلێک لە گرێبەست دەکەین کە لە دەریای باکور کاری پێدەکرێت، بەشێوەیەك لەو گرێبەستانەدا ریسک و خەڵات لە نێوان حکومەت و کۆمپانیا نەوتییەکان هاوبەش دەکرێت".

ئەم شێوازە لە گریبەستی نەوت، راستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە ئیمزا کراوەو پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرایەتی خەڵك دەکات بە دەنگ و رەنگە جیاوازەکانەوە، ئاگاداری گرێبەستەکان نەبووە.

رۆژی 13ی تشرینی یەکەمی 2017 بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆک وەزیرانی پێشووتری حکومەتی هەرێم لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی (NRT) باسی لەوەکرد، تا ئەو کاتەی کە ئەو سەرۆک وەزیران بووە واتا (لە ئەیلولی 2009وە بۆ نیسانی 2012) بەگشتیی (42) گرێبەستی هاوبەشکردنی بەرهەم لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوتدا واژوو کراون و لەلایەن ئەوەوە لەبەردەم پارلەمانی کوردستاندا ئاشکراکراون بۆ ئەوەی پەسەندیان بکات.

ئەم قسانەی بەرهەم ئەحمەدساڵح، وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی ناچارکرد لە رۆژی 17ی تشرینی یەکەمی 2017دا روونکردنەوەیەك بڵاوبکاتەوە.

لەم روونکردنەوەدا، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان رایگەیاند"

بەپێی یاسای نەوت و گازی ساڵی 2007ی پارلەمانی کوردستان، گرێبەستەکانی نەوت و گاز، پێویست بە پەسەندکردنیان ناکات لەلایەن پارلەمانەوە. لەبەر ئەوەش لە راستیدا گرێبەستەکانی نەوت و گاز کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە واژووکراون لەلایەن پارلەمانەوە پەسەند نەکراون و پێویست بە پەسەندکردنیشیان ناکات. بەپێی یاسای کوردستان، ئەنجومەنی هەرێمی کاروباری نەوت و گاز ئەرکی پەسەندکردنی گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم و گرێبەستەکانی دیکەی نەوت و گازی لە ئەستۆدایە کە پێکهاتووە لە سەرۆک وەزیران و جێگری سەرۆک  وەزیران و وەزیری پلاندانان و دارایی و سامانە سروشتییەکان".

بەڵام بەپێی قسەی وەزارەت، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر دەستپێشخەری خودی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و بەپاڵپشتی دکتۆر بەرهەم، گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەم لەبەردەم لیژنەی نەوت و گازی پارلەمانی کوردستان خراونەتەڕوو بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەو شرۆڤەی خۆیان هەبێت.

هەر لەو چاوپێکەوتنەدا بوو کە  دکتۆر بەرهەم وتبووی: ئەو کاتەی کە من سەرۆک وەزیران بووم شیرینی گرێبەستە نەوتییەکان بە شەفافی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەکارهێنراوە.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەوەڵامی ئەمەشدا باسی لە تەرخانکردنی زیاتر لە 130 ملیۆن دۆلار کردبوو لە پارەی شیرینی نەوت لەلایەن دکتۆر بەرهەمەوە بۆ زانکۆی ئەمریکی سلێمانی و ئاماژەی بەوەکردبوو" دکتۆر بەرهەم دەزانێت هەموو پارەی شیرینی گرێبەستەکان چۆن خەرجکراوە، هەروەها ئاگادارە ئەو پارەیە کە بۆ زانکۆی ئەمریکی سلێمانی تەرخانکراوە لەگەڵ ئەو پارانەی دیکە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە خەرجکران ، پرۆسەی چاودێری دارایی سەربەخۆی ئیستای داهاتە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیانگرێتەوە" .

شیرینی نەوت بریتییە لەو پارەی کە حکومەتی هەرێم وەکو پێشەکی فرۆشتنی نەوت لە کۆمپانیاو وڵاتان وەریگرتووە، ئەمەش یەکێکی ترە لە مەلەفە ناشەفافەکانی نەوت لە کوردستان، تێکڕای پارەی شیرینی نەوت لەو ساڵانەی کە نەوت فرۆشراوە بە بڕی نزیکەی (6 ملیار) دۆلار ئەژمار دەکرێت، ئەم پارەیە دەبوو لەچوارچێوەی خشتەیەکدا لە ژمارەیەك پرۆژەدا لە سەرەتاسەری هەرێمی کوردستان خەرج بکرێت، بەڵام بەشی زۆری ئەو پرۆژانە جێبەجێ نەکران و هیچ وردبینییەکی سەربەخۆش نییە لەبارەی چۆنیەتی خەرجکردنی پارەکە.



ئەیلولی 2011، بڕیاری دانانی گرێبەستە نەوتییەکان لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت

## دادگای فیدراڵی و گرێبەستەکان

رۆژی 15ی شوباتی 2022، دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بەدەنگی زۆرینەو لەسەر بنەمای دوو سکاڵا کە یەکێکیان سکاڵای وەزارەتی نەوتی عێراق بوو لە ساڵی 2012 تۆماریکردبوو، بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەوت و غازی هەرێم.

لێرەوە ئیتر گەڕێکی نوێی ناکۆکی لەنێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق لەلایەك و حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا بیانییەکان لە لایەکی تر سەریهەڵدا، بەشێکی کێشەکە پەیوەندی بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەبوو.

دادگای فیدراڵی بڕیاریدا بە:

- نادەستوریبوونی یاسای نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ژمارە 22ی ساڵی 2007و هەڵوەشاندنەوەی.
- پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بە رادەستکردنی سەرجەم بەرهەمە نەوتییەکان بە حکومەتی فیدراڵی و بەهێزکردنی دەسەڵاتی فیدراڵی لە گەڕان و دەرهێنان و هەناردەکردن و فرۆشتن.
- داواکار (مەبەستی وەزارەتی نەوتی فیدراڵە) مافی ئەوەی هەیە بەدواداچوون بۆ پوچەڵی گرێبەستە نەوتییەکان لەگەڵ لایەنی دەرەکی (وڵاتان و کۆمپانیاکان) بکات.
- پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق و دیوانی چاودێری دارایی بتوانن پێداچوونەوە بکەن بەو گرێبەستە نەوتییانەی کە حکومەتی هەرێم ئەنجامیداوە سەبارەت بە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت بەمەبەستی

وردبینیکردنیان و دیاریکردنی پشکی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی و دوانەخستنی، داوای جێبەجێکردنی هەموو بڕگەکانی ئەم بڕیارە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە.

لەبەر رۆشنایی ئەم بڕیارەدا، لە سەرەتاکانی ئازاری 2022ەوە ئیتر (ئیحسان عەبدولجەبار) وەزیری پێشووی نەوتی عێراق، فشارەکانی لەسەر حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێم چڕکردەوە، بەمشێوەیە:

- رۆژی 5ی ئازاری 2022 وەزیری نەوت بە نوسراوێك داوای لە حکومەتی هەرێم کرد رپێدراوی خۆی دیاری بکات بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی 15ی شوباتی 2022ی دادگای فیدراڵی.
- رۆژی 24ی شوباتی 2022 وەزیری نەوتی عێراق نوسراوێکی تری (نهێنی) ئاڕاستەی حکومەتی هەرێم کردو تێیدا زنجیرەیەك داواکاری تری خستە بەردەم حکومەتی هەرێم، کە ئەمانە بوون:
- لەماوەی (15) رۆژدا کۆپییەک لە هەموو ئەو گرێبەستانە رادەستی وەزارەتی نەوتی عێراق بکات کە لەساڵی 2004ەوە لە بواری نەوت و غازدا لەگەڵ کۆمپانیاکانی بواری (دۆزینەوە، بەرهەمهێنان، گواستنەوە، فرۆشتن، هەناردە)ی نەوتدا کردویەتی، لەگەڵ تۆماری داهاتی فرۆش و هەناردەی نەوتی خاو و غاز، ئەمە بەمەبەستی:
- تەماشاکردنیان لەلایەن تیمێکی پسپۆڕو راوێژکارانی وەزارەی نەوتی عێراقەوە بە ئامادەبوونی نوێنەری رێگەپێدراوی حکومەتی هەرێم.

- گونجاندنی گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان و هەموارکردنیان بەپێی یاسای بەرکاری عێراق و بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراق.
- پێشکەشکردنی داواکارییەک بە ئەنجومەنی وەزیران بۆ دروستکردنی کۆمپانیایەکی نەوتی، دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی سەرجەم چالاکییە نەوتی و غازییەکانی لەو کێڵگانەدا پێبدرێت کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گرێبەستیان بۆ کراوە، ئەرک و ئامانج و سیاسەتی ئەم کۆمپانیایە ئەمانە دەبن:
- سەرجەم ماف و پابەندییەکانی ئەو رێککەوتن و گرێبەستانەی پێشتر حکومەتی هەرێم کردویەتی، دەگوازێتەوە بۆسەر ناوی خۆی.
- بەدیهێنانی سەرمایەگوزاری زیاتر لە سامانی نەوتدا لەڕێگەی: کەمکردنەوەی خەرجی وەبەرهێنان، بەڕێوەبردنی باشتری کێڵگەکانی نەوت و غازو زیادکردنی داهاتی هەناردەکردن.
- وەزارەتی نەوتی عێراق پێشنیاز دەکات ئەو کۆمپانیایەی کە دۆسیەی نەوت و غازی هەرێم بەڕێوە دەبات ناوی لێبنرێت (KROC )و بکەوێتە ژێر چاودێری دیوانی چاودێری دارایی عێراق و کۆمپانیاکە لەلایەن حکومەتی فیدڕاڵییەوە خاوەندارێتی بکرێت و بارەگا سەرەکییەکەی لە هەولێر بێت.
- فەرمانبەرێکی پسپۆڕ کە پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت دابنرێت بۆ هەماهەنگیی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندیی عێراق بەمەبەستی کردنەوەی حسابێک لە یەکێک لە بانکە نێودەوڵەتییە متمانەپێکراوەکان، هەموو داهاتی هەناردەو فرۆشی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان بخرێتە ئەم حساب بانکییە.. لەسەر

بنەمای پشکی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق پارەی لێبدرێت، هەروەها بەگوێرەی رێکخستنێک لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق بەمەرجێک ئەمە لەماوەی (45) رۆژدا لە رێکەوتی دەرچوونی ئەم نوسراوەوە بکرێت ( بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران).

- هەموو ئەم رێوشوێنانەی لەم نوسراوەدا هاتووە وەکو سیاسەتێکی نوێیە بۆ ئایندەو هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان پەبەندبونیان دەکەوێتە ئەستۆ.

وەکو لە کرۆکی نوسراوەکانی وەزیری نەوتدا دەردەکەوێت، جەخت لەسەر هەموارکردنەوەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کراوەو ئەم رێوشوێنانەی وەزیری نەوتی عێراق لە مانگی ئایاری 2022دا پەرەسەندنێکی نوێی بەخۆوە بینی، ئەمەش کاتێك کە وەزارەتی نەوتی لەڕێگەی کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بواری پارێزەرایەتییەوە داوای لە کۆمپانیا نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان کرد گرێبەستی کارکردنی خۆیان لەگەڵ کۆمپانیای (سۆمۆ) نوێ بکەنەوە، ئەگەر ئەمە نەکەن، حکومەتی عێراق رێوشوێنی یاسایی تر لە دژیان دەگرێتەبەر.

ئەوکات ئاژانسی هەواڵی (رۆیتەرز) ئاشکرایکرد، وەزارەتی نەوتی عێراق کۆمپانیایەکی بواری پارێزەرایەتی نێودەوڵەتی داناوە بەناوی کۆمپانیای (کلیری جوتلیب ستین ئەند هاملتون) بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی بواری نەوتو غاز کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، ئەمە بۆ ئەوەیە کۆمپانیاکان کارەکانیان بەجۆرێك رێکبخەنەوە کە لەگەڵ یاسای کارپێکراوی عێراقدا گونجاو بێت .

ئەم ڕێوشوێنانەی وەزارەتی نەوت لەو سەردەمەدا، لەکاتێکدا بوو کە مەسرور بارزانی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری 15ی شوباتی 2022ی دادگای فیدراڵی بۆ ڕادەستکردنی نەوتو غاز ڕەتدەکردەوەو بە بڕیارێکی سیاسی ناوی دەبرد، کۆمپانیا بیانییەکانیش بەبێ هەماهەنگیی لەگەڵ حکومەتی هەرێم هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ وەزارەتی نەوتی عێراقدا نەکرد، بەتایبەتیش لەکاتێکدا کۆمپانیاکان لە بنەڕەتەوە دژی ئەوە بوون دەستکاری گرێبەستەکانیان بکرێت.

ئەمە دژایەتییە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لەلایەن حکومەتی هەرێم و کۆمپانیا بیانییەکانەوە، وایکرد لە ئایاری 2022دا وەزارەتی نەوت سکاڵایەکی یاسایی تر بۆ دادگای (کەرخ) بەرزبکاتەوەو تێیدا داوای هەڵوەشاندنەوە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم بکات.

دادگای کەرخ لە تەموزو تشرینی یەکەمی 2022دا بڕیاری خۆی دەرکرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی (7) کۆمپانیا، بەڵام لەبارەی دۆسیەی کۆمپانیاکانی (داناغاز)و (گازپرۆم) بڕیاری نەدا.

ئەمە وایکرد، لەلایەکەوە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تانەی دا لە بڕیارەکەی دادگای (کەرخ)، لەلایەکی ترو لەسەر ئاستی سیاسیش مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە تەموزی 2022دا نامەیەکی بۆ جۆ بایدنی سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا نوسێ و داوای لێکرد فشارەکانی بەغداد لەسەر نەوتی هەرێمی کوردستان ڕابگرێت.

لە عێراق لە بواری نەوتدا زیاتر کار بە گرێبەستی جۆری (خزمەتگوزاریی) دەکرێت، بەمدواییانەش چەند گرێبەستێك لە جۆری (هاوبەشی لە قازانج)دا ئیمزا کراون، ئەوکات و تائیستاش حکومەتی

فیدراڵی عێراق پێیوایە دەبێت گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم کە لە جۆری (هاوبەشی لە بەرهەم)دان، هەڵبوەشێندرێنەوەو هاوتا بکرێن لەگەڵ گریبەستەکان لە باشورو ناوەڕاستی عێراق.

ناکۆکی هەردوو حکومەتی بەغدادو هەولێر لەبارەی دەستکاریکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستانەوە تاوەکو کۆتاییەکانی 2023 بەردەوام بوو.

رۆژی 8ی تشرینی دووەمی 2023 نوێنەری کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوتی هەرێم لە (دوبە)ی لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی نەوتی عێراق کۆبووەوە، لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمپانیاکان داوای قەرزەکانیان لە حکومەتی هەرێم کردەوە، مەترسی خۆیان نیشاندا لە دەستکاریکردنی گرێبەستەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم، پێشنیازی ئەوەیان کرد پشکی خۆیان لە نەوتی هەرێم بە وەزارەتی نەوتی عێراق بفرۆشن، حکومەتی فیدراڵ پێشنیاری کڕینی نەوتی کۆمپانیاکانی قبوڵ نەکرد.

رۆژی 16ی تشرینی دووەمی 2023، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کە نوێنەرایەتی کۆمپانیا بیانییەکانی کەرتی نەوت و غازی هەرێم دەکات و بە "ئەپیکور" ناسراوە، راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تێیدا هۆشداریدا لە پەنابردن بۆ دادگای لەندەن لە حاڵی دەستکاریکردنی گرێبەستەکانی کوردستان و رایگەیاند" گرێبەستەکانی هاوبەشکردنی بەرهەمهێنان (PSCs) هێشتا بەرکارن‌و بە یاسای ئینگلیزی بەڕێوەدەبرێن، چارەسەری ناکۆکییەکان لەبارەی گرێبەستەکانەوە لەرێگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتییەوە دەبێت لە دادگای ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لەندەن".

کۆتاییەکانی ساڵی رابردوو، کاتێك هەردوو حکومەتی بەغدادو هەولێر لەسەر هەمواری ماددەی تایبەت بە نرخی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت لە هەرێمی کوردستان ریککەوتبوون، لە رۆژی 18ی کانونی یەکەمی 2024دا دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرخی بەغداد، سکاڵایەکی وەزارەتی نەوتی عێراقی بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانی رەتکردوەتەوە.

سکاڵاکە لە دژی (9) کۆمپانیای نەوتی بیانی کەرتی نەوتی هەرێم تۆمار کرابوو کە بریتین لە (ئەداکس، دانا گاز، دی ئێن ئۆ، گازپرۆم نەفت، جێنێل ئینێرجی، گالف کیستۆن، ئێچ کەی ئێن ئینێرجی، شاماران، وێستەرن زاگرۆس).

دادگای کەرخ لە بڕیارەکەیدا ئاماژەی بەوەکردووە، تەنانەت ئەگەر گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان پشتی بەو بنەما یاساییانەش بەستبێت کە دادگای باڵای فیدراڵی عێراق لە شوباتی 2022دا بە نادەستوریی ناوی بردووە، هێشتا ئەو گرێبەستانە بە "دروست" ئەژمار دەکرێن.

